# دەست پیکردنیك

کیشمەکیش و ناکوکی‌یەکی سیاسی کە چەند سالە بەشیوەی جواروجور لە نیوان حزبی کومونیستی کریکاری و یەکیتی نیشتمانی‌دا دریژەی هەیە، بۆ دواجار یەکیتی نیشتمانی گەیاندی‌یە ریگای چەکداری و لە روژی ٢٠٠٠/٧/١٤دا هیرشی سەربازانەی کردە سەر مقەرو ئیزگەی حیزب و روژی ٧/٢١ یش هیرشەکانی دریژە پیّ دا بو سەر ئوفیسەکانی ریکخراوی سەربەخوی ئافرەتان و سەنتەری پاریزگاری لە ژنان و ریکخراوە جەماوەری یەکانی تر. ناوەروکی ئەم کتیبە کە بەلگەنامەی ئەم هەل و مەرجە دیارکراوەی خەباتی سیاسی‌یە لە کوردستان، لە هەموو شاهیدیك زیاتر حەقیانیەت وبەرحەق بونی سیاسەت وخواست وداواکانی حیزبی کومونیستی کریکاری عیراق دەسەلمینی، بۆ چارەسەری هەلو مەرجی سیاسی ئیستای کوردستان و بو وەلام دانەوە بە خواست وئامانجەکانی خەلکی نارازی کوردستان، کریکاران، ژنان، لاوان، بزووتنەوەی سکولاری نیو کومەڵ ودەستفروشان وباقی تویژو بزووتنەوە نارازی‌یەکانی کومەلگای کوردستان.

هیرشی چەکداری دژ بە حیزبی ئیمە تەنها هیرشیك نەبوو بکریتە سەر هەر حیزبیکی تر، لە کوردستان چەند جار شەری نیوان ئەحزاب بوەو ویەکیتی نیشتمانی کوردستان هیچ حزبیك نەماوە شەری لەگەڵ نەکات وپەلاماری نەدا، بەڵام هیچ جاریك بەوینەی ئەم پەلامارە، یەکیتی تیایدا ریسوا نەبوە، ونەفرەتی لی نەکراوە، نەبوتە جیگای لومەت و ئیدانە نەکراوە. هیرش بوسەر حیزبی کومونیستی کریکاری هیرشیکی گەورەتر وفراوانتر بوو بوسەر تەواوی رەوتی پیشکەوتوخوازو سکولاری نیو کومەل، هیرشیك بوسەر ماف وخواست وئامانجەکانی کریکاران، داوا و مافەکانی بزووتنەوەی ژنان و مافە مەدەنی وکومەلایەتی وسیاسی‌یەکانی خەلگی کوردستان. یەکیتی نیشتمانی ویستی بە پەلاماردانی ئەم حزبە زەربەیەکی گەورە لە بزووتنەوەی نارەزایەتی نیو کومەڵ بدات، بەلام خەیالی خاوە، ئەم کارە پشتی دەدات لە زەوی، ئەگەر ئەو توانی دووسیّ خانوو دابخات، ئەوا ئەم کیشمە کیشە کومەلایەتی‌یە هیشتا سەرەتایەتی و کاروانی خەباتی ئیمەش روژ بە روژ ئاسوّدارترو رووناکتر دەبیتەوە، یەکیتی نیشتمانی ناتوانی هاوار و دەنگی نارازی ژنان ببەستی، ناتوانی پیش بگری بە نارەزایەتی کریکاران وخەلکی زەحمەتکیش، ناتوانی هەموو قەلەمە پیشکەوتوەکان بشکینی و.... ئیمە سەر بەم رەوتەین، لەپیشەوەی ئەم خەباتەدا دەوەستین.

یەکیتی نیشتمانی لە مانگی شوباتی ئەمسالەوە بە توندی دەستی کرد بەهیرشی هەمەلایەنە بوسەر حزب ولە سەرەتاوە ویستی وەك هیزیکی شاری وبەقانونەوە بیتە ئەم مەیدانە ودەعوانامەی ریسوایی خوی بلاوکردەوەو حزبی دا بە داداگا (پاشکوی ژمارە ١) وهاوری‌یانی ئیمەی لە زینداندا توند کرد، لەم هیرشەدا یەکیتی زور تیایدا بیّ ئابرو بوو وە ئیعتباری سیاسی و کومەلایەتی هاتە خوارەوە، لەئەنجامی ناکام مانەوەی ئەم هەوڵەی ناچار بوو ریگای تەموز بگریتە بەر.

بەلگەنامەیەك کە لەبەردەستی خوینەرانی ئازیزدایە گوشەیەکە، لە نارەزایەتی‌یەکانی خەلکی کوردستان، حزب و لایەنە سیاسی ونیونەتەوەیی‌یەکان لە دەرەوە، کەسایەتی سیاسی و روشنبیری لە ناوەوە و دەرەوە، ئەم بەلگەنامەیە، بەلگەنامەیەکە بو دادگایی کردنی سەرانی یەکیتی نیشتمانی کوردستان لە هەر وولاتیکی مودیرن و نورمالدا، بەڵام لەکوردستاندا کە یاسا نی‌یە دەستور نی‌یە بەمانا باوو جیهانی‌یەکەی، تاوانباران دەبنە حاکم وبەحوکمی چەك حوکمرانی دەکەن.

لە کوتایی ئەم کورتەیەدا، پیویستە ئیشارەتیك بدەم بە هاوکاری جددی کۆماری ئیسلامی ئیران لەگەڵ یەکیتی نیشتمانی دا بۆ دارِشتنی ئەم پیلانە.

لەروژی ٢٠٠٠/٨/١روژنامەی کیهان زمان حالی توندرەوەکانی ئیران نووسینێك بڵاودەکاتەوە لە پەیوەند بەم هیرشانەی مانگی تموزدا، لە دوابەشی ئەم نوسراوەیەدا وەك پاشکۆ هێناومانەتەوە (پاشکو ژمارە٢).

ئەم کتیبە لەسیّ بەش پێکهاتوە، بەشی یەکەمیان، بەناو راگەیاندنەکانی حیزبی کومونیستی کریکاری عیراقە لە پەیوەند بەم هیرشانەوە کە بە ناچار توانیم بەشیکی کەمی لی بلاوبکەمەوە لەبەر زوری وفراوانی بەیان وراگەیاندنەکان لە پەیوەند بەم هیرشانەوە کە ژمارەیان لە ١٠٠ دانە تیپەر دەکات. بەشی دووەمیان، نارەزایەتی کەسایەتی وئەحزاب و لایەنە نیونەتەوەیی‌یەکان دەگریتە خو کە بەپی‌ی توانا هەوڵم داوە جیگای چەندایەتی‌یەکی بەرچاویان بکەمەوە، ئەوانەی کە بەتەواویش لەم کتیبەدا نەهاتوە، تەنها بەهینانی ناوەکانیان ئیکتفام کردوە، بەشی سێهەمی، نارەزایەتی خوپیشاندانەکانی ریکخراوەکانی حزب و خەلکی ئازادیخوازە، دیارە لەپشت هەر نامەیەکی نارەزایەتی وهەر خوپیشاندان وهەر سەردانی وەفدیك کۆڵیك لە هەلسورانی سیاسی عملی کراون بو جیّ بەجی کردنیان بویە ئەم کتیبە بە ناچار دەتوانریت ناوبنریت گوشەیەك لەنارەزایەتی وخەباتمان، بۆ ئاگاداری زیاتری خوینەران لە کوتایی‌دا راگەیاندنە روژنامەگەریەکانی کومیتەی دەرەوە دەهینمەوە ( پاشکوکانی ٣،٤، ٥، ٦ و٧).

خاڵیکی تر کە پیویستە ئیشارەی پی بدەم ئەوەیە ئیمە بەردەوامین وهیشتا سەرەتایە، لەم بارەشەوە، دیسان ئەم کتیبە گوشەیەکە لە هەول وهەلسووران وخەبات دژ بەم هیرشانە.

**جەمال صالح**

٢٠٠٠/٩/١٥

### ڕوونکردنەوەی کۆمیتەی سلیمانی حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی عێراق،

## سەبارەت بە لێدوانی سەرۆکی شارەوانی سلێمانی بۆ بردنە دەرەوەی بارەگای حیزبەکان!

لە چاوپێکەوتنێکی کەناڵی تەلەفزیۆنی یەکێتی نیشتمانی کوردستان لەگەڵ سەرۆکی شارەوانی سلێمانیدا لەشەوی ٢٤-٢٠٠٠/٦/٢٥ سەرۆکی شارەوانی ئەوەی ڕاگەیاند کە ئەنجومەنی شارەوانی بڕیارێکی دەرکردووە بۆ چوونە دەرەوەی بارەگای حیزبە سیاسی‌یەکان لەناو شار، لەناو قسەکانیدا ئیشارەی بەوە کرد کە بڕیارەکە سەرەتا ئەو حیزبانە دەگرێتەوە کە خەڵك نارەزایەتی‌یان هەیە بەرامبەریان‌و ماوەی ١٠ ڕۆژی دیاری کرد بۆ جێبەجێکردنی ئەم بڕیارە لەلایەن ئەو حیزبانەوە !

لەقسەوباسەکانی سەرۆکی شارەوانی سلێمانیدا ئەوە ڕۆشن نەبوو کە مەبەستی نەهێشتنی دیاردەی چەکداری‌یە لەناو شاردا یان داخستنی بارەگای حیزبەکانە لەناو شاردا، کەئەمەیان ئیتر بە ئاشکرا پێشێلکردنی ئازادی سیاسی‌یەوەو نەبۆ ئێمە ونە بۆ خەڵك جێگەی قبوڵ وجێبەجێکردنە، بەڵام ئەگەر قسە لەسەر نەهێشتنی دیاردەی چەکداری‌یە لەناو شارەکاندا، ئەوە هەمیشە ئێمە یەکەم هێزو لایەنی سیاسی بووین کە دیفاعمان لە ئارامی‌و ئاسایشی ژیانی خەڵك کردووەو دژی دیاردەی چەکداری ناو شارەکان‌و تیرۆرو تەقاندنەوەو هەڵسووڕانی باندو تاقمە تیرۆریستەکان بووین کە ژیان‌و ئاسایشی خەڵکیان تێك داوە، ئێستاش پێ لەسەر ئەوە دادەگرین کە دیاردەی چەکداری شارەکان لەبارەگای سەربازی‌و دیاردەی چەکداری پاك بکرێتەوە. دەبێ هەموو ئەو بنکەو هێلانانەی تیرۆر، رفاندن، توندوتیژی نواندن بەرامبەر بە ژنان، منالان‌و... تێك بدرێت‌و خەڵکی شارەکانی کوردستان لەژێر سایەی یاساو دەسەڵاتی مەدەنی‌داو دوور لە ترس‌و سێبەری تۆقاندن‌و چەك‌و هەڕەشەی ئەحزاب‌و باندی تیرۆریستی‌و دەزگای سەرکوتگەرو داپڵۆسێنەردا ژیانێکی ئارام و ئاسوودە بەسەربەرن لەسەر شەقام‌و جادەکان دەست فرۆشان‌و زەحمەتکێشان دارکاری نەکرێن‌و کەل‌و پەلەکانیان تێك‌و پێك نەدرێ! بۆ جی ٚبەجێ بوونی ئەمە دەبێ سەرەتا بنکەو بارەگای ئەو هێزو لایەنانە لەشار بچنە دەرەوە کە کەش و هەوای شارەکانیان سەربازی‌و میلیتاریزە کردووەو خەڵکیان هەراسان‌و ناڕەحەت کردووەو بەچەندین زمان‌و شێوەی جۆراوجۆر خەڵك ناڕەزایەتی بەرامبەر نواندوون! هەڵبەتە ئەوە ڕۆشنە بۆ خەڵك کە کام هێزو لایەن ئەم کەش‌و هەوایەیان پێك هێناوە. لەهەر کۆڵان‌و گەڕەکێکی شار، بارەگای جۆراوجۆری حیزبی دەسەڵاتدار دەبینرێ، ماڵی بەرپرسە حیزبی‌یەکان دەبینرێ کە هەر یەکەیان بەقەدەر بارەگای حیزبێك، چەکداریان لەبەردەمدا ڕاگیراوە. سەربازگەی ڕاهێنان‌و بارەگای جۆراوجۆری چەکداری‌و تیرۆریستی تاقم‌و دەستەی ئیسلامی لەناو جەرگەی شاردا دەبینرێ‌و.. لەناو شاری سلێمانیدا بنکەی دەزگای جاسوسی‌یەکانی اطلاعاتی ئێران‌و دەستەو تاقمی بەکرێگیراوی ڕژێمی ئێران‌و تورکیا دەبینرێن کە بوونەتە مایەی ئاژاوەو پشێویی بۆ خەڵك‌و بۆ هەڵسوڕاوانی لایەنە سیاسی‌یەکان. سەرباری ئەمانە دیاردەی لێدان‌و سوکایەتی پێ کردنی دەستفرۆشان‌و زەحمەتکێشانی بێ خانەو لانە دەبینرێ لەلایەن پۆلیس و مەفرەزەکانی شارەوانی سلێمانی‌یەوە. کە هەموو ئەمانە دیاردەی دزێوە و جێگەی ڕەخنە و نیگەرانی و ناڕەزایەتی خەڵکن. ئەگەر شارەوانی سلێمانی بەتەنگ داواکاری و خواستەکانی خەڵکەوەیە، با دوا لە حیزبەکەی خۆی‌و دەزگا ئیداری‌یەکانی بکات کە هێزە چەکداری‌یەکانیان بەرنە دەرەوەی شارو ڕێز بۆ حورمەتی زەحمەتکێشان دابنێن و دەست بەرداری دارکاری و لێدان و ئیهانە پێکردنیان بن! بنکەو سەربازگەکانی تاقمە ئیسلامی‌یەکان لەناو شارداو لە شوێنی ژیانی خەڵك دوور بخەنەوەو بنکەو هێلانەی تیرۆریستان‌و دەزگا جاسوسی‌یەکانی وڵاتانی ناوچەکە تێك بدەن‌و بەم جۆرە هەنگاوی جدی‌و دڵسۆزانە بنێن بۆ دەستەبەرکردنی ئارامی‌و ئاسایش بۆ خەڵك‌و کۆتایی بە دیاردەی چەکداری نێو شارەکان بهێنرێ!

حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی عێراق، بەهیچ جۆرێك بەشدارنی‌یە لە چەکدارکردن و میلیتاریزەکردنی کەش‌و هەوای شارەکاندا و هێزێکی اصلی و جدی‌یە بۆ دامەزراندنی یاساو قەوانینی مەدەنی و کۆمەڵگەی مەدەنی لە کوردستاندا، ئەوە دووپات دەکاتەوە کە بۆ ئەوەی شارەکان بەتەواو لە دیاردەی چەکداری دابماڵرێ‌و ئاسایشی‌و هێمنی‌و ئاسوودەیی بۆ خەڵك دەستەبەربکرێ‌و هاوکات حیزبەکانیش لە کەش‌و هەوایەکی ئازادی‌و سیاسی‌داو لەهەل‌ومەرجێکی ئەمنی گونجاودا هەڵسوڕانی سیاسی خۆیان بکەن، دەبێ یەکەم هەنگاو ئەحزابی میلیشیایی‌و چەکدار بچنە دەرەوەی شارەکان‌و ئەوکات دەکرێ هەموو حیزبەکان تەنها بارەگای سیاسی‌یان لەناو شارەکاندا هەبێت و لەناو جەماوەردا کارو چالاکی سیاسی خۆیان ئەنجام بدەن!

**کۆمیتەی سلێمانی**

**حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی عێراق**

٢٠٠٠/٦/٢٥

## هێرشی چەکدارانەی یەکێتی نیشتمانی بۆ سەر بارەگاکانی حزبمان،
## لەشکست و هەڵەیەکی مێژوویی تر هیچی تری بۆ یەکێتی بەداوە نابێت!

کریکاران زەحمەتکێشان!

جەماوەری ئازادی خوازی کوردستان!

یەکیتی نیشتمانی کوردستان لەدرێژەی پیلانگێری‌یەکانی چەند مانگی رابردودا بۆسەر حزبی کۆمۆنیستی کریکاری عیراق و بەرەی رادیکال و ئازادی خوازی کۆمەڵگا، سەر لەبەیانی دوێنێ ٢٠٠٠/٧/١٤ هێزەکانی ئاسایش و پۆلیسیان کەوتنە ئابلوقەدانی چەند بارەگایەکی حزبمان لەشاری سلێمانی و هاوکات تەقەکردن لەسەیارەی سەنتەری پارێزگاری ژنان لەکوردستان و کوشتنی سەر نیشینەکانی، سەر لەئێوارەی هەمان رۆژ کەوتنە هێرش بردنە سەر بارەگاکانی حزبمان و تێکهەلچونێك رویدا، کە لەئاکامدا بەداخەوە ژمارەیەك لەهاورێیانی حزبمان گیانیان لەدەستدا بەم ناوانە (عبدالباسط موحسن ئەندامی سکرتاریەتی کۆمیتەی رابەری کە لەکاتی هاتنی بۆ بارەگای کۆمیتەی رابەری بەدیل دەگیرێت و گولە باران دەکرێت، هاورێ لەتیف، هاوکار محەمەد، محەمەد مستەفا، ئومێد نیکبین، سادق نیکبین لەهێزی عسکری حزب). هەروەها هێزکانی ئاسایش و پۆلیسی یەکیتی بەوەوە نەوەستان و هەمان شەو بەعس ئاسا هەڵیان کوتایە سەر ماڵی کادێرو ئەندامانی حزبمان و ژمارەیەکیان لێ‌دەستگیر کردن.

ئەم هەنگاوەی یەکیتی نیشتمانی کوردستان بۆ سەر حزبی ئێمە و تەواوی بەرەی رادیکال و کۆمەڵگا، لەدرێژەی ئەو پیلانگێریانەدایە کەچەند مانگ لەمەوبەر لەژێر ناوی ئەوەی کەحزبی کۆمۆنیستی کریکاری عێراق خواستی یەکسانی ژن و پیاو، و بەرپاکردنی رفراندۆم و جیابونەوەی کوردستانی بەدەستەوە گرتووە ودیفاع لەئاوارە عەرەب زمانەکان و مافە فەردی و مەدەنی‌یەکانی خەلك دەکات، هیستریا گرتی و کەوتنە پێرش بۆ سەر( کۆمەڵەی گشتی ئاوارەکان) و دەستگیر کردنی سێ‌هاورێ بەناوەکانی(عمار شریف، فهد ناصر، یوسف محەمەد) پاشان دەستگیر کردن (وەستا مهدی) سکرتێری یەکێتی کرێکارانی بیناسازی و هەڵکوتانە سەر سەنتەری پارێزگاری لەمنالان، سەرئەنجامیش بەدەستەوە گرتنی دەعوایەکی سەراپا کۆنەپەرستانە، کەدەیویست بەقانونە سەراپا دژی ئینسانی‌یەکنی حزبی بەعسەوە، هەڵسورانی حزبی ئێمە قەدەغە بکات.

یەکیتی نیشتمانی کوردستان ئەو کاتە لەبەرامبەر وەستانەوەی حزبی کۆمۆنیستی کریکاری عێراق و هاتنە مەیدانی جەماوەری کرێکارو زەحمەتکێش و بەرەی رادیکال و ئازادی خوازی کۆمەڵگا و ئەحزاب و لایەنی سیاسی و جەماوەری و ئەدەبی و روناکبیر لەئاستی ناوخۆو دەرەوەدا، ناچار بوو پاشەکشە بکات و دەعواکەی لەدادگا وەربگرێتەوە و هاورێیان ئازاد بکات.

هێرشی ئەمجارەش بۆ سەر حزبی ئێمە بۆ ئەوەیە تا لەلایەکەوە لەسەفەقاتی دبلۆماسی جۆراوجۆردا دڵی دەوڵەتە کۆنەپەرستەکانی ناوچەکە رازی بکات و لەلایەکی تریشەوە تابەرگری بەنارەزایەتی هەموو رۆژەی خەڵکی کریکارو زەحمەتکیش و ژنان و...تەواوی مەحرومانی کۆمەڵگا، وە ئەیەوێ کەس لەبەرامبەر سەرکوت و بێکاری و بێ‌مافی‌و نەبوونی‌و نەهامەتی‌یەکانی ژێر سایەی دا دەنگ هەڵنەبرێ. بۆیە هێرشی چەکدارانە دەکاتە سەر حزبمان تا بەخەیاڵی خاوی خۆی حزبی کۆمۆنیستی کریکاری عیراق لەسەر ساحەکە نەهێڵێت یان مەحدودی بکاتەوە. ئەمە لکاتێکدا کەحزبی کۆمۆنیستی کریکاری عیراق خەبات و مێژووەکەی تێکەڵە لەگەڵ خەبات و مێژووی نارەزایەتی جەماوەری مەحروم و بێ‌بەشی کوردستان. بۆیە ئەم هەنگاو و پیلانگێری‌یەش جگە لەشکست و هەڵەیەکی مێژوویی تر هیچی تری بەدواوە نابێت.

ئێمە لەحزبی کۆمۆنیستی کریکاری عیراقەوە لەکاتێکدا بەهەموو توانامان لەبەرامبەر هەموو ئەو پیلانگێریانەی یەکیتی‌دا دەوەستینەوە و وەلاتمی دانشکینی پێدەدەینەوە و هاوکات بانگەوازی سەرجەم جەماوەری نارازی و ئازادیخواز و تەواوی لایەنە سیاسی و جەماوەری و کەسایەتی‌یە سیاسی و ئەدەبی و هونەری و رێکخراوە ئینسان دۆست و پێشکەوتنخوازەکان لەسەر ئاستی ناوخۆو دەرەوە دەکەین کە لەبەرامبەر ئەم تاوانکاری‌یەی یەکیتی‌دا دەنگی نارەزایەتی هەڵبڕن و بێنە مەیدان و رێکە بگرن لەوەی جارێکی تر یەکیتی نیشتمانی خۆ بەسۆسیال دیموکرات زان، سەرکوت و فەزای ترس و تۆقاندن بەسەر کۆمەڵگا زاڵ بکات.

**بژی ئازادی یەکسانی حکومەتی کریکاری**
**بژی حزبی کۆمۆنیستی کریکاری عیراق**

**کۆمیتەی رابەری ریکخراوی کوردستانی**
**حزبی کۆمۆنیستی کریکاری عیراق**
**٢٠٠٠/٧/١٥**

# هیرش بۆ سەر حزبی کۆمۆنیستی کریکاری عیراق پەلەقاژەیەکی بێهودەیە!

**کریکاران!**

**جەماوەری ئازادیخوازی ناوچەکە!**

**ژنان‌و پیاوانی یەکسانیخواز!**

**هەلسوراوان‌و لایەنگرانی بزووتنەوەی کۆمۆنیستی‌و کریکاری!**

یەکیتی نیشتمانی کوردستان ماوەی چەند مانگە بە مەبەستی سەرکوت کردنی ئازادی سیاسی‌و زالکردنی فەزای ئیستبدادو کۆنەپەرستی‌و خزمەت کردن بە رژیمی کۆنەپەرستی ئیسلامی‌و رژیمی بەعس، کەوتوەتە شەرفرۆشتن‌و پیلانگیران لە دژی حزبی ئیمە. سەرەتا ویستی پەردەی قانون بەسەر پیلانەکەیدا بدات. شکاتنامەیەکی پر لە شەرمەزاری خستەبەردەم دادگاکەی خۆیان‌و داوای کرد حزبی کۆمۆنیستی کریکاری عیراق وەکو حزبیکی تاوانبار دادگای بکرێ‌و هەلسورانی قەدەغە بکریت. ئەو شکاتنامەیە بەلگەی ریسوای‌و شەرمەزاری بوو بۆ یەکیتی، لەویدا تاوانەکانی حزبی ئیمەی بەوە تۆمارکردبوو کە داوای یەکسانی مافی ژنان‌و پیاوان‌و هەلوەشانەوەی قانونە کۆنەپەرستانەکانی ئەحوال شخصی رژیمی بەعس‌و بەرپاکردنی ریفراندۆم‌و جیابونەوەی کوردستان‌و جیاکردنەوەی دین لە دەولەت دەکات،... هەموو ئەمانە کە بۆ حزبی ئیمەو خەلکی ئازادیخواز مایەی شانازی‌و سەروەرییە، لە روانگەی یەکیتییەوە هەر بەوینەی روانگەی رژیمی بەعس بە تاوانی گەورە لە قەلەم دراوە . ئەوکات پیلانە(قانونی)یەکەی جەنابی تالبانی لە لایەن جەماوەری ئازادیخوازو سەدان شخصیات‌و ریکخراوەو لایەنی سیاسی ناوخۆو دەرەوە ریسوا کراو ناچاربوون بیکشنە دواوە. بەلام دوای دوو مانگ پاش ئەوەی یەکیتی هەموو ئومیدیکی لە ریکەوتنامەی واشنتۆن براو سەرلیشواوی سیاسی غەرقی کرد، لەم کاتەدا پەنای بۆ ئەوەبرد کە لە ریگای داسەپاندنی ملهوری‌و خۆشخزمەتی بە رژیمی ئیسلامی ئیران‌و رازی کردنی دلی رژیمی بەعسەوە پەلەقاژەی دەربازبوون لەم ئەزمەو سەرلیشیواوییە بکات.

پیلانی ئەمجارەیان ناونا بردنەدەرەوەی بارەگای چەکداری حزبەکان لە شار، بەلام ئەم بەهانەیە پروپوچ‌و ئاشکراو بێمایەبوو، لە کاتیکدا خۆیان هەموو شاریان میلیتاریزە کردوەو بە مقرو هیزی چەکدار خەلکیان هەراسان کردوە، رایانگەیاند کە لە پیشدا دەبێ حزبی کۆمۆنیستی کریکاری مقرەکانی لە شار بەریتەدەر. بەلام راستی مەسەلەکە ئەوەبوو کە جەنابی تالبانی ماوەی دوو هەفتەی رابردوو لە تاران لەگەل سەرانی تاوانباری جمهوری ئیسلامی‌و بەرپرسی دەزگا تیرۆریستەکانی لەوانە سوپای پاسداران، خەریکی سات‌و سەوداو مامەلەی سیاسی بوو. ئەمەش لە هەل‌و مەرجیکدایە کە ریکەوتنامەی واشنتۆن دوچاری ئیفلاسی یەکجاری بووەو رەوتی وەزعەکەش تا هاتوە زیاتر بە زیانی یەکیتی شکاوەتەوەو پالی بە یەکیتییەوە ناوە بۆ ئەوەی زیاتر خۆی بخزینیتە باوەشی جمهوری ئیسلامییەوەو راستەوخۆ وەکو بەکریگیراوی ئەو کاربکات. لەم سات‌و سەودایەدا گفتی بەو ئینسان کوژانە دابوو کە شەر بە حزبی ئیمە بفرۆشێ‌و هیرشی بکاتەسەر. هاوکات بەمە دلنەوایی رژیمی بەعس بکات بۆ ئەوەی دوای ئەو ئیفلاسەو لە توندبونەوەی کیشەی ئایندەی یەکیتی‌و پارتیدا ئەمە بۆ یەکیتی لەبەرچاو بگریت.. بەپێی ئەم پیلانە دەستی دایە هیرش‌و پەلاماری چەکدارانە بۆ سەر حزبی ئیمەو شەریکی نارەواو نابەرابەری بەسەرماندا سەپاند.

یەکیتی بۆ جێبەجێ کردنی ئەم پیلانەی لە دژی حزبی ئیمە سەرەتا بەپێی قانونی عشیرەتی‌و میلیشیایان هەستا بەبرینی ئاوو کارەباو تەلەفونی بنکەو بارەگاکانی حزب‌و ریکخراوی سەربەخۆی ئافرەتان، دواتر تەقەی لە خۆپیشاندانی هیمنانەی ئەندامان‌و دۆستانی حزبمان کرد کە رۆژی ١٣–٧–٢٠٠٠ لە دژی کردەوەکانی ئەو بەریخرابوو. پاشان دەستی دایە حملەی دەستگیرکردنی ئەندامانی حزبمان‌و دەیان ئەندام‌و کادری گرت‌و خستنییە زیندان. بەدوای ئەمەدا کەوتە گەمارۆدانی چەکدارانەی بارەگای کۆمیتەی رابەری ریکخراوی کوردستان‌و کۆمیتەی سلیمانی‌و سەرئەنجام رۆژی ١٤–٧–٢٠٠٠ بە هیزیکی چەکداری زۆرەوە هیرشی کرد بۆسەر بارەگاکانی حزبمان. سەرلەبەیانی ئەو رۆژە لە نزیك بارەگای کۆمیتە رابەری تەقەیان کرد لە دوو هاورێمان بە ناوی(صادق نیكبین‌و ارش باقری) و ئەوانیش بەرپەرچیان دەدەنەوەو دوای شەریکی نابەرابەر کە تیایدا هاورێ صادق بریندار دەبیت، هەردوکیان دەستگیر دەکەن‌و بە شیوەیەکی درندانە مامەلەیان دەکەن. ئیوارەی هەمان رۆژ کاتژمیر شەش‌و نیو لە کاتیکدا کە وەفدی هەردوولا خەریکی گفتوگۆبوون‌و لەسەر چارەسەری سیاسی کیشەکە پیکهاتبوون، لە نزیکی بارەگای کۆمیتە رابەری پیلانگیرانە کەمینیکیان بۆ سەیارەیەك دانا کە ٥ کەسی لە هاورێیانی ئیمەی تیابوو، لە هەموو لایەکەوە کەوتنە گولەباران کردنی، لەویش هاورێیانی ئیمە مقاوەمەتیکی جەسورانەیان کردو لەم شەرەشدا چوار هاورێمان بە ناوەکانی(عدالباسط محسن–شیخ عبدول، ابراهم محمد–هاوکار، هاورێ لەتیف، محمد مستەفا) گیانیان بەخت کردو هاورێیەکمان بە ناوی(ئاوارە مجید) بەبرینداری کەوتە دەستی هیزەکانی یەکیتی، لە هیزەکانی یەکیتیش لانی کەم یەك کەس دەکوژرێ‌و دوو کەس بریندار دەبیت. هاوکات لە لایەکی ترەوە هیرش دەکەنە سەر بارەگای کۆمیتەی رابەری‌و لەویش شەریکی تر روو دەدات، هاورێیانی ئیمە راوەستاوانە بەرپەرچی هیرشەکەیان دەدەنەوەو بواری هاتنەپیشەوەیان نادەن. لەم شەرەشدا هاورێیەکمان بە ناوی(ئومید نیكبین) خەلکی شاری سنەی کوردستانی ئیران گیانی بەخت دەکات. بۆ رۆژی دواتر مەفرەزەیەکی چەکداری ئاسایشی یەکیتی هەلدەکوتنەسەر بنکەی(سەنتەری بەرگری لە مافەکانی مندالانی کوردستان)و تالانی دەکەن‌و مندالەکانی ناو بنکەکە دەردەکەن.

رۆژی ٧/١٦/ ٢٠٠٠ لە کاتیکدا کە وەفدیکی رابەری حزبمان کە پیکهاتبوو لە هاورێیان(تاهر حسن، سامان کریم، فواد صادق) لەلایەن ئەوانەوە دەعوەت دەکریت بۆ گفتوگۆو تاوتوێ کردنی وەزعەکە، بەلام کاتیك دەگەنە جیگای دیاریکراو بەدور لە هەموو جۆرە پرەنسیپیکی سیاسی‌و بەپێی رەوشت‌و شیوازی

مافیایی پێیان رادەگەیەنن کە دەستبەسەرن‌و لای ئەوان بارمتەن، لابردنی مقرەکان‌و رادیۆی حزبیان کرد بە مەرجی ئازاد کردنی ئەم وەفدە. هەر لەم کاتەدا دووبارە هیزیکی زۆر لە دەوری بنکەی رادیۆی حزبمان کۆدەکەنەوەو هەلپەرستانە پەلاماری هەردوو مقری کۆمیتەی رابەری‌و کۆمیتەی سلیمانی حزبمان دەدەن‌کە لەسەر بناغەی ریکەوتنی رۆژی پیشوتر هیزی چەکداری ئیمەیان تیا کەم کرابوەوەو لە حالی گواستنەوەیدا بووین بۆ مقری رادیۆ، ئەوان لەم وەزعیەتە سودیان وەرگرت‌و دەست بەسەر هەردوو مقرەکەدا دەگرن. لە هەلومەرجیکی ئاوادا کە لە لایەن یەکیتی‌یەوە بە زەبری چەك خولقینراو وەفدی رابەری ئیمەش کرا بە بارمتە، ئیمەی گەیاند بەو باوەرەی کە لە ئیستادا دریژەدان بە کاری مقرو رادیۆ لە ناوچەی دەسەلاتی یەکیتی ئیمکانی نی‌یەو ناگونجێ. بۆیە بریارماندا مقرەکانی حزب‌و رادیوێی حزب دابخەین.

یەکیتی لە مەیدانی سیاسەت‌و تەنانەت لە مەیدانی"قانون"دا بەرامبەر ئیمە ناکام مایەوە، بۆیە سەرئەنجام پەردەی لەسەر رووی خۆی هەلمالی‌و بۆ جێ‌بەجێ کردنی ئەرکی بەکریگیراویتی خۆی پەنای بۆ چەك‌و ملهوری بردو لە جەرگەی ئەو شارەی کە ئیدعای دەکرد دەبێ لە چەك دابمالرێ، کەوتە لەشکرکیشی‌و شەرو کوشتار لەگەل ئیمە. ئیمە لەم شەرە نابەرابەرەشدا تا ئەو جیگایەی توانیمان راوەستاین، هیزی چەکاری حزب‌و هیزی پاریزەری رابەری حزب جەسارەت‌و فیداکاری‌یەکی کەم وینەیان نواند بۆ بەرگری لە حزب‌و کۆمۆنیزم‌و ئامانجی یەکسانیخوازی‌و ئازادیخوازی. بە بەرچاوی جەماوەری شاری سلیمانی‌یەوە جورئەت‌و شەهامەتی کۆمۆنیستی خۆیان نواند لە بەرپەرچدانەوەی پەلاماری هیزەکانی یەکیتی‌داو هەرهاورێ‌یەکمان لەگەل دەیان چەکداری ئەوان جەنگی‌و لە مەیدانی شەردا ئەوان نەیانتوانێ بە مەرامی خۆیان بگەن، بۆیە پەنایان برد بۆ پیلانی ترسنۆکانەو سودیان لە فەزای گفتوگۆ وەرگرت‌و لەو فەزایەدا کەوتنە کەمین دانان‌و پەلاماردان، سەرئەنجام بە رەوشتی مافیا بریاری خۆیان داسەپاند. هاورێیانی زیندانی کراویشمان هاوتای ئەم راوەستاوی‌و جەسارەتەی هاورێیانی چەکداریان لە خۆ نیشاندا. ئەوانیش بە عەزم‌و بیروباوەری بەهیزی کۆمۆنیستیان بە ووتنەوەی شیعاری(ئازادی، یەکسانی، حکومەتی کریکاری) پاسەوان‌و چەکدارەکانی ئاسایشی گشتی‌یان هەراسان کردبوو. بەم جۆرەش پەردەیەکی دیکەی شانۆی خەباتی کریکاری‌و کۆمۆنیستی‌یان نمایش کرد.

یەکیتی کە بۆ رازی کردنی دلی رژیمی ئیسلامی ئیران‌و نیشاندانی خزمەتکاری بۆ ئەم رژیمە دژی بەشەری‌یە ئەم شەرە نارەوایەی بەسەر ئیمەدا سەپاند، هەر وەکو لە زمانی خودی نوشیروان مستەفاوە ئەمە بە راشکاوی راگەیەنرا، پروپوچی ئەو پروپاگەندەیەیان ئاشکرابوو کە لە ژیر ناوی بردنە دەرەوەی مقری حزبەکان لە شار، بەرێیان خستبوو. ئەوە بۆ هەموو کەس ئاشکرابوو کە یەکیتی بەگرتنەبەری سیاسەتی سەرکوتگەرانە دژی حزبی ئیمە دەیەوێ سەرجەم ئازادی سیاسی‌و بزووتنەوەی کۆمۆنیستی‌و یەکسانیخوازی سەرکوت بکات‌و مافەکانی ژنان‌و پیاوان‌و گشت جەماوەری کریکارو زەحمەتکیشی کوردستان بە پێ بشیلی. بێگومان ئاکامیکی دیکەی ئەم سیاسەتەی یەکیتی دەست ئاوەلابوونی زیاتری رژیمی بەعس‌و جمهوری ئیسلامی دەبیت بۆ دەخالەت لە وەزعی سیاسی کوردستان‌و بردنی بە ئاقاری ئایندەیەکی رەشتردا. هەروەها فرسەت دەدا بە دەستەو تاقمە ئیسلامی‌یە تیرۆریستەکان بۆ هەراسان کردنی خەلك. هەموو ئەمانەش هەلومەرجەکە بەرەو ئەوە پال پیوە دەنین کە ئەمنیەت‌و گوزەرانی خەلك زیاتر تیك بچێ‌و رووبەرووی مەترسی گەورەرتر بیتەوە.

یەکیتی نیشتمانی کوردستان‌و ئاغاکانی دەبێ لەوە دلنیابن کە چالاکی‌و هەلسورانی حزبی کۆمۆنیستی کریکاری عیراق بە مقرو رادیۆکەیەوە محدود نابیتەوەو خەباتی ئەم حزبە لە ناو کریکاراندا لە کارگەو کاخانەکان، لە گەرەکە کریکاری‌و زەحمەتکیش نشینەکان، لە ناو بزووتنەوەی یەکسانیخوازی ژناندا بەردەوامەو ریشە کیش ناکرێ. خەباتی ئەم حزبە لە مەیدانی دیفاع لە ماف‌و ئازادی‌یەکانی خەلك، لە مافەکانی لاوان‌و مندالان، خەباتی لە پیناو کۆتایی هینان بەستەمی میللی‌و وەزعی مەینەتبارو سەرگەردانی ئیستای کوردستان لە ریگای بەرپاکردنی ریفراندۆم جیابونەوەی کوردستانەوە، خەباتی لە دژی کۆنەپەرستی‌و تیرۆریزمی ئیسلامی‌و ناسیونالیزم‌و دەخالەتی دەولەتانی ناوچەکە، خەباتی بۆ دەرکیشانی خەلك لە ژیرباری دەسەلاتی ئەحزابی قومی–عشیرەتی، خەباتی لە پیناو رووخاندنی رژیمی درندەی بەعس ، خەباتی بۆ ریکخستنی شۆرشی کریکاری‌و بەرپاکردنی جمهوری سۆسیالیستی... هەروەکو خۆی بەردەوام دەبیت‌و هەموو ئەمانە گۆشەو مەیدانەکانی خەباتی ئەم حزبەن کە بەهیزی خۆیانەوە دەمینن‌و دریژەیان دەبیت. حەقانیەتی ئەم خەباتەش وەکو بەشیك لە پراتیکی سیاسی جەماوەری کریکارو زەحمەتکیش‌و ژنان‌و پیاوانی ئازادیخوازو یەکسانیخواز زیاترو زیاتر حزب‌و سیاسەتەکانی لەگەل خەبات‌و نارەزایەتی ئەم جەماوەرەدا لیك‌هەلدەپیکێ. یەکیتی‌یش لەم نیوەدا جگە لە ریسوای‌و نقوم بوونی زیاتر لە زەلکاوی ئەزمەو سەرلیشیواوی هیچی دیکەی بۆ نامینیتەوە. حزبی ئیمەو جەماوەری کریکاران‌و خەلکی ئازادیخواز هەرگیز لەم تاوانەی یەکیتی خۆش نابن‌و لە بیریان ناچیتەوە، ئەم ملهوری‌یەی یەکیتی قبول ناکەن، دلخۆش کردنی یەکیتی بەم پەلامارە سەربازی‌یە کورت ماوەو راگوزەرە.

هەلسوران‌و تیکۆشانی بزووتنەوەو حزبی ئیمە لە پال دریژەدان بەم خەباتە حەقخوازانەیەی خۆی، هاوکات بۆ ریسواکردنی ئەم پیلانگیری‌و تاوانکاری‌یەی یەکیتی‌و بەرپەرچدانەوەی بەردەوام دەبیت‌و لە هەموو شیوازیکی سیاسی‌و خەباتکارانە کەلك وەردەگرێ. یەکیتی شەریکی نارەوای بەسەر ئیمەدا سەپاندوە کە دەبێ چاوەروانی *بەرپەرچدانەوەو ئاکامەکانی کردبێ*. ئەگەر ئەو پێی وابێ بە بە پەلاماردانی ئیمە لە شاری سلیمانی‌و داخستنی مقرو رادیۆمان، دەتوانێ ئیمە لە مەیدان وەدەرناو بێ‌خەم دانیشێ، زۆر بە هەلەدا چووە. مقرو رادیۆ تەنها دوو گۆشەی هەلسورانی ئیمەن، حزب‌و بزووتنەوەی ئیمە هیزیکی سیاسی کۆمەلایەتی ناوچەیی‌یەو لە بەشیکی گەورەی دنیادا هەلدەسورێ‌و دەوری هەیە. ئەمە راستی‌یەکە کە بۆ حزبیکی ناسیونالیستی–عشیرەتی وەکو یەکیتی نیشتمانی درك ناکرێ، بۆیە هەمیشە لەسەر دووپات کردنەوەی غەلەتە گەورەکانی بەردەوام دەبیت‌و دەرسی لی وەرناگرێ. ئەگەر ئەو لە سلیمانی کوشتاری کۆمۆنیستەکان بکات، دەبێ ئەوەش بۆ خۆی دابنێ کە نە لەم ناوچەیەو نە لە جیهاندا ناتوانێ بحەویتەوە، ئیمە لە ئیستادا بە چەك وەلامی هیرشی

چەکدارانەی نادەینەوە، بەلام شەری سیاسی ئیمە نەبراوەیە لەگەلیدا تا کاتیك ئەو بریارەی هەلنەوەشینیتەوە کە بە زەبری چەكو بە بارمتە گرتنی وەفدی مفاوەزات دایسەپاندوە. لەم شەرە سیاسیو عەمەلیەدا دەبێ تاقمەکەی تالبانیو نەوشیروان خۆیان بۆ گەورەترین ریسوایو هەراسانیو ویرانی ئامادە بکەن. یەکیتی هەر ئیستا لەگەل نارەزایەتییەکی پانو بەرینی ناوچەییو جیهانی بەرەورووە، کۆمۆنیستەکان جەماوەری ئازایخواز، بزووتنەوە جۆراوجۆرە پیشکەوتنخوازەکان، سەدان شخصیاتو ریکخراوەو حزبو دامەزراوی جۆراوجۆر، لە کوردستانی عیراقو ئیرانو لە وولاتانی ئەوروپایی بەرامبەر تاوانەکانی یەکیتی دەنگیان بەرز کردوەتەوەو ریسوایان کردوە. ئەمە هیشتا سەرەتای کارمانە. حزبی ئیمەو هەلسوراوانو تیکۆشەرانی ئەم حزبەش بە جۆریك جیگایان لە ناو دلو دەرونی خەباتکارانەی هەزاران هەزار کریکارو زەحمەتکیشو ژنو پیاوی یەکسانیخوازدا کردوەتەوە کە لە ریشەکیش کردن نایات. ئەو هیزەی کە رۆژ بەرۆژ زیاتر دەکەویتە بەرامبەر تورەیو نەفرەتی خەلکەوە یەکیتی نیشتمانییە، ئەو پالی داوە بە دیواریکی لەرزۆکەوە، ئیمە دەمینینو ئەو دەبێ بروات.

هاورێیانو هەلسوراوانی بزووتنەوەی کۆمۆنیستیو کریکاری!

ئەندامانو دۆستانی حزب!

ئاشکرایە کە لەم کیشمەکیشەدا لەگەل یەکیتی نیشتمانی بەرتەسکییەکی کاتی بۆ هەلسورانی عەلەنی حزبی ئیمە لە ناوچەی دەسەلاتی یەکیتی پیکهاتووە. بەلام ئەو راستییەش لەبەرچاوی هەمووان ئاشکرایە کە حزبی ئیمە پینج مانگ پەیگیرانە لە هەموو مەیدانیکدا بەرامبەر بە یەکیتی راوەستا، سەرئەنجامیش لە شەریکی نابەرابەردا وەلامی هیرشی چەکدارانەی یەکیتی دایەوە. ئەم راوەستاوییە هەر ئیستا حورمەتو اعتبارو شخصیەتی حزبمانی لە نیو خەلکی کوردستانو لە ناوچەکەدا بەرەو سەربردوە. ئەمەش بناغەیەکی بەهیزە بۆ کارو هەلسورانی ئایندەمان. یەکیتی پەیوەندی خۆی لەگەل ئیمە بردوەتە قۆناغیکی تازەوە، لەم کارەیدا قوماریکی خەتەری کردوەو کە زەرەری سیاسی گەورەی تیا دەکات. بەلام هەلسورانو خەباتی سیاسیو جەماوەرییو ریکخراوەی ئیمە لە هەموو ناوچەکانی دەسەلاتی یەکیتی بە شیوەی تازەو گونجاوی خۆی دریژەی دەبیت. حزبی ئیمە هەولدەدات بەخیرایی جبرانی ئەم بەرتەسکیە بکاتەوە، لە هەمانکاتدا خەباتو تیکۆشانی لە ناوچەکانی دیکەی کوردستانو لە ئاستی سەراسەری عیراقو گشت ناوچەکەو جیهاندا بە هەمان شیوازی پیشو دریژەی دەبیت. بانگەوازتان دەکەین قۆلی لی هەلمالن بۆ دەورەیەکی تازەی تیکۆشان، خەباتی پر سەروەری چەند سالی رابدوومانو حورمەتو ئیعتباریك کە لەم کیشمەکیشەدا حزبی ئیمە بە دەستی هیناوە، پشتیوانییەکی گەورەی خەباتمان دەبیت لەم قۆناغە تازەیەدا.

**مەکتەبی سیاسی**

**حزبی کۆمۆنیستی کریکاری عیراق**

**٢٠-٧-٢٠٠٠**

---

## راگەیاندنی روژنامەگەری ژمارە ٣ ٢٠٠٠/٧/١٨

**لە کۆمیتەی دەرەوەی وولاتی حزبی کۆمۆنیستی کریکاری عیراقەوە**

وەکو پیشتر رامانگەیاندوە کە یەکیتی نیشتمانی لە دریژەی حملەکانی بو سەر حیزبی ئیمەو ئازادی سیاسی، لە هەنگاوەکانی ئەخیریدا وەفدی رابەری حیزبی ئیمە کە بو گفتوگو دەعوەتی کردبوو، دەست بەسەر دەکات و دەیکات بە بارمتەی جیبەجیکردنی مەرجی داخستنی مقرەکان ورادیوی حیزب. هاوکات لەلایەکی ترەوە لەشاری رانیە هاوری ئازاد احمد ئەندامی کومیتە رابەری ریکخراوی کوردستانی حیزبمان لەگەل چەند هاورێی دیکەی حیزب دەستگیر دەکەن. هەروەها جگە لەمانە پیشتر نزیکەی ٥٠ کەس لە هاورییان و دوستانی حیزبمان دەستگیر دەکەنو لە زیندان رادەگرن وتەرمی هاورییانی گیان بەخت کردوشمان تەسلیم بە حیزب و خیزانەکانیان ناکاتەوە.

حیزبی ئیمە سەرباری ئەوەی کە دەست بەسەرکردنی وەفدی مفاوەزات وبەبارمتە گرتنی، وەکو رەوشتیکی تا سەر موخ رەزیلانەو بەدوور دەزانین لەهەر عورف و عادەتیکی شارستانی، بەلام ئامادە نەبوو گیانی هاورییانی خوی بخاتە مەترسییەوەو گرەو لەسەر ژیانیان بکات. بویە لەئیستادا بریاریدا کە مقرەکان ورادیوی حیزب لەشاری سلیمانی دابخات و بەشیوازی دیکە بە هەلسورانی خوی دریژە بدات.

یەکیتی نیشتمانی دواتر لەسەر بناغەی ئەم بریارەی حیزب وەفدی رابەری حیزبمان ئازاد دەکات. هەروەها ئەو هاوریو دوستانەی کەپیشتر زیندانی کرابوون ئازاد دەکرین، جگە لە هاورییان (ئازاد احمدو هاوریکانی لە رانیەو هاورییان ئاوارە مجید وئارش باقری وصادق نیك بین ونچال ) کە ئاوارەو صادق بەبرینداری کەوتونەتە دەستیان. ئیمە لەگەل ئەوەی کە نیگەرانی چارەنوسی ئەم هاورییانەین و گومانی ئەوە دەکەین کە یەکیتی مامەلەی سیاسییان پیوە

بکات و تەسلیمی رژیمی عیراق و ئیرانیان بکاتەوە بەتایبەت کە صادق و ارش خەلکی ئیرانن و نچال خەلکی بەصرەیە. لەهەمان کاتدا تا ئەم ساتەش یەکیتی ئامادە نەبووە کە تەرمی هاوریyانمان تەسلیم بکاتەوەو هەروا دەستی بەسەردا گرتوون.

ئیمە بانگەوازی رای گشتی جیهان و هەموو احزاب وریکخراوەو دامەزراوەو شەخسیاتی پیشکەوتنخوازو لایەنگر لە ئازادیو مافەکانی ئینسان دەکەین کەفشار بخەنە سەر یەکیتی نیشتمانیو تاوانە یەك لەدوای یەکەکانی مەحکوم بکەن وناچاری بکەن کە بریارە سەرکوتگەرەکانی کەبە زەبری چەك و بەبارمتەگرتنی وەفدی مفاوەزات دایسەپاندووە هەلوەشینیتەوە، هاوریyانی دەستگیرکراوی ئیمە ئازاد بکات و تەرمی هاوریyانی گیان بەختکردوو بداتەوەو ریگری ساز نەکات لەبەردەم گرتنی مەراسیمی بەخاك سپاردنیان.

---

**راگەیاندنی رۆژنامەگەری ژمارە-٤-**

## یەکیتی نیشتمانی هیچ پەردەیەك بەسەر پیلان و تاوانکارییەکانییەوە ناهیلیتەوە!

بەپیی تازەترین هەوال کە لە کوردستانەوە بەدەستمان گەیشتوە، یەکیتی نیشتمانی کوردستان لە دریژەی تاوانکاریو وەحشیگەرییەکانیدا بۆ سەر حزبی ئیمەو ئازادی سیاسیو بزوتنەوەی یەکسانیخوازی ژنان، سەر لە بەیانی ئەمرۆ ٢١-٧-٢٠٠٠ بەهیزیکی چەکدارەوە هیرش دەکەنە سەر بنکەی سەنتەری پاریزگاری ژنانی کوردستانو ریکخراوی سەربەخۆی ئافرەتان. بنکەکەیان گەمارۆ دەدەنو هەرەشەی ئەوەیان لی دەکەن کە دەبێ هەردوو بنکەکە دابخەن. لە وەلامی پرسیاری بەرپرسانی هەردوو ریکخراوەکەدا کە بۆچیو لەسەر چیو بەپیی چ قانونیك بنکەکانیان دابخەن، دەلین فەرمانمان پیدراوە کە بێ ئەملاو ئەولا جیبەجیی بکەین.

بەم جۆرە سەرئەنجام بە ملهوری چەکدارانە هەردوو بنکەکە دادەخەنو (١٢) ژن لەوانەی کە لەبەردەم هەرەشەی کوشتندانو لە سەنتەری پاریزگاری ژنان گیانیان پاریزراوە، لەگەل (٥) مندالی ئەو ژنانە کە هەر لەوێ ژیانیان دابین کراوە لەگەل خۆیان دەبەن. بەم پییە ئیستا ئەم ژنو مندالانە کە لەلایەن عشیرەتو بنەمالەو دەستەو تاقمی کۆنەپەرستی ژن کوژەوە هەرەشەی کوشتنیان لەسەرە، گیانیان لەبەردەم مەترسی گەورەدایە. بەم بۆنەیەوە لە کاتیکدا کە رادەگەیەنین یەکیتی نیشتمانی کوردستان بەرپرسە لە گیانی ئەو ژنو مندالانە، هاوکات داوا دەکەین لە هەموو دەزگاو ریکخراوە کانی لایەگر لە مافەکانی ئینسان، وە هەموو ریکخراوەکانی ژنانو لایەنگرانی مافەکانی ژنانو مندالان لە جیهان، کە ئیقدامی بەپەلە بکەن بۆ بەرگرتن لە تراژییەکی ئینسانی کە خەریکە بە دەستی یەکیتی نیشتمانی دەخولقینرێ. داوا دەکەین ئەم تاونکاریانەی یەکیتی مەحکومو ریسوا بکەنو فشاری بخەنە سەر کە دەست لە کوشتارو ملهوری چەکدارانە هەلگرێو بنکەو کەلو پەلەکانی ئەم ریکخراوانە بدەنەوەو ریگری لە بەردەم کارەکانیان هەلگرن.

ئەم هەنگاوە تازەیەی یەکیتی بۆ یەکجاری هەموو پەردەیەك سەر هەموو پروپاگەندە فریودەرانەکانی یەکیتی لادەداتو بەکریگیراویو پیلانگیری ئەوان ئاشکراو ریسوا دەکات. ئەگەر بەهانەی پوچەلی ئەوان لە هیرش بۆسەر حزبی ئیمەو کوشتاری کۆمۆنیستەکان، بردنە دەرەوەی مقری چەکداری حزبەکان بوو لەشار، ئەوە بۆ هەمووان ئاشکرایە کە ریکخراوی سەربەخۆی ئافرەت ریکخراویکی جەماورییەو سەنتەری پاریزگاری ژنانیش ریکخراویکی ئینسانییە، هیچیان نە مقری چەکدارو نەهیزی چەکداریان نییە، تەنها بنکەی جیگای کارو پاریزگاری ژنانی هەرەشە لیکراویان هەیە.

ئەم تاوانە تازەیەی یەکیتی دەبیتە مایەی پەرەسەندنی شەپۆلی کوشتاری ژنان کە لەوەی چەند سالی رابردوودا بە هەزاران ژنی گرتوەتەبەر. ریکخراوی سەربەخۆی ئافرەتان ریکخراویکی جەماوەری بەرگریکەرە لە مافەکانی ژنانو چەند سالە لە دژی کۆنەپەرستیو پیاوسالاریو تیرۆری ژنان خەبات دەکات، سەنتەری پاریزگاری ژنانیش ریکخراویك بوو بۆ رزگار کردنو پەنادانو پاریزگاری کردن لە گیانی ئەو ژنانەی کە دەکەونە بەر هەرەی کوشتن. یەکیتی نیشتمانی بەم هیرشەی بۆ سەر ئەم دوو ریکخراوە بوار ئاوەلا دەکات بۆ کۆنەپەرستان لە پەلاماردانی ژناندا.

**کۆمیتەی دەرەوەی وولاتی**

**حزبی کۆمۆنیستی کریکاری عیراق**

٢٠٠٠/ ٧/٢١

## راگەیاندنی رۆژنامەگەری ریکخراوی سەربەخۆی ئافرەتان و سەنتەری پاریزگاری ژنان لە کوردستان لە ٢٠٠٠/٧/٢١دا

لە رۆژی هەینی بەرواری ٢٠٠٠/٧/٢١ کاتژمیری ٣٠ .١١ هیزیکی چەکداری یەکیتی نیشتمانی کوردستان هەلئەکوتیتە سەر بنکەی ریکخراوی سەربەخۆی ئافرەتانو خانەی سەنتەری پاریزگاری ژنان لە کوردستانو پیّیان رادەگەیەنن کە دەبیّ لەماوەی نیو سەعاتدا هەردوو بنکەکە چۆل بکەنو دایخەن، بەبیّ ئەوەی هیچ هۆیەك بۆ مەسەلەیە باس بکەن. بەم جۆرە هەردوو بنکەکە بە زەبری هەرەشەی چەکدارانە دادەخەن.

لە کاتی ئەم هەلکوتانەدا ١٢ ژن لەوانەی کە لەبەردەم مەترسی کوشتندانو لە خانەی سەنتەردا پاریزگاریان لی کراوە، لەگەل ٥ مندالی بچوکی ئەم ژنانە لە خانەی سەنتەر دەبن. چەکدارەکانی یەکیتی هەموو ئەم ژنو مندالانەو ئەندامانی ریکخراوی سەربەخۆو سەنتەرو حمایەکانی دەستگیر دەکەنو رەوانەی ئاسایشیان دەکەنو پاش ماوەیەك ئازادیان دەکەن. ئەندامانی سەنتەرو ژنانی هەرەشە لیکراو نارەزایەتی دەردەبرنو بە ئاسایش رادەگەیەنن کە ئەم ژنانە هەرەشەی کوشتنیان لەسەرە، ئیوە کە لەسەنتەر دەرتان کردونە دەرەوە دەبیّ جیگایەکیان بۆ دابین بکەن ئەگینا دەکوژرین، سەرەتا ئاسایش رادەگەیەنن کە ئەمە کاری ئیمە نی‌یەو ئیمە وەکو ئیوەمان پیّ ناکریّ، دواتر ژنو مندالەکان لە لایەن ئاسایشەوە دەبرین.

هەروەها دەست بەسەر هەموو کەلوپەلو ئەرشیفو بەلگەنامەکانی ریکخراوی سەربەخۆو سەنتەردا دەگیریّو ریگا نادەن ئەندامانی ریکخراوو سەنتەر بیانهیننە دەرەوە. ناوی ئەو ژنانە کە لە سنتەر بوون ئەمانەیە: ١– کەژال جمال کە لوتی براوەو دوو مندالی لەگەلە، ٢– سورمە رسول مینە، ٣– لیلی اسماعیل، ٤– نیان علی احمد کە دوو مندالی لەگەلە، ٥– اسمر عبدالله کە حاملەیە، ٦– شۆخان صالح کە حاملەیە، ٧– بیان، ٨– چیمەن، ٩–زەمەن کەمندالیکی لەگەلە، ١٠–بدریە رسول، ١١– بەسۆز عبدالله ١٢– عائیشە.

ئیمە رادەگەیەنین کە هیرش بۆسەر بنکەی ریکخراوو خانەی سەنتەر دوژمنایەتی‌یەکی ئاشکرایە لەگەل بزوتنەوەی یەکسانیخوازی ژنانو خزمەتکردنە بە کۆنەپەرستیو پیاوسالاری. ئەم هەنگاوە ئەگەر بەری پیّنەگیریّ بوار دەرەخسینیّ بۆ پەرەسەندنی کوشتارو تیرۆرو بیّمافی زیاتری ژنان. هەروەها ئەو ژنانەی کە لە سەنتەر دەرهینراونو لەلایەن ئاسایشەوە براون هەموویان لەبەردەم هەرەشەی کوشتندانو ئیستا زیاتر گیانیان کەوتوەتە مەترسی‌یەوە. ئیمە داوا دەکەین لە هەموو دەزگاو لایەنو ریکخراوەکانی لایەنگری مافی مرۆف و ریکخراوەکانی ژنان و شخصیاتی ئازادیخواز لە کوردستان و لە هەموو جیهان کە لەبەرامبەر ئەم تاوانەی یەکیتی‌دا دەنگی نارەزایەتی بەرز بکەنەوەو ریسوای بکەنو زەختی بخەنەسەر تا بنکەی ریکخراوو خانەی سەنتەرو کەلوپەلەکانیان بگیرنەوەو ریگری لەبەردەم کارەکانیان هەلگرن. هەروەها داواکارین بەخیرایی بین بەدنگی ئەو ژنانەوە کە گیانیان لە مەترسیدایە.

**Worker Communist Party of Iraq-Organization Abroad**

**حیزبی کومونیستی کریکاری عیراق – ریکخراوی دەرەوە**

---

## راگەیاندنی روژنامەگەری (٢) ٢٠٠٠/٨/٧

**سەبارەت بە: وتارو نوسینەکانی " کوردستانی نوی " لە سەر حیزبی کومونیستی کریکاری عیراق!**

لەم سیّ روژەی دوایی دا یەکیتی نیشتمانی کوردستان لە " کوردستانی نوی " دا چەندین وتارو وتاروکەی لەژیر ناونیشانی جوراو جورو ناوی جوراوجوردا بلاوکردوتەوە دژ بە کومونیزم و حیزبی کومونیستی کریکاری عیراق، ناوەروکی وتارەکان داوامان لی دەکات کە دەست لە خەباتی رەوای خومان هەلبگرین دژ بە یەکیتی نیشتمانی کوردستان چونکە "کورد لە هەندەران عەیبداردەبیت"، "گورەپانی‌خەباتی راستەقینە کوردستان وعیراقە، ئەو خەباتەش بە خەلکانی بەشەرەفی شورشگیری کورد و عەرەب دەکریت" ، "ئەم گروپە لە چەندشاریکی ئەوروپا هەندیّ کاری تیرۆریستیان ئەنجام داوە بویە دەیەویّت ناکوکییەکانی کوردستان بهیّنیتە دەرەوەو زیان بەسومعەتی کورد لە دەرەوە بگەیەنیت" و "گیاکەلە" و "بچوکەکان" و چەندین قسەی بیّ سەروبنی تر کە هەر لە "کوردستانی نوی" و قەلّەم بەدەستانی‌ئەو دەوەشیتەوە کە خوبەرای ئاوا لەتحلیلی مەسائیلی سیاسی‌دا پەروەردە بکات. بەکورتی یەکیتی پیّمان دەلی خەباتی خوتان بوەستینن، با کورد عەیب دارنەبیت!! یەکیتی نیشتمانی کوردستان دەیەوی بەم قسە پرو پوچانە، سەرکوتی سیاسی ودکتاتوری‌یە بچوکەکەی و کوشتنی ژنان و تیروری سیاسی و قەتل و عامیك کە بردیە پیشەوە لە بەرامبەر حزبی ئیمەداو کارەبا و ئاوو خەتی تلفون برین و گرتن وتەعزیب دانی ئەندامان ودوستانی ئیمەو هەموو تاوانەکانی چەند سالەی دەسەلاتە کارتونی‌یەکەیان بشاریتەوە.ئیمە بە وەزیفەی خومانی دەزانین کە هەموو فەرهەنگ و عادەتە کیویی یەکانی ناسیونالیزم و یەکیتی نیشتمانی کوردستان ریسوا بکەین وئەمە ئەرکیکی هەمیشەیی کومونیستەکان بوەو هەیە وهیچ پەیوەندی‌یەکی نی‌یە بە عادەت وفەرهەنگی خەلکی کوردستانەوە کە لە سایەی دەسەلاتداری ئەم دیکتاتورە نوکەرەدا هەرچی زیاتر ژیان وگوزەرانیان لی تال بوەو روژانەش توشی کویرەوری و مال ویرانی زیاتریان دەکەن. " ینك "لەجیاتی ئەوەی سەرنجیك بداتەوە لە کارو کردوە دژی ئینسانی وکونەپەرستانەکانی خوی ودەست لەو جورە کارانە هەلبگری، پەنا دەباتە بەر ئەم قسە بی ناوەروکانە و دەیەوی وەکوو کویخای خەلکی کوردستانیش نوینەرایەتی فەرهەنگ وعادەتی ئەوانیش

بکات!! پاشان تەنانەت ئەگەرباسەکە باسی "کوردانە "، بەراستی بوچی یەکیتی نیشتمانی کەرامەت وشەخسیەتی بو "کوردەکان" هیشتوتەوە لە دەرەوە؟! چەند سالەی شەری ناوخو خو ئیمەنەبوین، هینانی جمهوری ئیسلامی ئیران بو شاری کویە خو ئیمە نەبوین کەلای برا گەورەی ئەمەریکاشیان ریسوای کردن ، کوشتنی شیرکوی شیخ علی بە دەعوەتکردنی بو گفتوگو لەشاخ ئیمە نەبوین، کوشتنی علی بوسکانی ئیمەنەبوین، کوشتنی محمدحلاق و١١ هاوریکەی ئیمە نەبوین، ئاودیوکردنی هەمووسیارەو شوفل و مەکائنی سلیمانی وناوچەکانی تر ئیمە نەبوین، تیروکردنی زیاتر لە ٤٠٠ کەسایەتی ئوپوزیسیونی ئیرانی لەناوشاری سلیمانی و دەوروبەریدا خو ئیمە مسئول نین لیی!! لەوانە خراپتر خو روژنامەی کیهان وبهاری جمهوری ئیسلامی کەئابروی بو نەهیشتونەتەوە ئیمە دەری ناکەین و ئاغاکانتانن وئاغاش جار بەجارفاول دەکات بەرامبەر بە نوکەرو کویخاکەی، کەواتە ئەوەی ئیوە پیی دەلین " زیان بەگەلیکورد بگەیەنی"، خاترجەم بن دەمیکە پیی گەیشتوەو ئابروتان نەماوە، و زیاتر نامینی، بەلام لی تان معلوم بیت، ئیوە نەك هیچ فرتان بەسەر فەرهەنگ وعادەتی پیشکەوتوو سکولاری خەلکی کوردستانەوە نییە بەتەنها بەلکو یەکیتی نیشتمانی کوردستان بەتەواوەتی خوی دوورخستوتەوە لە ریزیکی فراوان و بەرین لە ئەندامان و کادرانی خۆشی کە ئەم ملهوری و کونەپەرستی و نوکەرییە یان پی قبول ناکری.

ئەوەندەشی پەیوەندی هەیە بە کاری "تیروریستی " ئیمەوە بەراستی عەجائیبە!! لە ئازادی مەلاوە باسی بکەین یان لە وریاوە لە شیرکوی شیخ علی یەوە باسی بکەین یان لە حلاقەوە، لە بکر علی یەوە باسی بکەین یان لە " خالەحاجییەوە "لە تیروری ژنانەوە باس بکەین یان... جاری ئەوەندە بەسە!! دواترینیان تیرورکردنی ٤ هاوریی ئیمە بوو لەبۆسەیەکی هیزەکانی یەکیتیدا لە روژی ٧/١٤ دا لە ناوجەرگەی شاری سلیمانیدا ودوای ریك کەوتن لەگەل سەرکردایەتی یەکیتی، کە بە ئەوامری ئیتلاعاتی ئیران شەرتان پێفروشتین، ٥هاوریێ مان گیانیان لە دەست دا، زیاترلە٤٠ دوست وئەندامانمان گیران و بەتوندی تەعزیب دران لە ئاسایشە بە دناوەکەی " شەهید عوسمان " و تەقەتان لە ریپیوانی هیمنانەی ستافەکانی مقەرەکان کرد، وەفدی رابەریحزبتان دەست بەسەرگرت وەکو عادەتیعەشایری خوتان و ئیستاش ٥ هاوریمان زیندانین و...ئیستاش دەتانەوی هەروا ئیسراحەت دانیشن لە دەرەوەو لەناوەوەش، هەرچەندە گۆرەپانی خەباتی ئیمە هەموو دنیایە بەلام خەیالتان خاوە لە ناوەوەش بیّ خەم دانانیشن. لە کوتایشدا ئەم قەلەموکانە ئەگەر ئاوا خزمەت بە توجیهاتی ئیتلاعاتی ئیران دەکەن، قەلەمە کانیان بشکینن زور شەرافەتمەندانەترە.

**سکرتاریەتی ریکخراوی دەرەوەی وولات**

---

### تاوانی یەکێتی نیشتمانی لەدژی خەڵکی کوردستان مەحکومە

## ئێمە ئەمێنینەوە، ئێوە ئەڕۆن!

ئایندەی خەڵکی کوردستانی لەگەڵ ئەم کۆنەپەرستانەدا بەیەکجاری ڕۆشن کردەوە. هەڕەشەو دەستگیری کردنەکانو ئاوو کارەبا بڕینو شەقاوەچێتی کردنە ڕاستڕەوانەکانی تائێستای ئەم تاقمە، هێشتا زۆری فەرقە لەگەڵ هێرشی چەکدارانە بۆسەر نوسینگەی حیزبێکی سیاسی بەمەبەستی کوشتو کوشتارو ئار.بی.جی وەشاندن لە سەیارەی سەنتەری پارێزگاری ژنانو خەڵتانی خوین کردنی سەرنشینەکانیو وەرگرتنی ڕاسپاردەی ئینسان کوشتن لە تارانەوە. ئەم پەڵەی نەنگە پاك نابێتەوە.

هاوڕێیانی ئێمەیان بۆ کوشت؟ بگەڕێنەدواوەو چاوێك لە "شکاتنامە"کەی چەند مانگ لەمەوبەری "دادگا"ی حکومەتە عەشیرەتی– لۆمپنییەکەی تاڵەبانی لەدژی حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی عیراق بکەن. بەخەتی ڕەش لەسەر سپی نووسیویانە تاوانی ئێمە ئەوەیە کە بانگەشە بۆ یەکسانیی ژنو پیاو ئەکەین، کە لەبەرامبەر تیرۆریزمی ئیسلامیو عەشیرەتیدا دیفاع لە ژنان ئەکەین، کە بانگەوازی خەڵك ئەکەین بۆ دیفاع لە حیزب، کە لەبەرامبەر ڕەوتە کۆنەپەرستە ئیسلامیەکان ڕاوەستاوینو لەدژی بەئیسلامی کردنی کۆمەڵگای کوردستانو زاڵکردنی مۆتەکەی ڕەشی دین بەسەر ژیانی ملیۆنەها خەڵکدا خەبات دەکەین، کە خوازیاری ڕاگەیاندنی جیابوونەوەی کوردستانی عێراقو کۆتایی هێنان بە بێمافیو بێناسنامەییو بێئایندەییەکین کە هاوشێوەکانی تاڵەبانی نزیکەی دەساڵە لەسەر داوای وەزارەتی دەرەوەی ئەمریکاو دەوڵەتە کۆنەپەرستەکانی ناوچەکە بەسەر خەڵکی کوردستانی عێراقیاندا سەپاندووە. تاوانی ئێمە ئەوەیە کە جەنابی تاڵەبانیو تایەفەکەی پوڵو تفەنگو مەئموریەتێکیان لە ئەملاوئەولاوە وەرگرتووە، تاوانی ئێمە ئەوەیە کە خەڵکی کوردستان بەشایستەی شتێکی لەمە باشتر ئەزانین، تاوانی ئێمە ئەوەیە کە بووینەتە ئاستەنگ لەبەردەم ڕاوورووتو فەرمانڕەوایی کۆمەڵێك سەرۆك عەشیرەتو چەتە لە کوردستانداو دەمانەوێ خەڵك خۆی دەسەڵاتدار بێتو چارەنووسی خۆی بەدەستەوە بگرێت.

تاڵەبانیو یەکێتی نیشتمانی یەکەمین کۆنەپەرستانێك نین کە لەدژی کۆمۆنیستەکان دەست بۆ چەك ئەبەن. یەکەمین کەسانێکی ساویلکە نین کە پێیان وایە بەزەبری چەك دەکرێ بەسەر کۆمۆنیزمدا زاڵ بیت. حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی عێراق لەم شەڕەدا خاراوتر دێتە دەرەوە. پەیوەندی ئێمە لەگەڵ خەڵکی کوردستاندا لەجاران زیاتر توندوتۆڵ ئەبێت. ئەمانە بۆ سەدەمین جار گرەو لەسەر ئەسپی دۆڕاو ئەکەن.

کەمێك لەولاتری نووکیدەماغی جەنابی تاڵەبانیو هاوڕێبازەکانیەوە، خەڵکی کوردستانی ئێران خەریکن جمهوری ئیسلامی کە تاڵەبانی بۆ پێماچ کردنی ڕۆیشتووە، دەکێشنە ژێرو ئاڵای کۆمۆنیزمو ئازادیخوازیو حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی هەڵئەکەن. دەمەوێ بزانم کاتێك بەزوویی جمهوری ئیسلامی ڕۆیشتو خەڵکی هاتن، کاتێك شۆڕش لە کوردستانی ئێران، جارێکی تر کوردستانی عێراقی کردە مەیدانی گەرموگوڕترین بزووتنەوەی ئازادیخوازانە، کاتێك هاوپەیمانانو مشتەرییەکانی تاڵەبانی لە تاران تارومار بوون، کاتێك ئاڵا سوورەکان سەرتاپای کوردستانی گرتەوە، جەنابی تاڵەبانیو ئەو کەسانەی کە بەفەرمانی ئەو پەنجەیان خستەسەر پەلەپیتکەی تفەنگەکانیان لەدژی کۆمۆنیزمو ڕۆڵە پاکەکانی ئەم خەڵکە لەکوێ خۆیان حەشار ئەدەنو پەنا بۆ کێ ئەبەن. کۆمۆنیزمی کرێکاری بزووتنەوەیەکی فراوانە. تەنها بینایەیەك نییە لە سلێمانی. نۆرەی ئێمەو خەڵکە. سەردەمی دەسەڵاتی تایەفەکانو دارودەستە چەکدارەکانی سەربە دەوڵەتە جیاجیاکان بەسەر چووە.

بڕیاردەرو جێبەجێکەرانی کوشتنی هاوڕێیانی ئێمە دەبێ دەسبەجێ بناسێنرێنو لەپێشچاوی خەڵكو لەلایەن دادگا خەڵکییەکانەوە دادگایی بکرێن. یەکێتی نیشتمانی دەبێ لە سیاسەتی کۆنەپەرستانەی هەڕەشەو تەنگەبەری دروستکردن بۆ حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی عێراق دەست هەڵگرێت.

خەڵکی کوردستان،

لەدژی ئەم تاوانانەو جێبەجێکەرانی بێنە مەیدان. ئەم کۆنەپەرستانە لەجێگای خۆیان دابنێنەوە. پەشیمانیان بکەنەوە. بێنە ناو ڕیزەکانی حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاریەوە.

سڵاو لە یادی پاکی ئەو کۆمۆنیستانەی کە بۆ بەرگری لە بێبەشانو بۆ ئازادیو سۆسیالیزم لە شەقامەکانی سلێمانیدا خەڵتانی خوێن کران!

**نەنگو نەفرەت بۆ بڕیاردەرانو جێبەجێکەرانی ئەم تاوانە چەپەڵە!**

**بژی حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی عیراق!**

**منصور حکمت- ئەندامی حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی عێراق**
**١٦ی جولای ٢٠٠٠**

---

## یەکیتی نیشتمانیو دووپات کردنەوەی غەلەتە گەورەکان!

یەکیتی نیشتمانی کوردستان هەروا سیاسەتی دوژمنکارانەی بەرامبەر حزبی کۆمۆنیستی کریکاری عیراقو ئازادی سیاسیو رەوتی پیشکەوتوانەی نیو کۆمەلگای کوردستان دریژە دەدات. دیسان دەیەوێ شەریکی تازە بە حزبی کۆمۆنیستی کریکاری بفرۆشێو ئەمەش بکاتە دەرگایەك بۆ هیرش کردنە سەر ئازادیو مافە سەرەتاییەکانی خەلك. بەهانەی ئەمجارەی بە دەستەوە گرتنی باسی چونە دەرەوەی مقری چەکداری حزبەکانە لە شارەکان! واتە هەر ئەو خواستە کە چەند سالە خەلك بەروی خۆیدا بەرزی دەکەنەوە.

١٠ سالە ئەحزابی ناسیونالیستی کوردی حاکمو دارودەستەی ئیسلامی هاوپەیمانیان هەموو شاروشارۆچکەو دیهاتەکانی کوردستانو تەنانەت ریگاوبانەکانیشیان میلیتاریزە کردوەو لولەی چەكو صاروخی کاتیوشایان بردوەتە ناو هەموو مالو کۆلانو شوینیکی کارەوە. لە جەرگەی شارەکانو شوینی کاروژیانی خەلکدا بستیك جیگا نەماوە ئەوان میلیتاریزەی نەکەنو شەرە گولەو صاروخی تیا نەکەن. مالیك نەماوە گولەی ئەوانی بەسەردا نەرۆشتبێ، بینایەك نەماوە شوین گولەی ئەوانی پیوە نەبیت. تا ئەم ساتەش شەقامو کۆلانیك نییە مقری چەکداری ئەوانی تیا نەبیت. لەبەرامبەردا خەلکی بیزارو نارازی لەم رەوشتو رەفتارانەی ئەوان هەمیشە خوازیاری چونە دەرەوەی هیزی چەکدارو مقراتی چەکداری ئەم حزبانە بوون، بەلام هیچ کات وەلامیکی ئەم خواستەیان وەرنەگرتەوە. کەچی ئیستا یەکیتی نیشتمانی خۆی دەیەوێ سیاسەتی دوژمنکارانەی لەگەل کۆمۆنیزمو ئازادی سیاسیو خۆشخزمەتی بە دەولەتانی ناوچەکە لە ژیر ناوی جێبەجێ کردنی ئەم خواستەدا بەریتە پیش. ئەمجارە کیشەی ئەوەی لەگەل ئیمە ساز کردوە کە دەبێ مقرەکانی حزبمان لە شاری سلیمانی بەرینە دەرەوە، هەروەها هەمان مەسەلەی رووبەرووی ریکخراوی سەربەخۆی ئافرەتانو ریکخراوە جەماوەرییەکانیش کردوەتەوە. دواتریش لە دریژەی هیرشەکانیدا هەستاوە بە برینی ئاوو کارەباو تلفونی ئەم مقرانە. بەهانەشی بۆ ئەوەی کە بۆچی دەبێ ئەم کارە لە چونە دەرەوەی مقری حزبی ئیمەوە دەست پێبکات؟ ئەوەیە کە گوایە نەخشەکە وادانراوە لە پیشدا لە حزبە عیراقیەکانەوە دەست پێبکرێ!.

ناوەرۆك‌و ماهیەتی ئەم نەخشەو سیاسەتە دژی ئازادی‌یەی یەکیتی ئاشکراو رۆشنە. دوینی ویستی بە تاوانی ئەوەی حزبی ئیمە داوای یەکسانی ژن‌و پیاو دەکات‌و دژی قانونە بعسی–ئیسلامی‌یەکەی ئەحوال شخصی عیراقی‌یەو داوای جیای کوردستان دەکات‌و دەیەوێ وەزعی مەینەتباری ئیستای کوردستان بگۆرێ‌و ... حزبی ئیمە دادگایی بکات‌و لەم ریگایەوە هەلسورانی قەدەغە بکات. بەلام ئەم نەخشەیەی دووچاری ناکامی‌و شکست کرایەوەو جگە لە زیاد بوونی خالیکی دیکە بۆ سەر ملفی دژی ئازادی یەکیتی هیچ دەسکەوتیکی دیکەی تیا نەبوو. بەلام ئەوان کە دەرس لە غەلەتە گەورەکانی خۆیان وەرناگرن‌و لە هەموو بواریکدا بەردەوام دووبارەیان دەکەنەوە، ئەمجارەش دەیانەوێ هەمان نەخشەو سیاسەت بەرامبەر حزبی ئیمەو رەوتی ئازادی‌و یەکسانیخوازی بەم بەهانە بێ‌ناوەرۆکە دریژە بدنەوە.

ئیمە هەمیشە خوازیاری لە چەکداماليی شارەکان بووین‌و ئیستاش هەر هەین. بەلام هەموو کەسیکی سادە دەزانێ ئەحزابی حاکم‌و دەستەو تاقمی بەکریگیراوی ئیسلامی شارەکانیان ملیتاریزە کردوەو کردویانە بەمەیدانی شەرو کوشتاری خۆیان‌و تەراتینی باندە چەکدارو تیرۆریستەکانی جمهوری ئیسلامی. بۆیە ئەگەر پرۆسەیەکی وا دەست پێ بکات دەبێ لە پیشدا دەیان مقرە چەکداری‌یەکانی ئەحزابی حاکم‌و بنکە چەکداری‌یە گەورەکانی ئیسلامی‌یەکان‌و تۆپ‌و صاروخەکان لە شار ببرینە دەروە کە لە هەموو شارەکاندا هەن، نەك دوو مقرە سیاسی‌یەکەی حزبی کۆمۆنیستی کریکاری کە لە ناوچەی دەسەلاتی یەکیتی‌دا تەنها لە سلیمانیدا هەن، نەك بنکەی ریکخراوی سەربەخۆو ریکخراوە جەماوەری‌یەکان کە نە بنکەی چەکدارین‌و نە هیزی چەکداریان هەیە. ئەوە ئیمەین بەوان دەلین هیزی چەکدارو دەیان مقرو بنکەی سەربازیان بەرنە دەرەوەی شارەکان‌و جیگای کارو ژیانی خەلك چۆل بکەن. ئەمەی یەکتی ئەمرۆ لەبەرامبەر حزبی ئیمە دەستی داوەتێ کەم‌و زۆر هیچ پەیوەندی بەوەوە نی‌یە کە شارەکان لە چەك دامالرین، بەلکو دریژەی نەخشەو سیاسەتەکانی یەکتی‌یە کە ماوەیەکە لە دژی حزبی ئیمەو رەوتی یەکسانی‌یخوازی‌و ئازادی دەستی داوەتێ‌و هەر رۆژەی بە بەهانەیەك پاساوی دەدات.

بەلام کردەوەو رەفتارەکانی یەکیتی نیشتمانی بۆ بردنە پیشی ئەم نەخشەو سیاسەتە دژی ئازادی‌یە زۆر لەوانەی پیشوتریان شەرم هینەرترو نا شارستانی ترن. خەلکی کوردستان سالەهایە دەست‌و پەنجە نەرم دەکەن لەگەل ئەم شیوازی پەنا بردنە بۆ دانانی حصارو برینی ئاوو کارەباو تلفون لە کیشمەکیشی سیاسی‌دا. رژیمی بەعس هەمیشە ئەم شیوازە رەزیلانەیەی بەرامبەر خەلکی کوردستان پیرەوی کردوەو بۆ ملدانەواندن بە خەلك هەمان ئەم رەفتارانەی لەگەل کردوون.

سیاسەت‌و رەفتارەکانی یەکیتی جگە لە هەول‌و تەقەلا بۆ زالکردنی فەزای سەرکوت‌و پەلاماردانی مافەکانی خەلك‌و مەیدان کردنەوە بۆ پەرەسەندنی کۆنەپەرستی‌و جێبەجێ کردنی داواکاری دەولەتانی ملهورو کۆنەپەرستی ناوچەکە شتیکی دیکە نی‌یە. یەکیتی کە نوقمی ئەزمەو سەرلیشیواوی‌و بێ‌ئاسۆیی سیاسی‌یەو ترۆسکایەك لە پیش خۆی نابینێ، دەیەوێ بە پەلاماردانی حزبی ئیمەو مەدی پیشکەوتوانەی نیو کۆمەل، خۆی‌و دەسەلاتەکەی لە گیژاوی ئەزمەو بێ‌ئاسۆی رزگار بکات، دەیەوێ بەم کارەی دەستی لە تالە دەزوی رزیوی جمهوری ئیسلامی توندتر بکات‌و خۆراکی ژیانی سیاسی خۆی پەیدا بکات. بەلام گومان لەوەنی‌یە کە ئەم سیاسەتە زیاتر بەرەو ئەزمەو بێ‌ئاسۆیی رۆی دەبات. یەکتی چەند سالە بە کردەوە ئەمە تجروبە دەکات بەلام وادیارە هەر دەرسی لی وەرنەگرتوە.

حزبی ئیمە بە هەموو توانای بۆ دیفاع لە خۆی‌و لە ئازادی‌و ئینسانیەت‌و پیشکەوتنخوازی‌و مافەکانی خەلك بەرامبەر بەم نەخشەو سیاسەتەی یەکیتی رادەوەستێ‌و تا مقریکی چەکداری ئەحزابی حاکم‌و دەستەوتاقمی ئیسلامی لە شاریکدا مابیت، ئەو دەستورو بریارانە بە نابەجێ‌و نارەواو بەهانەی بێ‌ناوەرۆك دەزانێ‌و ملی پێ‌نادات. لە هەمانکاتدا جاریکی دیکەش ئەوە دووپات دەکەمەوە کە حزبی ئیمە ئامادەیە چ لە پەیوەند بەم مەسەلەیەوە چ لە پەیوەند بە هەر کیشەیەکی دیکەوە پیشوازی لە ریگاو شیوازی سیاسی‌و شارستانی بکات بۆ گەیشتن بە چارەسەری گونجاو. لە هەمان کاتدا حزبی ئیمە خەباتی سیاسی خۆی دریژە پێ دەدات لە پیناو ناکام کردنەوەی هیرشەکانی یەکیتی‌و بەرگرتن بە کۆنەپەرستی‌و هیرش کردن بۆ سەر ئازادی سیاسی. بەلام ئەم سیاسەت‌و رەفتارانەی یەکیتی هیرشیکە بۆ سەر ئازادی‌و ئینسانیەت‌و مافەکانی خەلك بەگشتی نەك تەنها بۆ سەر حزبی ئیمە. بۆیە بانگەوازی خەلکی ئازادیخوازی کوردستان‌و ریکخراوە جەماوەریەکان‌و ئەحزابی سیاسی‌و شخصیاتی لایەنگر لە ئازادی دەکەم کە هەلویست لەم مەسەلەیە بگرن‌و لە خەباتی حزبی ئیمە بۆ دیفاع لە ئازادی پشتیوانی بکەن‌و نارەزایەتی خۆیان لە دژی سیاسەتی دژی ئازادی‌و رەفتارە نارەواو ناشارستانی‌یەکانی یەکتی دەربرن‌و ناچاری بکەن دەستیان لی هەلگرێ.

هاوکات بانگەوازی رای گشتی ئازادیخوازی جیهان‌و ئەحزاب‌و ریکخراوەو شخصیاتی کریکاری‌و سۆسیالیستی‌و لایەنگر لە ئازادی‌و مافەکانی ئینسان دەکەم کە بەرامبەر ئەم هیرشە یەك لە دوای یەکانەی یەکیتی نیشتمانی دەنگی نارەزایەتی هەلبرن‌و مەحکومی بکەن. لە کەمپینە سیاسی‌یەکانی حزبی ئیمە بۆ دیفاع لە ئازادی‌و ئینسانیەت پشتیوانی بکەن‌و فشار بخەنە سەر یەکیتی تا دەست لەم رەفتارو سیاسەتانەی هەلگرێ‌و مل بدات بە ئازادی سیاسی‌و ریزدانان بۆ مافەکانی خەلك.

**ریبوار احمد**

**سکرتیری کۆمیتەی ناوەندی**

**حزبی کۆمۆنیستی کریکاری عیراق/ ١٣–٧–٢٠٠٠**

## راگەیاندنی روژنامەگەری (٢)

### ئاسیشی سلیمانی خوپیشاندانی هیمنانەی حزبی بە چەك وەلام دایەوە !

پیش نیوەروی ئەمرو ٢٠٠٠/٧/١٣ هیزەکانی ئاسایشی سلیمانی تەقەیان بەسەر هاوریان و دوستان ولایەنگرانی حزبدا کرد،لەکاتیکدا لەنزیك ویستگەی کارەبای سلیمانییەوە، دەیانویست لە ریپیوانیکی هیمنانەدا بەرەو جادەی سەهولەکە برون دژ بە برینی ئاوو کارەباو تلفونی بارەگاکانی حزب.

خوپیشاندەران چەندین لافتەیان بەرزکردبووەوە کە شیعاراتی لە چەشنی " ئاسایشی خەلکی کوردستان بە چونەدەرەوەی ملیشیای ئەحزاب و بنکەی دەزگا تیروریستەکان و بەرپاکردنی ریفراندوم وجیاکردنەوەی کوردستان دابین دەبی نەك بە برینی ئاوو کارەبا و تلفون لەبارەگاکانی حیزبی کومونیستی کریکاری عیراق" و.... لەسەر نوسرابوو. ئەم ریپیوانە هیمنانەیە کەوتە بەردەم پەلاماری چەکدارەکانی ئاسایش و بەتەقەکردن بەسەر خوپیشاندەراندا هەولیاندا کە بلاوەیان پی بکەن. لە ئاکامی ئەم کردەوە سەرکوتگەرانەی هیزەکانی ئاسایشدا، ئاسایشی خەلکی ئەو ناوە تیکچوو، وە ئەو خەلکەی کە هاتیشن بو ئاگاداربوون لە روداوەکە کەوتنە بەردەم پەلاماری ئاسایش و بلاوەیان پیکردن.

شایانی باسە دوستان و هاوریانی ئیمە روبەرووی استفزازی هیزەکانی ئاسایش بونەوەو پیکدادان رووی‌دا لەنیوانیاندا ولەئەنجامدا ژمارەیەك لە هاوریان ودوستان وخەلکی ئەوناوە دەستگیرکران، کەتائیستا ناوی ئەمانەیان زانراوە" سعید مستەفا، کاوە عبداللە، شکاك عبدالستار، برهان حمکول، خالد و تەها بهاالدین" وهەروەها کەسیکیشیان بەناوی "لمیعە" وە دەستگیرکردبوو کە دوای ماوەیەك ئازاد کرا.

پاش نزیکەی سەعاتیك لە کیشمەکیش و دەرگیری لەنیوان خوپیشاندەران و ئاسایش داو بەبەرچاوی سەدان کەس لە خەلکی شارەوەو پاش دانیشتنی وەفدی حکومەتی یەکیتی و کومیتەی سلیمانی هیزەکانی ئاسایش ئەو ناوەیان چول کرد و خوپیشاندانەکە کوتایی پیهات. هەر دوای ماوەیەك لە بەردەم مقەری کومیتەی سلیمانی حزبدا، ناسك احمد ئەندامی مەکتەبی سیاسی قسەوباسی بو خەلکی ئەو ناوە کرد کە کوبوبونەوەو چاودیری وەزعەکەیان دەکرد، لە قسەکانی دا سیاسەتی یەکیتی نیشتمانی کوردستانی لە برینی ئاوو کارەباو تەلەفون لە مقەرەکانی حزب بو ئامادەبوان رون کردەوەو داواشی لیکردن کە پشتیوانی لە داواکاری یەکانی حزب بکەن، چونکە دیفاع کردن لە حزب دیفاع کردنە لە ماف و ئازادی‌یە کانی خویان کە چەند سالە ئەم حزبە دیفاعی سەرسەختانەی لی کردوە.

**کومیتەی سلیمانی حزبی کومونیستی کریکاری عیراق**

**٢٠٠٠/٧/١٣**

---

**راگەیاندنی ژمارە ٢ی کۆمیتەی دەرەوەی وولاتی حزبی کۆمۆنیستی کریکاری عیراق سەبارەت بە :**

## دوا هەوالی هیرشی ملهورانەی یەکیتی بۆ سەر مقرەکانی حزبمان و رووبەروو بونەوەی چەکدارانەی هەردوولا

هەر وەکو لە راگەیاندنی یەکەمدا رامانگەیاندبوو کە یەکیتی نیشتمانی دوای چەند رۆژ دانانی حصاری هەمەلایەنە لە سەر مقرەکانی حزبمان لە شاری سلیمانیو برینی ئاوو کارەباو تلفونی مقرەکانمان، سەرئەنجام رۆژی ٢٠٠٠/٧/١٤ یەکیتی بەهیزیکی چەکداری گەورەوە هیرش دەکاتە سەر مقرەکانمان بە توندی محاصرەیان دەکات. بەپێی دوا هەوال هاورێیانی ئیمە راوەستاوانە بەروویان رادەوەستن ریگایان نادەن لە مقرەکان نزیك بنەوە. ئەم رووبەرووی یەکتر وەستانە لە سەرلەبەیانییەوە تا ئیوارە دریژەی دەبیت. دەورووبەری نیوەرۆ لە کاتیکدا دوو هاورێمان بە ناوەکانی (صادق نیك بین و ارش باقری ) لە گەرەکیکی نزیکی مقری کۆمیتە رابەری خەریکی شتو مەك کرین دەبن، لەلایەن هیزەکانی یەکیتی‌یەوە بەشیوەیەکی ترسنۆکانەو فرسەت تەلەبانە هیرشیان دەکریتە سەرو دەیانەوێ دەستگیریان بکەن، بەلام هاورێیانی جەسوری ئیمە لەشەریکی نابەرامبەردا بە دەمانچە وەلامیان دەدەنەوەو دەکەونە شەر لەگەلیان، لەم شەرەدا کە زیاتر لە نیو سەعات دەخایەنێ، سەرباری ئەوەی هاورێ صادق لەسەرەتاوە بە توندی بریندار دەبیتو بە دریژایی زیاتر لە یەك کیلۆمەتر وەلامی تەقەکانی ئەوان دەدەاتەوەو شەریان لە گەل دەکات. سەرئەنجام ئەم هاورێ جەسورو فیداکارەمان بە هۆی کاریگەری برینەکەیەوە دەکەوێ و دەستگیر دەکری و لە ژیر دەستیان دا گیان لە دەست دەدات.

لەولاشەوە محاصرەی مقرەکان بە بێ ئەوەی بکیشیتە شەرو تەقە هەروا بەردەوام دەبیتو هەرکەسیك بیەوێ لە ناو شارەوە هاتوچۆی مقرەکان بکات لەلایەن هیزەکانی یەکیتی‌یەوە دەستگیر دەکریت، سەرئەنجام تا ئیوارە زیاتر لە ٢٠ کەس بەم جۆرە دەستگیر دەکرین. دەورووبەری ئیوارە دوای ئەوەی رابەری حزبی ئیمە لە روانگەی هەست کردن بە مسئولیەت بۆ ئەوەی کوشتار نەبیتو فەزای شار تیك نەچیت، پیشنیاری ئەوە دەخەنە بەردەم سەرکردایەتی یەکیتی کە بە دانیشتنو گفتوگۆی سیاسی کیشەکە چارەسەر بکریت، سەرکردایەتی یەکیتی ئەم پیشنیارە قبول دەکاتو سەر لە ئیوارە دانیشتنی وەفدی رابەری هەردوولا

ئەنجام دەدرێو لەسەر ئەوە ریك دەكەون كە لە ماوەیەكی زەمەنیدا مقری كۆمیتەی رابەری ریكخراوی كوردستانو مقری كۆمیتەی سلیمانی بگویزرینەوە بۆ نزیكی مقری رادیۆیی حزبمانو هەموویان لە گەرەكی زەرگەتە بن. بەم جۆرە ریك دەكەون لەسەر چارەسەری كیشەكە. وەزعەكە ئارام دەبیتەوە.

بەلام یەكیتی وەكو رەفتارو پیشەی هەمیشەیی خۆی دور لە هەر پرەنسیپیكی سیاسی هەلپەرستانە سود لە فەزای گفتوگۆ وەردەگرێ. لە كاتی دانیشتنەكەدا سەیارەیەكی حزبمان بە ٥ سەرنشینەوە لە مقری كۆمیتەی رابەری دیتە دەرەوە بۆ ئەوەی بروا لە بازار خۆراك بۆ مقر بهینێ، بەلام لەوسەرەوە كە دەگەریتەوە لە ماوەی چەند سەد متری نزیك بە مقر هیزەكانی یەكیتی زۆر رەزیلانەو ترسنۆكانە فرسەت لە هیمن كردنەوەی وەزعەكە وەردەگرنو كەمین بۆ سەیارەكەی حزبمان دادەنینو لە سی لاوە وەبەر دەستریژی گوللەی دەدەن. هاورێیانی فیداكاری ئیمە جەسورانە لیان دینە دەستو وەلامیان دەدەنەوەو بۆیان دادەمەزرینو شەریكی قورسی نابەرامبەر لە نیوان چوار هاورێی چەكداری ئیمەو هیزیكی دەیان كەسی یەكیتی روودەداتو ماوەی نزیك بە یەك سەعات دەخایەنێ. لەم شەرەدا هاورێیانی ئیمە مقاوەتو گیانبازیەكی كەم وینە نیشانی ئینسان كوژانی یەكیتی دەدەن بە جۆریك كە دواتر دەبیتە ویردی سەرزای هەموو خەلكی شار. لە ئاكامی ئەم شەرەدا ٤ كەس لە هاورێیانی ئیمە بە ناوەكانی(عبدالباست محسن، ناسراو بە شیخ عبدول– كە سایقی سەیارەكە دەبیت) و (هاورێ لەتیفو محمد موستەفا و ابراهیم محمد رستم ناسراوبە هاوكار– لە هیزی حمایەتی مقری كۆمیتەی رابەری) گیانیان بەخت دەكەنو (ئاوارە مجید) بریندار دەبیت. لە هیزەكانی یەكیتیش كەسیكیان دەكوژرێو لانی كەم دوو كەسیشیان بریندار دەبیت.

هاوكات لەگەل ئەم پیلانەی یەكیتیدا لەولاشەوە مقری كۆمیتە رابەری دەدریتە بەر تەقەو لەویش شەریكی قورس روودەدات. لەویش مقاوەمەتیكی جەسورانە دەكەنو بواریان نادەن بستیك بینە پیشەوە. لەم شەرەشدا هاورێ(ئومیدی نیك بین برای هاورێ صادقی نیك بین– خەلكی شاری سنە) لە دوورەوە بە گولەی قەناسە دەپیكرێ و گیانی بەخت دەكات. دوای ئەم زنجیرە شەرانە تەقە رادەوەستێ. بەلام دەزگا سەركوتگەریەكانی یەكیتی لە تاریكی شەودا دەكەونە گەران بەدوای مالی هاورێیانو دۆستانی حزبمانو هەلدەكوتنە سەریانو سەرجەم نزیكەی ٤٠ كەس دەستگیر دەكەن.

ئەم كردەوە رەزیلانە و سەركوتگەرانەی یەكیتی لە ئاستیكی فراواندا دەبیتە جیگای نەفرەتو بیزاری خەلكی ئازادیخوازی سلیمانیو دەوروبەریو پەلەیكی رەشی ریسوای بۆ سەر ملفی پر لە تاوانی ئەم هیزە كۆنەپەرستە زیاد دەكات. لە هەمان كاتدا راوەستاوی جەسورانەی حزبی ئیمە دەبیتە ویردی سەرزاری خەلكو لە هەموو كۆركۆمەلیك باسی تاوانكاریو پیلانگیری یەكیتیو جەسارەتو راوەستاوی حزبی ئیمە دەكریت كە سەربەرزانە بەرامبەر ملهوری یەكیتی راوەستاو ئەوەی پێ حالی كرد كە ئەم حزبە لەو جۆرە حزبانە نییە كە مل بۆ ملهوری یەكیتی كەچ بكات، بەلكە بەوینەی حزبیكی جەسور تا لە توانایدا بیت رادەوستێو گیانبازی دەكات. یەكیتی دیسان غەلەتی گەورەی دووبارە كردەوەو جگە لە ریسواییو سەرشۆری شتیكی دیكەی بۆ نەمایەوە. لە هەمان كاتدا پیلانە رەزیلانەكانی یەكیتی ئەوەی بۆ هەموو خەلك رۆشن كردەوە كە بەهانەكانی یەكیتی بۆ شەر فرۆشتن بە حزبی ئیمە پوچ و بێبناغە بوونو تەنها بە مەبەستی بەرتەسكردنەوەی ئازادی سیاسیو ئەنجامدانی تاوانیك بوو كە دلی رژیمی كۆنەپەرستی جمهوری ئیسلامی لە خۆیان رازی بكەن.

بیگومان ئیمە و خەلكی ئازادیخواز لەم تاوانكاریانەی یەكیتی نیشتمانی خوش نابین و بە خەباتی شیلگیرانەمان دەبی كاریك بكەین ئەم رەوتە لە ئیدامەی كاری كونەپەرستانە و سەركوتگەرانەی پەشیمان بیتەوەو مل بو ئازادی و ماف ئینسانی خەلكی كوردستان كەچ بكات .

**كۆمیتەی دەرەوەی وولاتی**

**حزبی كۆمۆنیستی كریكاری عیراق**

**٢٠٠٠/٧/١٦**

---

# پەلاماری حزبە بەكریگیراوەكەی تالەبانی ریكخراوەكانی ژنانیشی گرتەبەر!

كاركردی كۆنەپەرستانەو تاوانە دژی ئینسانییەكانی باندە بەكریگیراوەكەی جلال تالەبانی ئەوەندە بە خیرایی پەردە لەسەر ماهیەتو رووخساری واقعییان هەلدەمالی، كە پروپاگەندە پرو پوچەكانیان راناگات بەوەی بەهانەی فریوكارانەیان بۆ داتاشێ. دوینێ دەزگای سەركوتی ئاسایشیان بلاوی كردەوە كە حزبی كۆمۆنیستی كریكاری تاقە حزبیك بوو لەبەرامبەر بردنە دەرەوەی مقری چەكدار لە شارەكان راوەستا، بۆیە هیرشی چەكدارانەمان كردە سەریان، سەیارەكەی سەنتەری ژنانیش لە خالی پشكنین رانەوەستابوونو تەقەیانكردبوو، بۆیە خرایە كەمینەوەوگولە باران كرا، سەربانو حەوشەو بەردەرگای مقرەكانی حزبی كۆمۆنیستی كریكاریش بەچەكدار تەنرابوو بۆیە هەلیان كوتایە سەرمالی ئەندامانو دۆستانی ئەم حزبەو دەیان كەسیان راپیچی زیندانەكان كرد. بەدەر لە پوچی ئەم ئیدعایانە، ئەوەی ئەم هەموو رووداوو بەهانە جۆراوجۆرانە لە ماوەی چەند رۆژدا یەك بەدوای یەك روویانداوە، بەسە بۆ ئاشكرا كردنی پیلانیكی درندانە كە لە ئارادا بووە. بەلام خودی كارو رەفتارەكانی یەكتی هەموو ئەم درۆو دەلەسانەی ریسوا كردوە. یەكیتی دەبێ وەلامی ئەوە بدنەوە كە ئاوو كارەباو تلفونی مالی شخصی هاورێیانی ئیمەو ریكخراوی سەربەخۆی ئافرەتانو سەنتەری پاریزگاری ژنانیان بۆچی بری؟! ژنی هەفتا سالەو مندالی دوازدە سالەیان بۆ راپیچی زیندان كرد؟! سەنتەری پاریزگاری لە مافی مندالانیان بۆ پەلامارداو تالانیان كرد؟! بۆچی بە شیوەی مافیایی وەفدی گفتوگۆیان بە بارمتە گرت؟! ...

پەلاماردانی بنکەی ریکخراوی سەربەخۆی ئافرەتانو خانەی سەنتەری پاریزگاری ژنان، ئیتر هیچ پەردەیەك بەسەر رووی ئەم باندە ئینسان کوژو بەکریگیراوەوە ناهیلیتەوە. ئیتر قەوانی نەهیشتنی دیاردەی چەکداریو رانەوەستان لە خالی پشکنینو تەقە کردن...بۆ ئەم رەفتارە لی نادریَ. ئەمانە ریکخراوەی جەماوەریو دەزگای ئینسانین، نە مقری چەکداریو نە هیزی چەکداریان نییە. ئەمە هیچ گومانیك سەبارەت بە ماهیەتی یەکیتی وەکو هیزیکی کۆنەپەرستی عشیرەتی پیاوسالارو دوژمنکار لەگەل ئازادیو مافەکانی کریکارانو ژنانو مندالانو ئینسانیەت ناهیلیتەوە.

بەکریگیراوی ئەم باندە بۆ رژیمی کۆنەپەرستی جمهوری ئیسلامی کە تا تەوقی سەری نوقمی کوشتارو سەنگەساری ژنانو سەرکوتی کریکارانو تیرۆری ئینسانیەتە، بەم تاوانەی دواییان دەرحەق بە بزوتنەوەی یەکسانیخوازی ژنان، گەیشتە بەو ئاستەی کە خەریکن فەرمانی ئەم رژیمە درندەیە لە کوردستانی عیراق بەریوە دەبەن. بەلام یەکیتی بەم خزمەتکارییە تەنها ریسوا نەبووە، جمهوری ئیسلامی پیَیَ بە لیواری قەبرەوەیەو خەریکە دەروات. ئەوکات خزمەکارەکانیشی چارەنوسیان لە خۆی باشتر نابیت.

**ریبوار احمد ( سکرتیری کۆمیتەیناوەندی حزبی کۆمۆنیستی کریکاری عیراق ٢٠٠٠/٧/٢٢ )**

---

# مافیا لە نیو خەلکی کوردستاندا جیگای نابیتەوە

پیلانە یەك لەدوای یەك و کردەوەی ملهورانەو سەرکوت گەرانەی بەکرێگیراوانی یەکیتی نیشتمانی لە دژی کۆمۆنیزم و حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاری لەم چەند هەفتەی دواییدا گومانی لەلایی کەس نەهێشتەوە کە ئەم دارو دەستەیە، هیزێکی ڕەش و مافیایین لە کۆمەڵگای کوردستاندا. سەرنجێکی ئەم کردەوانە بدەن و بە ئینسافەوە هەڵی سەنگێنن. بە بارەمتە گرتنی ژیانی ئینسانەکان لە ڕێگەی برینی ئاو و کارەبا و تەلەفوونی بنکەکانی حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاری و سەنتەری دیفاع لە ژنانی بێ سەرپەنا و لە ماڵی خەڵکی ئاسایی دراوسێی ئەم بنکانە لە ناوەراستی شار و بەدیار چاوی هەموانەوە. ئابڵۆقە دانی نیزامی و میلیتاریزە کردنی شارەکە، هێرشی چەکدارانە رێك لە کاتی گفت وگۆدا لەگەل هەیئەتێك لە رابەرانی حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاری کە بە ڕواڵەت بەمەبەستی بەرگرتن بە دەست پێکردنی شەڕ و خوێن ڕێژی و لەوەش بێشەرمانە تر بەبارەمتە گرتنی هەیئەتی گفت و گۆی حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاری لە رۆژی ٧/١٦/ ٢٠٠٠دا، ئەم شتە کە کەمتر لە پەیوندی نێوان دەولەتان و هێزە ناکۆکەکان کە لە کاتی شەڕدان لەگەل یەکتر وە تەنانەت کۆنەپەرسترینیشیانمان دیوە. ئەم کردەوەیە تەنیا تەنیا لە عەشایەر و لە دنیای ئەمڕۆدا لە باندە مافیایەکاندا چاوەڕوان دەکرێت. ئەم رووداوە دەبێ لەژێر ناونیشانی "تاقمی چەقۆکێش و مافیایی" بە دنیا بناسرێت و ریسوا بکرێت. تالەبانی بەکرێگیراو و مافیایەك کە ئەو رابەری دەکات لە درێژەی کێشمەکێشی چەند ساڵەدا کە بەمەبەستی سەرکوتی کۆمۆنیزم و بەرەی ئازادیخوازانە و خەبات بۆ بەدەست هێنانی بەرابەری لە کوردستاندا وە بەتایبەت لە چەند مانگی رابوردوودا بۆ قەدەغەکردنی حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاری بەپێی بەڵگەنامەیەکی زۆر کۆنەپەرستانەی سەرتیپ نەزیر علی، "دەعوانامەی حکومەتی عەشیرەتی — مافیایی" تالبانی و پیلانی جۆراوجۆری لە دژی حیزب ئەنجام داوە. ئەوانە لە "دەعوانامەکەیاندا" بێ شەرمانە و بە رەسمی نووسیان کە تەبلیغ بۆ بەرابەری ژن و پیاو، تەبلیغ لە دژی ئاین و داوای جیایی ئاین لە دەولەت، خەبات لە دژی ئیسلام و لایەنە گرێدراوەکان پێیانەوە، داوای گۆڕینی یاساکانی رژێمی ڕەشی بەعس لە پەیوەند بە مافی ژناندا، داواکاری سەربەخۆیی بۆ کوردستانی عیراق، پشت بەستن بە خەلکی و کۆکردنەوەی یارمەتی ماڵی دڵخوازانە لە خەڵکی و ... وەك تاوان لە قەڵەم دەدرێت. ئەوانە ئەوەندە گەوجن کە بیریان لەوە نەکردەوە کە ئاوا "دعوانامەیەك" لە لای ژنان و پیاوانی ئازادیخواز بەلگەی مەحکووم بوونی ئەوانە و بەلگەی شانازی ئێمەیە. لە ژێر گوشاری نارەزایەتی و خەباتدا ئەم بەلگەنامەیان وەرگرتەوە. بەلام پیلانگێرانیان کۆتایی نەهات. پیلانگێڕی و جینایاتی دوو هەفتەی رابوردوو هەر لە درێژەی مەبەستی قەدەغە کردنی هەلسوورانی حیزبی کۆمۆنیستی کریکاری عیراقە. بەلام خەیاڵیان خاوە. پێشینەی خوێنرێژی و تاوانی ئەم تاقمە چەقۆکێشە رێك بە قەدەری تەمەنی ئەم لایەنە خۆیەتی. ئەم راستی‌یە هەموو خەلکی کوردستان دەیزانن باندی مافیا — گانگستری تالبانی — نەوشیروان بۆ سەرکوتی هەر هێزێکی موخالیفی خۆیان، بەپێی ئیدیعای خۆیان بۆ "ماڵی کردنی" حیزبە موخالیفەکانی تەنانەت لە هەمان خێزانی بزووتنەوەی ناسیونالیستی چەندین جار دەستیان کردوە بە کوشت و کوشتار و سەرکوتیان. هەر ئەو بێدەنگی‌یەی ئەمڕۆی ئەم حیزبانە کە لەئاست جینایاتێکی خوێناوی کە لە چەند هەنگاوێکی ئەولا بنکەکانیانەوە دەکرێ کاردانەوەی هەر ئەو "ماڵی کردنەیان"بێ.

یەکیتی نیشتمانی بەکرێگیراو دەزانێ کە حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاری و ریزی خەباتگێرانی رادیکالی ئەو کۆمەڵگایە لەبەرامبەر کۆنەپەرستی دا ماڵی نەکراوە و ناکرێ. دوژمنی کوێر و توندی هێرشی بەکرێگیراوانی یەکیتی نیشتمانی کوردستان لەم ماوەیەدا وە خستنە رێی شەرێکی نابەرابەر هەر لەوەوە سەرچاوە دەگرێ. ئەم قاتلانە، وە لە سەروو هەموویانەوە تالەبانی — نەوشیروان دەبێ حیسابیان لەگەل بکرێ و ئەو رۆژە دوورە نی‌یە کە لە دادگایەکی عادیلانە و خەلکیدا دادگایی بکرێن.

ئەوانە نەك تەنیا پیاوکوژن بەلکو ئەحمەق و بێ ئەقلیشن. زور گەمژانە چاویان لە هیزی سەربازی زۆر خویان کرد و فەرمانی جمهوری ئیسلامی و رحیم صفوی سوپای پاسداران کە لە چاوپێکەوتنی ئەم دواییەی تاراندا بە تالەبانی کرا، کردیانە بنەما بۆ کارەکەیان و دەستیان دا بەو جینایەتەی ئەم دوایی‌یە و بنکەکانی حیزبی ئێمەی لە سلیمانی بەست. بەلام لە پشت حیسابانی گێلانە و چەپەڵی داروەستەی پیاوکوژانی تالەبانی — نەوشیروان حیزبی ئێمە بریتی نی‌یە لە چەند بنکە لە سلیمانی. بزووتنەوەیەکی بەربڵاوە لە عیراق و ئێران، وە هیزێکی جیددی هاوکێشە سیاسی‌یەکانی ئێستا و ئایندەی ئەم ناوچەیە و لایەنێکی هەڵسووراوە لە ئاستی نێونەتەوەییدا. خەباتی ئێمە لەو ئاستەدا درێژەی هەیە و گوشار خستنە سەری ئەم لایەنە تێکشکاوە و مافی‌یایە لەم ئاستەدا درێژە دەکێشێ. لە سبەینێی هەر ئاڵ و گۆڕێکی شۆڕشگێرانە لە ئێراندا لە هەل و مەرجی زیندوو بوونەوەی کەش و هەوای شۆڕشگێڕانە لە

کوردستانی عیراقدا، باندی چەقۆکیش و مافیایی وەك یەکیتی نیشتمانی و دارودەستە کۆنەپەرستەکانی دیکە کە پەڵەیەکی ڕەشن لەم کۆمەڵگایەدا، گوشەگیر دەکەونەوە و نابێ هیچ جێگاو ڕێگایەکیان بمێنێ. لایەنێ کە چارەنووسی خۆی بە جمهوری ئیسلامی گرێ داوەتەوە، لەگەل ڕۆیشتنی جمهوری ئیسلامی و لە ژێر گوشاری خەباتی رادیکالدا تەفرو توونا دەکرێت. ئەم ڕووداوە خەریکە روو دەدات. ئەو کات تاڵەبانی دەبێ بچێ قاچی کێ ماچ بکات؟

بەکرێگیراوی یەکیتی نیشتمانی بۆ دەولەتانی ناوچەکە ئیتر لەسەر دەمی خاص و عامە. شەخسی تالەبانی بە شایەتی مێژووی سیاسی هەلسوورانی خۆی یەکێکە لە بێ مایەترین و بێ پرنسیپ ترین و خوێڕیترین رابەرانی بزووتنەوەی ناسیونالیستی کوردە. هەل پەرست و نان بە نرخی رۆژ خۆر و ماستاوچی و دوورویی و نۆکەری کردن و رەنگ گۆڕینی شەو و رۆژی لە سیفەتە جێکەوتووەکانی ئەم بەشەرەیە. لە بەر درگای هەر کەسێکدا کە لە دەسەلاتدا بێ کورنووشی بردوە. بەپێی مەسەلەحەتی زەمانە رۆژێك پێی بەعس و صدام ماچ دەکات، رۆژێکی تر هی شا و خومەینی و حافز اسد و بوش و کلینتون ماچ دەکات. سەردەمێك کتێبە سوورەکەی ماو و سەردەمێکی تر کتێبە سەوزەکەی قەزافی و دواتر توزیع المسائلی خمینی بەدەستەوە گرتوە. بەلام لە ئالّ و گۆڕێکدا کە لەبەردەم کۆمەلگادا لە ئیران و عیراقدایە، ئەو کات کە کۆمۆنیزمی کرێکاری بەهیز خۆی نیشان بدات، چیتر ڕێگا بۆ رەنگ گۆڕینەکان و مانۆڕی بەکرێگیراوانەی تالەبانی و کەسانی تری وەکو ئەو نامێنێتەوە. سەردەمی کۆتایی کردەوەی مافیای و تفەنگچیەتی ئەوانە دەبێ و پێکهێنانی دەسەلاتداریەتی خەلکییە.

**رحمان حسین زادە/ ٢٠٠٠/٧/١٩**

# بەڕێز جەلال تالەبانی سکرتێری یەکیتی نیشتمانی کوردستان!

هەر وەك ئاگادارن من دوو جار نامەی سەرئاواڵەم بۆ نووسین کە هەردووکیان بەداخەوە لەسەر دەستدرێژی و پەلاماریبردنی یەکیتی نیشتمانی بوون بۆ سەر حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاری عیراق. ئەمەیان نامەی سەرئاواڵە نیە، بەڵکو دەبڕینی رق و نەفرەت و بێزاری منە لە کردەوەی جینایەتکارانەی مەکتەبی سیاسی یەکیتی نیشتمانی کوردستان بە تایبەتی شەخسی نەوشیروان مستەفا لە دژی حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاری عیراق. لە دژی رێکخراوی سەربەخۆی ئافرەتان، سەنتەری پارێزگاری لە منالآنی بێ پەنا و لە دژی پارێزگاری لە ژنانێك کە گیانیان بەبۆنەی هەڕەشەی ئیسلامیەکان و پیاوسالارانی ناو کۆمەڵ لەخەتەر دابوو.

تەقەکردن و چوونە سەر مقەر و بارەگای سیاسی حیزبێکی کۆمۆنیست و رادیکال و ئازادیخواز کە بۆ ئازادی و یەکسانی کرێکاران و کۆمەلانی ئازادیخواز خەبات دەکا، لە جیاتی لەپیش گرتنی رێگاچارەی سیاسی بۆ چارەسەرکردنی ناکۆکیەکان، یان هێرش کردن بۆ سەر سەنتەری پارێزگاری منالان و رێکخراوی ئافرەتان و تالآن کردنی ئەو شوێنانە لەلایەن چەکدارەکانی یەکیتی نیشتمانییەو، پێتان خۆش بێ یان پێتان ناخۆش بێ، نەتەنیا ئەو پەری کۆنەپەرستی دەگەیەنێ، بەلکوو نموونەیەکی ئاشکرایە لە کردەوەی جینایەتکارانەی هێزێکی عەشایەر و بەکرێگیراو و راوو رووت کەر و بێ دەربەست! ئەگەر ئێوە و مەکتەبی سیاسی یەکیتی نیشتمانی دەتانەوێ خۆتان ئاوا بە کۆمەلانی خەلکی کوردستان بناسێنن، کە وادەردەکەوێ، دڵنیابن ئێمە و کەسانی وەکوو ئێمەش لەم بارەیەوە درێخی ناکەین!

بیانوویەکانی مەکتەبی سیاسی و هێزە چەکدارەکانی یەکیتی نیشتمانی واتە "چۆڵ کردنی شار لە هێزی چەکدار"، بۆ هێرش کردن بۆ سەر مقەڕی حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاری عیراق و لەهەمووان سەیر تر بۆ سەر مەنتەری پارێزگاری منالآن و ریکخراوی سەربەخۆی ئافرەتان، ئەوەندە پووچە کە تەنانەت منالّی ٤ –٥ سالەیشی پێ قانع ناکرێ! کوا حیزبی دووهەم، ئەگەر فەرز بکەین وایە، خەریکە شار چۆل دەکا یان قەرارە لە چەند رۆژی داهاتوودا شار چۆڵ کا! بۆ لە ئیسلامی‌یە پڕ چەکەکان و لە "قەرارگای رەمەزان" و لە "ئیتلاعاتی سپاس پاسداران" هوە دەستان پێ نەکرد کە مەسئولی هەموو چەشنە بێ نەزمیەك لە ناوشاری سلێمانی دان؟ بۆ لە حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاری عیراق کە هێزە عەسکەریەکەی تەنیا بۆ پارێزگاری لە مەکتەبی سیاسی خۆیەتی، وە بۆ لە رێکخراوی سەربەخۆی ئافرەتانەوە دەستان پێ کرد! ئایا ئەمە پیلانی دژی ئازادی و دژی یەکسانی خوازی ژنان لە کوردستان و دژی تێکۆشانی کۆمۆنیستی و رادیکال نیە؟ ئایا ئەمە مایەی ئەرمەزاری نیەبۆ مەکتەبی سیاسی یەکیتی نیشتمانی لە بەرامبەر خەلکی کوردستان دا؟

ئەوەندە بزانن ئێران لە ئاڵ و گۆڕێکی سیاسی قووڵدایە و کۆمەلآنی ووشیاری خەلك لەکوردستانی ئێرانیش وەکوو باقی شوێنەکانی تر خۆیان بە توندی بۆ بەشداری کردن لەم ئاڵ و گۆڕە سیاسیە ئامادە دەکەن. ئێوەش خەریکن خۆتان دەکەن بە پاشکۆی سیاسەتەکانی جمهوری ئیسلامی وبەم چەشنە خۆتان بەرەو هەلدێری فەوتان دەبەن! تەنیا رێگای پاشگەز بوونەوە، دانیشتن و چارەسەرکردنی کێشەکانە لە رێگای سیاسی لەگەل حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاری عیراق و لەگەڵ رێکخراوی سەربەخۆی ئافرەتان و گەرانەوەی بارەگا و مقەڕەکانیان بۆ شاری سلێمانی، ئەگینا دڵنیابن ئێمەش دەستان لێ هەڵناگرین، بەهەموو ئیمکاناتی سیاسیمانەوە دەچینە شەرتان و هێزی کۆمەلآیەنی رزگاریخوازی کوردستانیش لە دژتان دێنینە مەیدان. کارێك مەکەن رێگایەك بۆ پەشێمان بوونەوەتان نەمێنێ!

**حسین مرادبیگی ( حمە سوور)   ٢٠٠٠/٧/٢٦**

# پیــــــــــــــروزبیت

# لە خری ناو زەنگەوە بو بون بە لقی کوردستانی ئیتلاعاتی ئیران!

## سەبارەت بەهیرشەکانی (ی.ن.ك ) بوسەر

## مقەرەکانی حزبی کومونیستی کریکاری عیراق!

"لەماوەی ١٠ روژدا مقەرەکان بگویزنەوە، ئەمەبریاری شارەوانی‌یە"، "بریارەکە بریاریکی‌ئەمنی‌یەو تکایە مەیکەن بەسیاسی"، "ئیوە دواحزب بن مفەرەکانتان چول بکەن"، "بریارەکە لەسەرەتاوە ٥ حزبی معارەزەی عیراقی دەگریتەوە"، " ئیوە قەناعەت ناکەن ئەم بریارە بریاریکی‌ئەمنی بیت و لەپیناو جەماوری شاردا بیت "،" مقەری‌هەموو حبزبەکان دەبیت لە شار بچیتە دەرەوە بەوانەی یەکیتی یشەوە"، "هیچمان ناویت تەنیاگواستنەوەی‌مقەرکان نەبیت"، "لە وە حزبە ٤ حزبیان بریارەکەیان جی‌بەجی‌کردە تەنیا حزبی کومونیستی کریکاری عیراق ماوە"، "سەنتەری ژنان و ریکخراوە جەماوەری یەکان ئیمە حەقمان نی‌یە بەسەری‌یەوەو با کاری خویان بکەن"، "ئیوە میوانن و دەست بەسەر نین"و... هتد. ئەم رستانەی سەرەوە باس و قسەی سەرانی یەکیی نیشتمانی کوردستان بوو لە هەموو دانیشتن کوبونەوە رسمی‌یەکانی نیوانماندا، تەنانەت لە دوای روژی ٧/١٤وهیرشە چەکدارانەکەی بوسەر مقەرەکانی حزب لە گردی علی ناجی لە جەرەگەی شاری سلیمانی‌دا، لە وانەش عەجاییتر دوای دەست بەسەراگرتنی ئیمە لە ئاسایشی گشتی ودوایی بریاریان بو چولکردنی مقەرەکان وگواستنەوەی تەواوی مقەرەکان لە ناوچەی ژیر دەسەلاتی یەکیتی‌دا هەر هەمان ئەو قسانەیان دووبارە دەکردەوە، دەست بەسەراگرتن و بە بارمە گرتنی ئیمەش "میواندری! !" بوو.

لەبەرامبەرئەو باسانەدائیمە هەمیشە لە هەمو دانیشتنەکاندا پافشاریمان دەکردە سەر ئەوە کە چولکردنی شارەکان و جیگای ژیان وکاری خەلك لە چەك، وە گواستنەوەی مەرکەزی عەسکەری و مفەراتی عەسکەری داواو خواستیکە کە هەمیشەو لەسالی ١٩٩٥وە ئیمە باسامان کردوەو وەك داوایەك جەماوەری کوردستانمان لی ئاگادارکردوتەوە، لە هەمانکاتیشدا بەروشنی ناوەروك و دیوی ناوەوەی ئەم سیاسەتەی یەکیتی مان هەم بو خویان هەم بو خەلکی کوردستان ئاشکراکردوەو قسەمان لەسەرکردوە، وبەروشنی رامان گەیاندو پیمان وتن ئەگەر مەسەلە مقەراتی عەسکەری‌یە ئیمە مقەراتی عەسکەری مان نی‌یە و تەنیامقەری سیاسی مان هەیەو کە ئەمەش بریارەکە نایگریتەوە وسەرەرای ئەوەش ئیمە ئامادەین قسە لەسەر چونیەتی گواستنەوەی مقەرەکانمان بکەین، وە ئەوە ئیوەو ئیسلامی‌یەکانن شارتان میلیتاریزەکردوە ، بەروشنی وتمان ئەگەر مەسەلە معارەزەی عیراقی‌یە ئەوە ئیمە مقەری کومیتەی رابەری ریکخراوی کوردستان و کومیتەی سلیمانی حزبمان هەیە و هیچ مقەراتیکی وەسەت و جنوبمان لە کورستاندا نی‌یە، ئەوان وەلامیان بەم قسانەی ئیمە برینی ئاوو وکارەباو خەتی تلفونی مقەرەکان بوو، دەستیان کرد بەگرتن و راونانی ئەندامان و دوستانمان، و تەقەیان لە ریپیوانی هیمنانەی ستافەکانی مقر کرد لە روژی ٧/١٣دا ودوا جاریش روژی ٧/١٤ هیزیکی زوری‌یان کوکردەوەو هیرشیان کردە سەرمقەرەکانی حزب وبوسەیەکیان لە ناوچەرگەی شاردا و لەگەرەکی عقاری بو سیارەیەکی سەنتەری پاریزگاری لە ژنانی کوردستان  داناو قەتل و عامیان کردن و لە هەمان کاتدا بە قەناص هاوری‌یەکی تریان لەسەربانی مقەری کومیتەی رابەری کوشت لە کاتیکدا کە وەفدی رابەری ئیمە لە گفتوگودابون لەگەل سەرکردایەتی یەکیتی و شەخسی نەوشیروان مستەفا کە جیگری جلال تالەبانی بوو، دواتر تەرمی گیان بەختکردوانیان شاردەوەو گوی‌یان نەدایە هیچ جورە پرینسیبیکی ئینسانی ، دواتر وتیان دەبیت ئیزگەکەش بگویزنەوە و روژی ٧/١٦یش ئیمە ( تایەر حسن، سامان کریم، فواد صادق ) وەکو وەفدیکی رەسمی لە ئاسایشی گشتی دەست بەسەر کراین و وتیان نابیت مقەرات وئیزگەی ئیوە لە ناوچەی ژیر دەسەلاتی ئیمەدا بمینیت، ٧/٢١ پەلاماری‌سەنتەریان دا وەك ئەوەی رەبایە بگرن ودەستیان گرت بەسەر تەواوی کەل و پەلەکانیدا وتائیستاش سی ستافی سەنتەر گیراون و لە ئاسایش زیندانین.

ئیمە وەکو رابەری حزب هەولیکی زورمان دا بو هیمن کردنەوەی هەل ومەرجەکەو چارەسەرکردنی کیشەکان بە ریگایەکی سیاسی و شارستانی ودوا هەولی رسمی ئیمە لەم بارەوە نامەی مەکتەبی سیاسی حزب بوو بو مەکتەبی سیاسی یەکیتی نیشتمانی کوردستان لە روژی ٢٠٠٠/٥/١٠دا درا بە مەکتەبی پەیوەندی‌یە نیشتمانی‌یەکان، کە بەروشنی تیایدا ئەوەمان بەیان کردبوو کە ئەگەر باسەکە باسی گواستنەوەی‌مقەراتە باقسە لەسەر میکانیزمی گواستنەوەی بکەین،بەلام ئەوان هەموو ریگایەکی گفتوگو و چارەسەرکردنی کیشەکەیان بەریگایەکی هیمنانەو سیاسی داخست، بەوپی‌یەی‌کە بریاریان دابوو دەبی خوین بریژن.

ئەمە کورتەی روداوەکان بوو، بەلام زور زوو ناوەروکی راستەقینەی سیاسەتەکانی یەکیتی لە پەیوەند بە گواستنەوەی مقەراتی ئەحزابەوە دەرکەوت، کەبەتەواوی بو چونەکانی پیشووی ئیمەی وەکوو روژی روناك سەلماند بەوەی کەئەم کارانە بەرامبەر بەحزبی ئیمە کراوە مەسەلەیەکی سیاسی‌یەو رەبتی نی‌یە بەگواستنەوی مقراتەوەو ئیتر ئەمە هیچ مەجالیکی بو کەسانی شەرافەتمەند نەهیشتەوە کەچاوی خوی لە بەرامبەر راستی‌یەکاندا بنوقینی،روژنامەی کیهانی ئیرانی لەروژی ٨/١ دا پەردەی تەواوی لەسەر هەموو دروو دەلەسەو ئیدعاکانی یەکیتی نیشتمانی کوردستان هەلدایەوەو نیشانیدا کە مەسەلەکە نەگواستنەوەی مقەراتی ئەحزابە، نەگواستنەوەی معارەزەی عیراقی‌یە، نە مەسەلەی ئەمنیەتی شارو جەماوەری کوردستانە، وە معلوم بوو کە بە هیچ حزبیکی تریشیان نەوتوەو  هیچ حزبیکیش مقەری نەگواسنوتەوە، ئیتر راستەوخو مەسەلەکە بو هەمووکەس روشن بوەوە کە ئەوامری ئیتلاعاتی جمهوری ئیسلامی ئیرانەو یەکیتی نیشتمانی ئامادەیە وەرەقەی سپی بوئیمزا بکات، هەروەك لە هیرشەکەی سوپای پاسدارانی جمهوری ئیسلامی دا بوسەر ئوردوگای حزبی دیمکراتی ئیران وەرەقە سپی یەکەی بو ئیمزاکردن،وئەمجارەیان لە ورەقە سپی‌یەکەدا کەئیمزاو مورە سەوزەکەی یەکیتی نیشتمانی لە خوارەوە پیوە بوە ئیتلاعاتی جمهوری ئیسلامی ئیران لەسەرەوە ناوی حزبی‌کومونیستی‌کریکاری عیراقی نوسیبوو، کە دەبی لەلایەن یەکیتی‌یەوە لی‌یان بدری و خوین برژی. یەکیتی نیشتمانی کوردستانیش بو ئەم کارەی مەسەلەی قانونی چولکردنی مقەراتی ئەحزابی داتاشی و ریگاشی لەتەواوی ئەو هەولانە بری کە دەویست کیشە کە بە شیوەیەکی سیاسی وهیمنانە چارەسەر بکات، ئەمە ناوەروکی‌ئەسلی مەسەلەکەیە بەتایبەت ئیستا لەقسەی ئیمە دەرچووەو خاوەن مەسەلەو ئەوەی ئەمرەکەی دەرکردوە خوی رایگەیاندوەو پیروزبایی و تقدیر دەنیری بو جلال تالەبانی، منیش لای خومەوە دەلیم پیروزبیت و ئەم سەفەرەش مبارەك.

بەلام بەراستی ئایا ژمارەیەکی زور لەکاداران وئەندامانی یەکیتی نیشتمانی‌کوردستان بو ئەوە ئەندام وکادری یەکیتین کەئەوامری ئیتلاعاتی ئیران جی بەجی بکەن؟! ئایا دیمکراتی‌و جاری گەردونی مافی مروڤ و فرە حزبی و ئازادی سیاسی ومافەکانی ژنان و عیلمانی بونی‌کونگرەی یەکەمی یەکیتی بو

تەواوی كادران وئەندامانی نەبوتە جیگای پرسیار؟! ئایا تەواوی ئیدعاكانی یەكیتی نیشتمانیكوردستان بو سەرجەم خەلكی كوردستان و كادرانی خوی نەبوتە جیگای پرسیارو سەرنجدانەوە؟! ئایا یەكیتی نیشتمانی كوردستان لەبەردەم خەتەرترین دەورانی سیاسی خوی دا نیە، بەوەی كە رونیكاتەوە ئەم حزبەی بوچیدروستكردوەو دەیەوی بەرەو كویببات ،بەشیكە لە ئیتلاعاتی ئیران یان حزبیكی وەفادارەبە بەرنامەو ئیدعاكانی خوی؟! ئەمرو یەكیتی نیشتمانیكوردستان ورابەری ئەم حزبە وەلامی روشنی خوی داوەتەوە بەم پرسیارانەو بەتەواوی چارەنوسی خوی گری داوە بە بریارەكانی ئیتلاعاتی ئیران ولەم بارەوە هیچ گومانیك نەماوە بەتایبەت دوایی ئەوەی هەردوو روژنامەی كیهان وبەهاری جمهوری ئیسلامی ئەم مەسەلەیەیان ئاشكرا كرد، یەكیتی نیشتمانی ورابەری یەكەی سورە لە سەر بەردەوام بون لە سەر ریگایەك كە گرتویەتیە بەر لە سەركوتی ئازادی سیاسی و دەست لەملانیی لەگەل ئیسلامیە كان و كاركردن بەپیی توجیهات وئەوامری ئیتلاعاتی ئیران و دژ وەستانەوەی بەرامبەر بە مافەكانیمروڤ و هیزە عیلمانی و پیشكەوتوخوازەكان وتەنانەت وەستانەوە بەرامبەر بە ئیدعاو بەرنامە راگەباندراوەكانی خوی و بوتە بەشیك لە لقەكانی ئیتلاعاتی ئیران و بەتەواوی نامو بوە لەگەل جەماوەری كوردستان و زوربەی كادران و ئەندامانی خویدا. وە لەسەر پایەی ئەم وەزعەیەتەش نارەزایەتیەكی بەرفراوان بەرووی یەكیتی نیشتمانی كورستاندا سەری هەلداوەو لەبرەودایە لەلایەن جەماوری نارازی كوردستان و ئەدیبان وروشنبیران و كادران وئەندامانی نیو ریزەكانیخویەوە ، تەنیا ریگایەك كە ماوە لەبەردەم هەركەسیكی خاوەن هەلویست و شەرافەتمەندی نیو ریزەكانی یەكیتیدا تەنیا بەجی هیشتنی ریزەكانیەتی وخو رزگاركردنە لەم زەلكاوەی كە رابەری ئەم حزبە بو خەلكی كوردستان و ئەندامانی خویپیك هیناوە.

**محمد شيخ عبدالرحمن ( سامان كريم )**

**لیپرسراوی ریكخراوی دەرەوەی وولات/ حیزبی كومونیستی كریكاری عیراق**

**٢٠٠٠/٨/٥**

---

**لیستی ناوی كادر و ئەندامانی هەردووحیزبی كۆمۆنیستی كرێكاری عیراق و ئیران كە بەیاننامەینارەزایەتییان بەرامبەر بە هێرشی دڕندانەی یەكیتی بۆ سەر حیزب نووسیوە وەیان وەلامیان بە قەلەمە بەكرێگیراوەكانی كوردستانی نوێ داوەتەوە، كە لەم نامیلكەیەدا نەهاتوە:**

١- محسن كريم
٢- جمال محسن
٣- ناسك احمد
٤- تایەر حسن
٥- خسرو سايە
٦- مؤيد احمد
٧- عوسمانی حاجی مارف (امجد غفور)
٨- فارس محمود
٩- اصغر كريمی
١٠-كورش مدرسی
١١-ئاوات سعيد
١٢-ايرج فرزاد
١٣-ئاسۆ كمال
١٤-مظفر محدی
١٥-صالح سرداری
١٦-هەلالە رافع
١٧-سوزان كريم
١٨-مينا احدی
١٩-ثريا شهابی
٢٠-صلاح ايراندوست
٢١-اسماعيل ويسی
٢٢-رضا كمانگر
٢٣-مجيد حسينی
٢٤-اسد حيدری
٢٥-مستەفا صابر
٢٦- سياوش مدرسی
٢٧-ناصر هنارە(ناصر اصغری)
٢٨-زينب رحيم

٢٩- اسماعیل مولودی

٣٠- نسان نودینیان

٣١- ڕێنوار جبار

٣٢- ڕێباز جمال

٢٣- هێمن محمد احمد

٢٤- شمال علی

٢٥- سالار رشید

٣٦- نوری بشیر

٢٧- عبدالله صالح

٢٨- جمال صالح

٢٩- مصتەفا باهیر

٤٠- ئالا فرج

٤١- ڕێگا رؤوف

٤٢- نازەنین ناصح

٤٣- رعد سلیم

٤٤- نادیە محمود

٤٥- سمیر عادل

٤٦- عادل احمد

٢٧- مەریوان رئوف

٤٨- کاوە

٤٩- بەیاننامەی هاوبەشی (اسد نودینیان، عبدالله دارابی، عبدالله کونەپوشی، صالح سرداری، ایرج فرزاد، مجید حسینی،نسان نودینیان، همایون گدازگر و محمد راستی)

# بەشی دووهەم: نامەی نارەزایەتییەکان

# بەیاننامەی نارەزایەتی بەرامبەر
# دەست بە سەرداگرتنی بارەگای ریکخراوی سەربەخوی
# ئافرەتان وقەدەغەکردنی کارو چالاکی ئەندامەکانیان

**ژنان، ئافرەتانی یەکسانیخواز..**
**خەلکی ئازادیخوازی کوردستان**

وەك ئاشکرایە، هەر لە دوای بەهاری راپەرین (١٩٩١) وە، باریکی باش رەخسا بو پیادەکردنی ئازادیی و هەلسورانی کارو چالاکی فیکری و سیاسی، لەم نیوەشدا چەندین ریکخراوی ژنان و ئافرەتان بە بیرو تیزی جیاوازەوە سەبارەت بە مەسەلەی چارەنوسسازو رەواکەیان هاتنە مەیدان و هەریەکیش بە پیی تواناو بوار بو رەخسانی کاری بو کیشەو چەوساندنەوەی ئافرەتان کردوە، (ناوەندی هاوبەشی ریکخراوەکان) یش بەری رەنجی هەول و خەباتی چەند سالەی ئەو ریکخراوانەیە.

ئەمروش کە کوردستان بە باریکی بی ئاسوبدا دگوزەری، لە هەمو کات زیاتر پیویستی بە دەستەبەر کردنی ئازادیی و پیادکردنی دیموکراسی جیگیرکردنی بنەماکانی مەدەنی و عیلمانیەت هەیە، کەچی بە داخەوە لە بری بە دەستهینانی ئەو مافانە، کارەساتیکی دلتەزین دیتەپیشەوەو هەموو ئەو چەمکانە دەخاتە ژیر پرسیارو گومانەوە.

رووداوی (٢٠٠٠/٧/١٤) ی نیوان هیزەکانی ئاسایش و حزبی کومونیست، بوە مایەی نیگەرانی و هەرشەکردن بو سەرئازادی و دوورکەوتنەو لە بەدیهینانی دیوکراسی راستەقینە و بنەماکانی یاساو مافی مروڤ.

مخابن دیسانەوە چەك بووە، زمانحالی چارسەرکردنی کیشەکان وشەرو خوین رشتن بووە ئەلتەرناتیڤی زمانی ئەقل و بەرقەرارکردنی سیستەمی دیالوگ...!

ئەوەی هیزەکانی ئاسایشی سلیمانی لە بەرامبەر حزبی کومونیستی کریکاریی عیراق گرتیەبەرو شەهید کردن و راوەدوونانی ئەندامانی دەلیلی قسەکانمانە.. ئەم رووداوە بانگەشەو درووشمی چەندین سالەی بو دروست بوونی کومەلگەی مدنی بە تالکردەوەو زەنگیکی خەتەرناکیش بوو بو ئایندەی دیموکراسی کومەلگە.

لە سەروبەندی ئەمانەشدا، (ریکخروی سەربەخوی ئافرەتان) کە یەکیکە لەو شەش ریکخراوەی (ناوەندی) ی لیپیکهاتووە، کەوتوتە بەر ئەو هیرشە و بارەگەکەیان دەستی بەسەردا گیراوچالاکی هەلسورانی ئەندامەکانی قەدەغەکرا.

ئەم کارە ناشارستانییە گورزیکی کوشندەیە لەرەوتی خەباتی پەرەسەندووی ئافرتان و درز خستنە ریزی هاوپەیمانیەتی و هاو هەلویستی ئەو ریکخراوانەیە. ئەم کارە ئیمەی ئافرەتان لە مەرام و داخوازیەکانمان دوور دەخاتەوەو بە سوود بو بەرەی کونەپەرستی دژ بە ژنان و بەردەوامی پاشکوبوون و چەوسانەوەیان دەگەریتەوە.

ریکخراوی سەربەخوی ئافرەتان چ بەتەنهاو چ لەگەل ریکخراوەکانیتر خزمەتی مەسەلەی ئافرەتانی کوردستانی کردووەو ئیستاش لە ناوەندی هاوبەشدا وەك ریکخراویکی چالاك کار دەکات.

بویە ئیمە لیرەدا نارەزایی خومان بەرامبەر هەموو ئەو کارە پیشیلکارییانە، بەتایبەت داگیرکردنی بارەگای ریکخراوی ناوبراو دەردەبرین و داوا لە لایەنە بەر پرسەکان دەکەین شیوازی دیموکراسیانە و زمانی ئەقل و مەنتیق بگرنە بەر بو چارەسەرکردنی سەرجەم کیشەکان و ریگای کارو چالاکی ریکخراوی سەربەخوش بدری و نەی بەستنەوە بە حیزبی کومونیستی کریکارییەوە، هەروەها دەستبەجی بارەگاکەیان تەسلیم بکریتەوە و هیچ ئاستەنگیك لە بەردەم کارو چالاکی هەلسوراوانیان دانەنریت و قەرەبوی زیانەکانێن بو بکریتەوە. بۆ ئەوەی لە پال ریکخراوەکاندا بەردەوام بن لە گەشەپیدانی رەوتی خەباتی یەکسانیخوازانەی ئافرەتان لە کوردستان.

سەرکەوی رەوتی رەوای ئافرەتان و ژنان بو بەدەستهینانی ئازادی و یەکسانی

**ناوەندی هاوبەش**

**٢٠٠٠/٧/٣٠**

| | |
|---|---|
| **یەکیتی ئافرەتانی زەحمەتکیش** | **ریکخراوی سەربەخوی ئافرەتان** |
| **یەکیتی خانمانی سەربەخوی کوردستان** | **یەکیتی ژنانی کوردستان** |
| **کومەلەی ئافرەتانی کوردستان** | **یەکیتی ئافرەتانی سوشیالست** |

## شاڵاوی چەكدارانەی یەكیتی نیشتمانی بۆ سەر

# بارەگاكانی حیزبی كۆمۆنیستی كرێكاری عیراق ریسوا دەكەین!

جەماوەری وولات پارێزی كوردستان!

حیزب و لایەن و رێكخراوەكانی ماف مرۆڤ!

ئاشكرایە سەردەمی ئەمرۆ بانگەشەكردنە بۆ داننان بە مافەكانی مرۆڤ و تەكاندانە رووەو دیموكراسی و كۆمەڵگای مەدەنی، هەر هەمووی بوونەتە وێردی سەر زاری زۆربەی لایەن و وولاتان، هەر یەكەیان كەم تا زۆرێك هەوڵی داوە پرنسیپەكانی ئەو مافانە بەشێوەیەكی شارستانی و پێشكەوتنخواز بكاتە رێژەو مەبەست لە كردەوەكان، لە هەمان كاتدا زمانی سەردەم گفتو گۆیە دەبێ پەنای بۆ ببرێت، دوور لە پەنا بردنە بەر چەك و هەڕەشە و تۆقاندن و تیرۆر كردن، ئێمەش گەرەكە بەشێوەیەكی ئاشتیانە پەنا بۆ زمانی گفتوگۆ بەرین بۆ چارەسەركردنی كێشەكانمان. وەڵێ بەداخەوە یەكێتی نیشتمانی كوردستان ئەم زمانەی لە فەرهەنگی خۆی رەش كردوەتەوە و كەوتوونەتە وێزەی حیزب و لایەنەكان، ئەوەتا بەشێوەیەكی دڕندانە لە رێكەوتی ٧/٨/ ٢٠٠٠ دەستیان كرد بە بڕینی هێڵی تەلەفون و كارەبا و ئاوی بارەگاكانی كۆمیتەی رابەری رێكخراوی كوردستانی حزبی كۆمۆنیستی كرێكاری عیراقی، هەر بەوەش نەوەستان سەر لە بەیانی ٢٠٠٠/٧/١٤ چەكدارەكانی یەكێتی نیشتمانی لە ژێر پەردەی ئاسایش كەوتنە خۆ بۆ ئابلۆقەدانی بارەگاكانی حزبی كۆمۆنیستی كرێكاری و دەستڕێژیان لە ئۆتۆمبیلێك كرد و تیایدا سەرنشینە تێكۆشەرەكانی ئەم حزبەیان تیرۆر و بریندار كرد و سەر لە ئێوارەی هەمان رۆژیش دووبارە دەست درێژیان كردە سەر بارەگاكان و ماڵی ئەندام و كادیرانیان پشكنی و ژمارەیەكیان لێ دەستگیر كردن. دیارە ئەم دەست درێژی كردنانەش پیلانێكی پێش وەختە و نەخشە بۆ كێشراوە و دەستی دوژمنانیشی لەگەڵدایە.

تاوانەكانی ئابلۆقە و فشار خستنە سەر بارەگاكان بۆ مل كەچ پێكردنی حزب و لایەن و رێكخراوەكان دوورە لە هەموو نەریتێكی سیاسی و كۆمەڵایەتی و هەستی كوردایەتی و بەدەرە لە بانگەشە كردن بۆ كۆمەڵگای مەدەنی و دیموكراسیەتی ڕاستەقینە، كە یەكیتی نیشتمانی ڕێی لەسەرەتایی ترین مافەكانی مرۆڤ و ماف ڕێكخراوەیی و حزبی دەگرێ و هەموو یاسا و رێسایەكی ماف مەدەنی و سیاسی پێشێل دەكات و ئەم كارانەشیان لە بەرامبەر حزبی كۆمۆنیستی كرێكاری عێراقی هەنگاوێكی دواكەوتوو دوورە لە هەموو نەریتێكی ئەخلاقی و سیاسی و پێشێل كردنی ماف سیاسی و ئازادی رێكخراوەكانە، بەداخێكی گرانەوەش (ینك) هەموو كات بووەتە كۆسپ و لەمپەر لەبەردەمیان و بەبەدەوامی پێشێلی سەربەخۆیی لایەن و رێكخراوەكان دەكات هەوڵ دەدات بیانخاتە ژێر ركێفی سیاسی خۆی و بۆ بەرژەوەندییەكانی وولاتانی ئیقلیمی و دوژمنان بەكاریان بێنێت.

ئێمە لە یەكێتی نەتەوەیی دیموكراتی كوردستان YNDK لە كاتێكدا ئیدانەی ئەم كارانەی یەكیتی نیشتمانی دەرهەق بە تێكۆشەرانی حزبی كۆمۆنیستی كرێكاری عیراق دەكەین، داوا لە هەموو حزب و لایەنە سیاسیەكان و رێكخراوەكانی ماف مرۆڤ دەكەین هەڵوێستی خۆیان یەك بخەن بۆ ئازادی و ماف مرۆڤ و سەربەخۆیی كوردستان، وا لە یەكیتی نیشتمانی بكرێت واز لەم جۆرە كارانە بهێنێت، لەهەمان كاتدا داوا لە یەكێتی نیشتمانی كوردستانیش دەكەین چیتر بۆ یەكلایی كردنەوەی كێشەكان پەنا نەباتە بەر چەك و خۆی لە زمانی گفت و گۆ رابهێنێت و ئازادی سیاسی و مەدەنی هیچ لایەنێك و گروپێك پێشێل نەكات، چونكە ئەم جۆرە هەنگاوانەی ئەوان دەبێتە مایەی نیگەرانی خەڵكی وڵاتپارێزو نانەوەی شەڕ و ئاژاوە، بەمەش دوژمنانمان مەرامە گڵاوەكانیان دێتە دی بۆ لەبار بردنی ئەزمونی دیموكراتی باشووری كوردستان، لێرەدا تەنیا ئەمە ماوە بڵێین با هەموو لایەكمان ئەم جۆرە كارە تێكدەرو ئاژاوە گێڕیانە مەحكوم بكەین و بیخەینە بەر نارەزایەیی توندی هەموو كەسایەتی و لایەنێكی وڵاتپارێز و پێشكەوتنخواز.

- بژی ئازادی مافە سیاسی و مەدەنیەكان
- مردن و روو رەشی بۆ ئاژاوەگێران و دوژمنان
- بێتە دی كوردستانێكی سەربەخۆ و ئازاد و یەكگرتوو و دیموكرات

**مەكتەبی ناوەندی پەیوەندییەكانی**

**یەكێتی نەتەوەیی دیموكراتی كوردستان YNDK**

٢٩ی پووشپەڕی ٢٧٠٠ ی كوردی

٢٠ی تەمموزی ٢٠٠٠ ی زایینی

## بەیاننامەی نارەزایەتی

پاش ئەوەی وەزارەتی ناوخو بریاری چولکردنی بارەگای حزبەکانی بو دەرەوەی شارەکان دەرکرد، ماوەی چەند روژیکە تەنگژەو بارگرژیەك کەوتووەتە نیوان دەسەلاتداران و حیزبی کومونیستی کریکاری و لە ئەنجامدا روژی ٢٠٠٠/٧/١٤ لە گەرەکی شورش ئەم بارگرژیە بە پیکدادانی سەربازی گەیشت و ئەوە بوو چەند قوربانیەکی لە حیزبی کومونیستی کریکاری گرتەوەو چەند ئاسایشیك و چەند هاوولاتیەکیش برینداربوون. ئیمە وەك کومەلیك روشنیر ئەم روداوە بە پیشیلکردنیکی تەواوی بنەما دیموکراسیەکان ومافی مروڤ دەزانین، کە خالی جەوهەری بریتییە لە وەلانانی توندوتیژی و چارەسەرکردنی کیشەکان لەریگای‌گفتوگووە.

دیارە گەر وەزارەتی ناوخو دەیەویت لە پیناو ئاسایشی هاوولاتیاندا بارەگا سەربازی‌یەکانی حیزبەکان لە شارەکان وەدەربنیت پیمان وایە مەحەکی راستگویی ئەو بریارە کاتیك بەتەواوی دەردەکەویت کە هیزە بالا دەستەکان بەر لەهیزە بچوکەکان بریارەکە جیبەجی بکەن، نەك پەیرەوکردنی بریارەکە تەنها لایەن و هیزە بچوکەکان بگریتەوە.

ئیمە لە کاتیکدا کە پەنابردنە بەر توندو تیژی بو چارەسەرکردنی کیشەکان مەحکوم دەکەین و بە بەرتەسك کردنەوەی ئەو ئازادی‌یەی دەزانین کە لەکوردستاندا هەیە، هاوکات داوای لیپرسینەوەیەکی یاسایی و داوای سزادانی بەرپرسان لەم روداوە دەکەین.

**ناوی روشنبیران**

| | | | |
|---|---|---|---|
| ١- ریبین هەردی | ١٢- رەووف بیگەرد | ٢٢- هیوا قادر | ٣٣- سەلام مارف |
| ٢- شوان محمد محمود | ١٣- ئازاد بەرزنجی | ٢٣- ئاوات محمد | ٣٤- ئارام حمەعلی |
| ٣- ئاری بابان | ١٤- شاهو سەعید | ٢٤- سیامند عمر | ٣٥-حسنمحمد احمد |
| ٤- یاسین قادر سعید | ١٥- مجید فرج | ٢٥- هانا شوان | ٣٦-ئاسوس هەردی |
| ٥- غریب شریف مجید | ١٦- سالار مجید | ٢٦- کورال توفیق | ٣٧- کوژین ئەحمەد |
| ٦- عەلا هاشم فتاح | ١٧- عبدالقادر سعید | ٢٧- هاوژین مەنمی | ٣٨- نەوزاد حارس |
| ٧- ئاکو کریم معروف سرچناری | | ٢٨- شازین هیرش | ٣٩- ئارام سەعید |
| ٨- تەها وەهاب محمد | ١٨- ئاوات حەسەن ئەمین | ٢٩- رامیار محمود | ٤٠- نەوروز صدیق |
| **٩**- دلاوەر قەرەداغی | ١٩- محمد فتاح | ٣٠- کمال رەوئوف | شاوەیس |
| ١٠-عەبدوللا ئەحمەد | ٢٠- ئارام جمال صابر | ٣١- پولا ئحمەد | |
| ١١-فەرەیدون پینجوینی | ٢١-سالار حمەعلی مستەفا | ٣٢-شوان ئەحمەد | |

# زەنگێکی ترسناك دژی ئازادیی

**نووسەران ... رۆشنبیران**

لەو ساتەوەختەی عەقڵیەتی شاخ دەبێتە دادوەر، ئیدی بەهاکانی ئازادی و دیموکراسی و ماف مرۆڤ دەبنە رستەیەکی کاریکاتێری هیچ پێنەماو..

چەند رۆژێك لەمەوبەر چەکدارەکانی ئاسایش پۆلیسی سەر بە حکومەتی (ی.ن.ك) بەبیانوی چۆڵکردنی بارەگاکانی حیزبەکان لەناو شاردا، کەوتبونە بیانوگرتن بە (حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاری عیراق) کە لە بنەمادا ئەو کارە (ی.ن.ك) مەسەلەیەکی لەپشت سەریەوە بوو، کەجێبەجێ کردنی مەرامی کۆنەپەرستانە، ئەگەرنا دەبوایە سەرەتا لە حزبە گەورەکانەوە دەستی پێکردایە، بەڵام دیارە ئەو عەقڵەی لەشاخ ئیشی دەکرد لەلای هەندێك لەسەرکردەکانی ئەو حزبە کەنابێ کەس رەخنە بگرێ و ئەوەی سەرپێچی کرد ئەوا لێ دەدرێ، خەلکی کوردستان ئەو راستیەیان لائاشکرایە کەشەڕ هەلگیرسا دەبێ پرسیاری لایەنەکەی تر بکەن چونکە لایەنی یەکەم (ی.ن.ك)ە..!

(ی.ن.ك) وەك پیشەی هەمیشەیی خۆی بەبێ گوێ دانە هیچ پرنسیپێکی ئینسانی لەدوای چەندین جار دەورەدانی بارەگاکانی (حزبی کۆمۆنیستی کرێکاری عیراق) سەرەنجام لە رۆژی ٢٠٠٠/٧/١٤ لە دوو شوێنی جیادا (٦) کەس لە هاوڕیانی حزبی ناوبراو دەکوژن، دواتر لاشەکانیشیان نادەنەوە و خۆیان دەیان کەن بەژێر گلەوە، کەبەم کارەیان جۆرێکی تر رووی حکومەتی علمانی خۆیان سوور کرد. ئەم هەنگاوەی چەکدارەکانی یەکێتی زەنگێکی ترسناکە بۆ سەرجەم خەڵکی کوردستان کە ئیدی دەبێت, دەمی خۆیان دابخەن و رەخنە نەگرن، چونکە عەقڵیەتی شاخ گڕ دەگرێ و لە ناوەراستی شەقامدا قەتل و عام دەست پێدەکات.. کە ئەگەر سنوورێك بۆ ئەم عەقڵە دانەنرێ ئەم کۆمەڵگەیە دەبێتە کوشتارگا، بۆیە:

خەڵکی ئازادیخواز و علمانی پێشکەوتوخواز...

رۆشنبیران ... نووسەران!

کاتێك تفەنگ دەبێتە دادوەر باخچەکانی ئازادیی نغرۆ دەبێت و گوڵەکان سەر دەبڕێ و هاوارەکان لە گەروودا دەتاسێنرێ و شەقامەکان بەخوێنی جەستەمان سوور دەکرێ.. دەوەرن بادەست بخەینە ناو دەستی یەکتر چیدی رێگە نەدەین پیاوانی عەقڵیەتی شاخ و دوور لە ژیانی شارستانی باخچەکانمان نغرۆکەن و شەقامەکان بەخوێنی جەستەمان سوور بکەن و لەولاشەوە بەجۆرەها شێوە گوزارشت لە مرۆڤدۆستی و ئازادیخوازی و علمانیەت بکەن, چونکە ئەمانە لە مێژووەوە پەیڤەکانیان سوواوە، بابەدەنگی بەرز ئەو کارە ناشارستانییەی (ی.ن.ك) رسوا بکەین و بەهەمووکون و کەلەبەرێکی ئەم دنیایەدا رایبگەیەنین کە ئیدی زەمانتان بەسەر چوو.. دەست لە خوێنی خەڵکی ئازادیخواز و علمانی و پێشکەوتوخواز هەڵگرن.
چوار هەزار کوڕی ئەم شارەتان بەناوی مارکسیزم بەکوشتدا و دواتر عەمامەتان کردە سەر و نەفرەتتان لە رابوردووی خۆتان کرد، ئێستاش لافی علمانی و سۆشیال دیموکرات لێ دەدەن دەتانەوێ بەم ناوە رەنگاورەنگانەوە ریزێکی لاوی خوێن گەرم بەکوشتن بدەن و دواتر جۆرێك لە عەمامە بکەنەوە سەرتان.. خۆ هێشتا خوێنی هاوڕیانی قەرناقا و پشت ئاشان سارێژ نەبووە، خوێنی هاوڕێیانی حزبی کۆمۆنیستان تێکەڵ کرد و شەقامەکانتان پێ سوورکرد.
ئازادیخوازان! بێدەنگ بوون لەبەرامبەر ئەم کارەساتەدا مایەی رازی بوونمانە بەسەرکوت بە دیکتاتۆریەت بەسەر بڕینی هەموو بەها جوانەکان، وەرن و دەنگی نارەزایتان بەرز بکەنەوە ئەو تاوانە ئیدانە و رسوا بکەن، تاچیتر سەرانی ئەو حزبە جورئەتی سەربڕینی دەنگی ئازادی نەکەن.

رسوایی بۆ تیرۆریستان و نەیارانی ئازادی

بژی ئازادی و علمانیەت و مەدەنیەت

**دەستەیەك لە رۆشنبیرانی مارکسی**

٢٠٠٠/٧/١٨

---

## هێرش و کوشتاری یەکێتی نیشتمانی بۆ سەر بارەگاکانی حزبی کۆمۆنیست ریسوا دەکەین

بۆ رای گشتی جیهان و کوردستان، سەرجەم کوناڵەکانی راگەیاندن لەناوەوەو دەرەوەی کوردستان، نووسەران و رۆشنبیران و خەڵکی ئازادیخواز

چەند رۆژێك لەمەوبەر هێزەکانی ئاسایشی (ی.ن.ك) بەبیانووی چۆڵکردنی بارەگای حیزبەکان لەناو شاری سلێمانیدا، دەستیان داوەتە هێرشکردن و هەڵمەتێکی بەرفراوان، کە سەرەتا لە (حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاری عێراق)ەوە دەستی پێکرد و تەلەفۆن وکارەبای خەڵك و بارەگاکانی حیزبی ناوبراویان بڕی و دەستیانکرد بە گرتن و راوەدوونانی ئەندامانی ئەو حزبە. هەر بەوە نەوەستان و چەند جارێك ئابلوقەی بارەگاکانیان داوە و هێرشی چەکداریان کردوونەتە سەر، تا لە رۆژی (٢٠٠٠/٧/١٤) دا پەلامارەکان خەستتربوونەوەو هێزێکی گەورەی ئاسایش گەمارۆی ناوچەکەیان داو لە ئەنجامدا دوو خەڵکی بێ تاوان (دەلاکێك و عارەبانچییەك) بریندار دەکەن. هەر هەمان کات لە فلکەی خاڵە حاجی تەقە لە ئەندامێکی حزبی ناوبراو دەکەن و دەیکوژن و چەندین ئەندامی تر راپێچی گرتووخانەکانیان دەکەن، کەتا هەنووکە بێ سەرو شوێنن...!! هەر ئێوارەی هەمان رۆژیش، ئەو هێزە بەرفراوانتر کراو دوور لە هەموو پرنسیپێکی ئەخلاقی سیاسی و بنەماکانی ئازادیی و دیموکراسی و مەدەنی (کەوێردی سەرزاری رۆژانەی سەرکردەو ئەندامەکانی ی.ن.ك)ە، هەڵیان کوتایە سەر بارەگای ئەو حیزبە و چەند کەسێکیان لێ شەهید کردوون.

ئێمە لێرەدا لە روانگەی پەرۆشیمان بۆ دەستە بەرکردنی ئازادیی و ماف کارکردنی ئایدیۆلۆژی و سیاسی .. بێ جیاوازی و هەستکردن بەلێپرسراویەتی بەرامبەر بەو واقیعەی ئەمرۆ لە کوردستان دەگوزەرێ، لەبەردەم هیچ خروقات و پێشیلکارییەك بێدەنگ نابین و بۆ هەموو دونیای ئاشکرا دەکەین، کە ئەم کارەی ی.ن.ك نائاشنایە بەپرانسیپەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی و عیلمانیەت و پێشێلکردنی تەواوی ئازادیی کاری سیاسی وفیکرییە و کارێکە لە رادەبەدەر سەرکوتگەرانە و بێ رەوشتانەیە. زۆر بەداخەوە ی.ن.ك هەمیشە بالۆری مافی مرۆڤ و دیموکراسی و عیلمانی بوون لێدەدا و خودی سکرتێرەکەی و بەرپرسانی ئەو حیزبە لە راگەیاندن رۆژنامە و گۆڤار و تەلەفزیونەکانیان و لەسەر مینبەرو کۆڕو سیمینارو کۆبوونەوەکانیان بانگەشە بۆ ئەفسانەی دیموکراسی و کۆمەڵگەی مەدەنی دەکەن، بەڵام بەداخەوە وەك هەمیشە دەیڵێین کە (ئەوەی ئەوان دەیڵێن و گوتویانە) زۆر دوورە لە داب و نەریت و رەوشتی سیاسیان..!!

هەڵکوتانە سەر بارەگایەکی حیزبیّ لە کاتێکدا هاوسەنگی هێز زۆر نابەرامبەرە و خۆتان لەسەر خەڵکی ئەم ناوچەیە بەکەڵەگاو دەسەڵات دەزانن، هیچ پاساوو بیانوویەك هەڵناگرێت جگە لە خستنەرووی ناوەرۆکی راستەقینەی سیاسەتە چەوتەکانی ی.ن.ك و دەرکەوتنی ماهیەتی دیکتاتۆریانەی ئەو حیزبە، کە ئەمە زەنگێکی خەتەرناکە بۆ ئایندەی سیاسی کوردستان و هەموو ئەو رێکخراوو حزبانەی کە لەم دەڤەرەدا هەن. نموونە بۆ ئەو مەسەلەیەش هەر لەم چەند رۆژەدا هێرش دەکەنە سەر حیزبی زەحمەتکێشان و لەتای تەرازووی حزبی بەعسی دادەنێن، لە هەمان کاتدا چاوپۆشی لە هەموو خروقات و هەڵوێستە دژە ئینسانیەکانی ئیسلامیەکان دەکەن، کە بەرۆژی روون هەفتە نیە ئەندام و سەرکردەکانی ی.ن.ك ریسوا نەکەن و چی نەشیّ پێیان نەڵێن و بیّ پەروا فتوای کوشتنی خەڵکانی ئازادیخواز نەدەن، بێدەنگ بوونتان لە ئاست ئەمانەدا جگە لەرازی کردنی دڵی ئاخوندەکانی کۆماری کۆنەپەرستی ئێران و شێخە هەوەسبازەکانی خەلیج چیدی نییە..؟؟!! ئەی بێدەنگیتان لە ئاست بارەگای حیزبە تورکمانەکان چییە، کە زۆربەیان رۆڵی میت و موخابەراتی دەگێرن. لەسایەی ئێوەدا کوردستان بۆتە لانکەی تیرۆریست و جاسووسانی دەولەتانی ناوچەکەو دونیا، بەشەق دەبیّ پارێزگاریشیان لێبکەن..!

ئەگەر ئێوە ئەوەندە پەرۆشی ئەمن و ئاسایشی خەڵکی کوردستانن، بفەرموون دەرزەنە بارەگاکانی خۆتان بەرنە دەرەوەی شار، ئەوسا بارەگای هاوپەیمانەکانتان، پاشان بارەگای تیرۆریست و میت و ئیتلاعات و گشت گومان لێکراوەکانی تر... لە دواییدا گەر حزبێکی وەکو (حککع) بارەگاکانی نەبردە دەرەوەی شار، ئەوسا رای گشتی و فشاری جەماوەری لیّ هانبدەن، نەك بەشێوازی ئیرهاب و خوێنرشتن.

جێگای سەرنج و تێرمانە، ئەم کارە تاوانکارییە، هەر بەپشتی ماڵەکەی نەوشیروان مستەفاوە ئەنجام دەدریّ کە ئێستا دەمراست و بەرێوەبەری سیاسەتە چەواشەکارییەکانی ی.ن.ك ە، لە کاتێکدا ئەم کابرایە بە مونەزیر و موفەکیر و موئەریخ خۆی تەعریفکردووە و هەمیشە بە رووناکبیری گەورەی گەل ناوزەدە دەکرێت، کەچی پێچەوانەی هەموو رەوشتێکی ئازادیخوازانە خەریکە لە کوردستان رەوشێك بەرێدەخات کە جگە لە ئیرهاب و کوشت و بڕ چیدی لیّ ئیجاد نابێت. پیاوێك کە چەندین ساڵ خەڵکی بەناوی مارکسیزم فریوبدا، کەچی لە کۆتاییدا دەڵیّ نەك من مارکسی نەبووم بەڵکە هەر بڕواشم پێی نەبوو، ئیدی هەر ئەوەی لیّ رەچاو دەکرێت و هەموو ئەقلیەتێکی پیاوێکی ئاوا لە پاکتاوکردن و سڕینەوەی بەرامبەر و نەیار بەرجەستە دەبێت.

ئەوەی جێگای داخ و هەڵوەستەکردنە، بێدەنگ بوونی هەموو ئەو حیزب و لایەن و رێکخراوانەیە کە چەندین دروشمی بریقەداریان بەرزکردۆتەوە و باس لە ئازادیی و خۆشگوزەرانی خەڵك دەکەن. لە کاتێکدا کە دەبێت ئەو راستیەیە باش بزانن ئەمڕۆ یاسبەی شەڕ بەرۆکی ئەوانیش دەگریّ.

**نووسەران و رۆشنبیران و خەڵکی ئازادیخواز**

ئەمرۆ کوردستان بەبارێکی زۆر ناهەمواردا تێدەپەڕێت، رووبەرەکانی ئازادیی ڕۆژ بە رۆژ بەرەو تەنگ بوونەوە دەچێت، ژیان و گوزەرانی خەڵك لەلایەن دەسەلاتدارانەوە قۆرخ دەکرێت و مشەخۆری و گەندەڵی روو لە زیادبوونە.

لەم نێوەدا ئەرکی سەرجەم نووسەران و رۆشنبیران و کەسانی ئازادیخوازە، ئەوانەی بەتەنگ ژیانی ئەم کۆمەلگەیەوەن و چارەنووسی خەلکی کوردستان بەهەند وەردەگرن. لە بەردەم هەر جۆرە پێشێلکاری و کارەسات و رووداوێکدا بێدەنگ نەبن و راستییەکان بۆ خەلك ئاشکرا بکەن.

لە سۆنگەی ئەمەوە ئێمە کەمەڵێك لە نووسەران و ئەدیبان و رۆشنبیران و هونەرمەندان و خەڵکانی ئازادیخواز بەڵێن دەدەین لە هیچ پێشێلکارییەك کە دژ بە ئازادی دەکرێت، جا لەژێر هەر بیانوویەك و لەلایەن هەر کەس و لایەنێکەوە بێت، بێدەنگ نەبین..!!

**کۆمەڵێك لە ئەدیب و نووسەران و هونەرمەندان و رۆشنبیران و خەلکی ئازادیخواز**

٢٠٠٠/٧/١٥

---

## راگەیاندنێك سەبارەت بە هێرشی هێزەکانی ئاسایش بۆ سەر حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاری عیراق

دوای توندبوونەوەی کێشمەکێشی سیاسی لە نێوان "یەکێتی نیشتمانی کوردستان" و "حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاری عیراق"دا، رووبەرووبوونەوەی نێوان ئەم دوو لایەنە کێشایە پێکدادان و شەڕی خوێناوی وپاش گەمارۆدانی بنکەو بارەگاکانی حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاری عیراق و گرتن و راوەدونانی ئەندامەکانی، لە رۆژی ١٤/٧/ ٢٠٠٠ هێزەکانی ئاسایش کەوتنە تەقەکردن لە ئەندامانی حیزبی ناوبراو و لە کارەساتێکی دڵتەزێندا (٦) ئەندامی حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاری گیانیان لە دەستدا و چەند ئەندامێکی تریان لیّ بریندار بوو.

ئەم هێرشەی هێزەکانی ئاسایش لە ژێر ناوی بردنە دەرەوەی بارەگای حیزبەکاندا و لە پێناوی دابینکردنی ئاسایشی ناو شارو هاو وڵاتیان و لە ڕاستای جێبەجێکردنی بڕیاری شارەوانی سلێمانیدا ئەنجام درا، کە لەراستیدا بەپێچەوانەوە، ئەم هەنگاوەی ئاسایشی لەناوشاردا خستە ژێر پێوە و نائارامییەکی دروستکرد کە چەند ساڵێك بوو سلێمانی حاڵی وای بەخۆیەوە نەدیبوو.

ئە م هێرشە بۆ سەر بنکەو بارەگاکانی حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاری، هێرشێکی زەق و دیار بوو بۆ سەر ئازادی هەڵسوورانی سیاسی و پێشێلکاری‌یەك بوو بەرامبەر بە مافی مرۆڤ، هەروەها ئەو بیانووەی کە بریتی‌یە لە بردنە دەرەوەی بنکەو بارەگای حیزبەکان وبۆ دەرەوەی شار، کە خۆی لە خۆی‌دا پاساوێکە بۆ سەپاندنی کەش و هەوایەکی سەرکوت بەسەر شاردا و ئاماژەیەکیشە بۆ نەمانی ئەو نیمچە ئازادی و دیموکراسی‌یە کە لەم دەڤەرەدا هەیە و لەهەمان کاتیشدا خستنە ژێر پرسیاری هەموو ئیدیعاکانی (ی ن ك)ە لەمەڕ ئازادی و دیموکراسی لە ژێر دەسەڵاتەکەیدا، چونکە ناکرێت ئازادی سیاسی و دیموکراسیەت بوونی هەبێت بەبێ بوونی بارەگای سیاسی (نەك سەربازی) حیزب و ڕێکخراوە سیاسی و جەماوەری و پیشەیی‌یە جۆراوجۆرەکان لە ناو شاردا و هەلسووڕانیان بەشێوەیەکی ئازادانە، ئەوا ئەو بەهانەیە و چۆل نەکردنی بارەگاکان لەلایەن (حککع)ەوە و پاش ئاگادارکردنی، هیچ پاساوێك نی‌یە بۆ ڕوودانی ئەو تراژیدیا خوێناوی‌یە، لەکاتێکدا دەکرا ئەو کێشەیە لە ڕێگایەکی شارستانی و دایەلۆگەوە چارەسەر بکرایە. ئێمە لەکاتێکدا بە توندی ئیدانەی ئەم هێرشە دەکەین و پێمان وایە ئەم جۆرەکارانە خزمەت بە هیچ لایەك ناکات جگە لە دوژمنان و بەرەی کۆنەپەرستی چونکە ئەزموونی چەند ساڵەی شەڕی ناوخۆ بەڕۆشنی ئەم واقعیەتەی سەلماندووە کە کێ سوود لەم هەل و مەرجانە وەردەگرێت ....... هەربۆیە دەڵێین:—

هەق وایە هەموو حیزب و لایەنە سیاسی و ڕێکخراوە جەماوەری و پیشەیی و کەسایەتی و ڕۆشنبیر و نووسەرو ئەدیبە پێشکەوتوو ئازادیخوازەکانە بەشێوازێکی شارستانیانە هەڵوێست وەربگرن و بەشێوازی جۆراوجۆر ناڕەزایەتی دەرببڕن .. کە تەنیا بەو جۆرە دەکرێت بەر بە پێشێلکردنی ئازادی سیاسی بگرین و هەر ئەوەش گرەنتی‌یە بۆ دووبارە نەبوونەوەی تراژیدیایەکی تر ..

بژی ئازادی هەڵسوورانی سیاسی

**ناوەندی رابەرایەتی کۆمەڵەی شۆڕشگێرانی کۆمۆنیست** ٢٠٠٠/٧/١٦

---

## راگەیەندراو

### کوشتاری ئەندامانی حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاری عیراق لەلایەن چەکدارانی یەکێتی نیشتمانی کوردستانەوە مەحکوم دەکەین

بەپێی ڕاگەیەندراوی کۆمیتەی رابەری ڕێکخراوی کوردستانی حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاری عێراق و ئەو زانیارییانەی ڕاستەوخۆ بەدەستمان گەیشتوون، سەر لەبەیانی ٢٠٠٠/٧/١٤ هێزەکانی ئاسایش و پۆلیسی یەکێتی نیشتمانی کوردستان، بنکەکانی حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاری عێراقیان لە شاری سلێمانی گەمارۆ داوە و دەستڕێژیان لە ماشێنێکی پڕ لە سەرنیشنی ئەو حیزبە کردووە کە لە ئاکامدا بەداخەوە ژمارەیەك لە ئەندامانی حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاری عێراق گیانیان لە دەست داوە. هەروەها دەیان کەس لە ئەندامان و لایەنگرانی گیراون و تا دەرکردنی ئەم ڕاگەیەندراوە لە زیندانەکانی یەکێتی نیشتمانی‌دا حەپس کراون.

تاوانی ڕۆژی ٢٠٠٠/٧/١٤ ی چەکدارەکانی ی.ن.ك درێژەی ئەو زنجیرە گوشار و پیلانگێرییانەیە کە لە چەند مانگی ڕابردووەوە لەلایەن سەرکردایەتی ی.ن.ك ەوە لە دژی حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاری عێراق ڕێکخراوە، هەر لە گرتن و بەندکردنی ئەندامانیەوە تا بڕینی ئاو وبەرق و تەلەفونی بنکەکانی.

ئەم دەستدرێژی و ڕەفتارانەی یەکێتی نیشتمانی کوردستان ئەگەر لەلایەکەوە بێ تەحەمولی ئەو حیزبە لە بەرامبەر ڕەخنەی موخالیفەکانی و یەك لەوان حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاری عێراق و بێ باوەڕیی بە پرینسیپەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی و ئازادی و دیموکراسی و مافەکانی مرۆڤ کە ڕۆژی دەیان چار سوێندیان پێ دەخوات، دەگەیەنێ لەلایەکی دیکەوە بە جێهێنانی یەکیکی دیکە لە فەرمانەکانی وەزارەتی ئیتلاعاتی ڕیژێمی کۆماری ئیسلامی‌یە.

ئەگەر تا ئێستا سەرکردایەتی یەکێتی نیشتمانی کوردستان و وەزارەتی ئیتلاعاتی کۆماری ئیسلامی ئێران بۆ تێرۆر و ڕفاندن و کوشت و بڕی پەناخوازان و تێکۆشەرانی سیاسی حیزب و ڕێکخراوەکانی ئێرانی و کوردی ڕۆژهەلات پرۆتۆکۆڵیان دەبەست، وا ئەمرۆ گەرتن وکوشتن و تەنگ پێ هەڵچنینی خوشك و برایان کوردی باشوریش، ئەوانەی موخالیفی دەستێوەردانی کۆماری ئیسلامی لە کاروباری هەرێمی کوردستان و لە دژی چاوساغی کردنی ی.ن.ك بۆ تاقمە تیرۆریستەکانی ئەو ڕێژیمەن، بۆتە مادەیەك لەو پرۆتۆکۆلە مرۆڤکوژی‌یانە.

بۆیە یەکێتی شۆڕشگێرانی گەلی کوردستان زۆر بە توندی تاوان و پیلانگێرییەکانی یەکێتی نیشتمانی کوردستان دەرهەق بە حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاری عیراق و ئەندامانی مەحکوم دەکا و بەش بەحالی خۆی داوا لە بیروڕای گشتی کوردستان و ناوچەکە و هەموو حیزب و لایەنەکان دەکا، سەرکردایەتی یەکێتی نیشتمانی کوردستان بۆ دەسهەڵگرتن لە بەڕێوەبردنی پیلانەکانی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی و وازهێنان لە گرتن و کوشتن و گوشار خستنە سەر حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاری عێراق و ئازاد کردنی هەرچی زوتری گیراوەکانی و دەستەبەرکردنی ئازادی تێکۆشانی سیاسی بۆ هەموو کەس و لایەنێك بخەنە ژێر کوشارەوە.

**یەکێتی شۆڕشکێرانی گەلی کوردستان**
**کۆمیتەی ناوەندی**
٢٠٠٠/٧/١٨

---

## نامەی نارەزایەتی بۆ یەکیتی نیشتیمانی کوردستان

ئێمە ئیمزاکەرانی خوارەوە بەتوندی هێرشی چەکدارانەی هیزەکانی یەکیتی نیشتمانی کوردستان بۆ سەر بنکەکانی حزبی کومونیستی کریکاری عیراق و کوشتاری ئەندامانی ئەو حزبە لە شاری سلیمانی محکوم دەکەین.
بەکار هێنانی چەك لە دژی هیزیکی سیاسی رادیکال و پیشکەوتوخواز بۆ رازی کردنی دڵی رژیمە کۆنەپەرستەکەی کوماری ئیسلامی و رژیمی بەعس ماهیەتی سیاسی یەکیتی نیشتیمانی دەردەخات.

لایەنەکان:

١. کومەلەی لاوانی کورد /یوتوبوری_سوید
٢. رادیو هاوپشتی / یوتوبوری _سوید
٣. بلاوکراوەی کاریکاتیر _سوید
٤. دەستەی نوسەرانی گوڤاری هانا لە سوید
٥. نوینەرایەتی کمپینی دیفاع لە ماف ژنانی کوردستانی عیراق لە سوید
٦. فدراسیونی پەنابەرانی عیراقی لە سوید
٧. فدراسیونی_همبستگی پەنابەرانی ئێرانی _یوتوبوری
٨. نوینەرایەتی سەنتەری ژنان لە کوردستان _سوید

---

## نامەی نارەزایەتی

دوای ئەوەی بەبیانوی چۆلکردنی بارەگای حزبەکان بۆ دەرەوەی شاری سلیمانی لەلایەن یەکیتی‌یەوە هێرشی هەمەلایەن کراوەتە سەر رادیۆو بارەگاکانی حزبی کۆمۆنیستی کریکاری عیراق و ریکخراوی سەربۆخۆی ئافرەتان و...سەرەتا بەبرینی ئاو، تلفون، کارەبا لەمانگی ٧ دا دەستی پیکرد، و پاشان هەلکوتانە سەر بارەگاکانی حزبی کۆمۆنیستی کریکاری بەهیزی ئاسایش و سەرئەنجام تیرۆر کردنی ٥ ئەندام لەو حزبە و گرتن و راپێچکردنی ٤٠ ئەندام لەو حزبە بۆ زیندان و داخستنی بارەگاکان.
ئەم هێرشەی یەکیتی جێگای نارەزایەتی لای زۆرێك لەرۆشنبیرانی سلیمانی و دەرەوەو کەسانی ئازادیخوازی کوردستان بوو، کەچەندین نامەی نارەزایەتی بلاوکراوەتەوەو هەر بە هۆی ئەم سیاسەتەشەوە چەندەها ئەندام و کادری یەکیتی ئیستقالەیان داوە، بەلام یەکیتی هەتا ئیستاش لەهەلویستی خۆی بەردەوامەو...رۆژانە هەلدەکوتێتە سەر مال و شوینی کاری ئەندامانی حزبی کۆمۆنیستی کریکاری و بۆناو زیندان راپێچیان دەکات.
ئێمە وەکو کۆمەلێك لەپەناهەندە لەشاری (HULL) ی بەریتانیا ئەم هێرشانەی یەکێتی بە بەرێخستنی هێرشێکی هەمەلایەنە دەزانین بۆ سەر ئازادی بیرواو هەلسورانی سیاسی لەکوردستان، وە دەنگمان دەخەینە پاڵ دەنگی سەرجەم رۆشنبیران و خەڵکی ئازادیخوازی کوردستان و دەرەوە، کەدژی کابوسی سەرکوت و تیرۆرن و ژیانێکی شارستانی و ئایندەیەکی باشتر بۆ کوردستان دەخوازن.
هاوکات ئەم سیاسەتەی یەکیتی بەخەتەرێکی گەورە دەزاین و رایدەگەیەنین: -

١- دەبێ بەرپرسانی ئەم کارەساتە دیاری بکرین و بدرێنە دادگا.
٢- سەلماندنی ئازادی بیرورا، لەلایەن دەسەلاتدرانەوە، و هاوکات گەرانەوەو کردنەوەی بارەگاکانی حزبی کۆمۆنیستی کریکاری عیراق لەشاری سلیمانی و ناوچەکانی تری کوردستان.

کۆمەلێك پەناهندەی شاری (HULL) لە بریتانیا
ایلول ٢٠٠٠
١- محمد امین کریمی، ٢- حسن احمد مستەفا، ٣- ریباز محمود، ٤- هیوا محمد لتیف،٥- سەیوان علی، ٦- ئارام صالح امین، ٧- ئومید صالح کریم، ٨- عوسمان محمد امین، ٩- هاوریَعوسمان کریم، ١٠- هاوریَ رزا قاسم، ١١- رزا حیدری
وینە بۆ: ریکخراوی مافی مرۆڤی عێراقی، حزبی کۆمۆنیستی کریکاری عیراق، یەکیتی نیشتمانی کوردستان، گۆڤاری پەیام، وێنە بۆ UN

---

## دەرگاکانی گفتوگۆ بکەنەوە!

## باتفەنگەکان بێ دەنگ بن...

ڕۆژی ٢٠٠٠/٧/١٤ پێنج لاوی خوێن گەرمی سەر بە حیزبی کۆمۆنستی کرێکاری لە پێکدادانێکی چاوەڕوان نەکراودا گیانیان لەدەست دا، نازانین بۆچی هەروازوو دەرگاکانی گفتوگۆ داخران و لولەی تفەنگەکان بەرزکرانەوە، ئایا؟ نەدەکرا شێوازی دیکە بۆ چارەسەری گرفتەکان بدۆزنەوە و ئەو کۆمەڵە لاوە نەبونایەتە قوربانی بیرکردنەوە داخراوەکان. لە کاتێگدا دەرگاکانی گفت و گۆ هێندە بەرفراوانن، گەر بخوازرێ، ئەوە تەنیا ڕێگای لێك تێ گەیشتنی ئاشتیانە و شێوازێکی شارستانی و دیموکراسیانەیە لەمامەڵە کردن بۆ چارەسەرکردنی کێشەکان. بۆچی و دەبێ لەپێناوی چیدا؟ لە پاش ڕاپەڕینی گەلەکەمان و ڕاوانی ڕژێمی فاشی بەغدا، لەخۆڕا لاوی کورد بەدەستی کورد بڕێژرێ، بۆچی هەموو هاوار بۆ یاساو دادگا دەکەن و کەچی ئامادە نین لە چارەسەرکردنی گرفتەکاندا یاسا بکەنە سەروەر و لەدەرگای دادگا بدەن.

دەنا باچی دی لە بۆنەو یادەکاندا، ووشەی مافی مرۆڤ و دیموکراسیەت و کۆمەڵگەی مەدەنی بسڕینەوە، ئەو گفتانە هەرچەندە جوان بن و پرشنگداربن، گەر لەگەڵ ژیان تێکەڵ نەکرێن و نەکرێنە کردە، نابێتە بەشداری کردن لە پێك هێنانی کۆمەلگەیەکی شارستانی و هاوچەرخانە، بەلکو دەبنە ووشەی بریقەداری بێ ناوەرۆك، ئێمە لاوان کێشەکانمان هێندە زۆرن و هێندە شەکەتی ئەم ژیانە داخراوو بێ ئاسۆیەین، پێویست بەوە دەکات ئاوڕ لە ئێستا و داهاتوومان بدرێتەوە، کەچی ڕۆژانە خەونەکانمان دەتۆرێنن و یادەوەرییەکانمان دەسڕنەوە. دەسەڵاتداران دەبێت لەهەموو کەس بەرپرس ترین بەرامبەر کۆمەلگە، و هەوڵ بدەن بۆ پێك هێنانی زەمینەی پێکەوە ژیان و دروست کردنی دایەلۆگ و چەسپاندنی پێگەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی و سەربەخۆیانە بڕواننە گشت تاکەکانی کۆمەڵ، نابێت جیاوازی بیرو بۆچوون بکرێتە پێوەر، توانا و شارەزایی بسڕێتەوە، چونکە هەر گومان گردنێك لەسەر بەخۆنەبوون و بێ لایەن نەبوونی دەسەڵات لە مامەڵەکردنی ڕۆژانەدا ناهاوسەنگی‌یەکی وا دروست دەکات کە هاوڵاتی نامۆ دەبێ بەرامبەر بەو دەسەڵاتە و بە دەسەڵاتی خۆی نازانێ و ئەمەش ڕێگەی خۆش دەگات بۆ ئەوەی گوێڕایەڵیشی نەبێت.

دەبا هەموو لەپێناو چەسپاندنی دیموکراسیەت داو پتەو کردنی کۆڵەکەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی‌دا یاسا لەسەرو خۆمانەوە سەیر بکەین و دادگا بکەینە ئەڵتەرناتیڤی چەك و عەقڵیەتی شاخ واز لێ بێنین و با ئیتر چی دی خوێنی لاوی کورد بەدەستی کورد نەڕژێت.

بۆ دووبارە نەبوونەوەی ئەم ڕووداوە دڵ تەزێنەش با لەدەرگا بدرێ و یاسا دەست نیشانی دەست درێژ کار بکات. بەمەش بتوانین یاسا سەروەر بکەین و دادگاش بەکردەوە سەربەخۆیی و بێلایەنی خۆی بسەلمێنێت.

**یەکێتی لاوانی دیموکراتی لە کوردستانی عێراق** ٢٠٠٠/٧/٢٠

**بۆ بەرێز مەکتەبی سیاسی ی.ن.ك**

**بۆ بەرێز سەرۆکی هەرێمی کوردستان مام جەلال**

**بۆ بەرێز سەرۆکی حکوومەتی شەرعی هەرێمی کوردستان کاك کوسرەت**

### ب/ناڕەزایەتی توند

زۆر بەدڵگرانی‌یەوە هەواڵی تێك هەڵچوونەکانی هێزەکانی (ی.ن.ك) و حیزبی کۆمۆنیستی کریکاری عیراقمان (ح ك ك ع) پێ دەگات لە کاتێکدا ڕاگەیاندنەکانی ئێوە قورو قەپی تەواوی لەم قەسابخانەیە کردووە. کە کوژراوی نەیارەکانتان بە شوفڵ بەعس ئاسا ئەشارنەوە و نای دەنەوە تەنانەت بە کەسوکاریشیان.

ئەم کەڵەگایی و عەنتەرییەی ئەم جارەتان بەڕاستی قەرناقا و ئاشقوولگە و پشت ئاشانێکی ترە و لە زەمەنێکی نوێدا، چون خووڵقینەری ئەو شاتیلایە مورکیکی وا ڕەزاقوورسانەی لە خوی‌داوە، بەو هەموو پاساو هێنانەوە و تف لە خۆکردنەی ناو کتێبەکانیشی نەی توانیوە باری قوورسی شەرمەزاری و دەتەقی خۆی تەنانەت لە ناو ی ن ك یشدا ڕاست بکاتەوە. بە دڵنیاییەوە دەڵێین ئەم کردەوە شەرمەزارییە، نابوایە بەباڵای یەکێتی ببڕایە بۆ هەندێ سەفقەی نهێنی و غەزەل کردن بۆ کۆماری ئیسلامی لە لێوار کورو ڕژێمی بەعس. لە کاتێکدا هەزاران و بگرە دەیان هەزار دەنگ لەدەست دەدەن لە هەر ڕاپرسی و هەڵبژاردنێکیتردا گەر بکرێ.

ئێمە سەرەڕای ئەوەی کە لایەنگری یەکێتین بەبنەماڵە، بەڵام ١٨٠ پلە وەرئەچەرخێین لەبەرامبەر ئەم هێرشەی ئێوە بۆ سەر ئازادی ڕادەربڕین و چالاکی سیاسی بەگشتی و چەپ و بزووتنەوەی عەدالەت خوازی بەتایبەت. ئەم هەواڵانەش هەر ئەمڕۆ بە زۆربەی ئەو سەفیر و نوێنەری سەفارەتانە ڕادەگەیەنین کە هەڤاڵ مام جەلال چاوی پێیان کەووتوە، بەگشتی و سەفیری ئوسترالیا و نەمساش بە تایبەتی. بۆیە داواکارین دەستبەجێ گیراوەکان ئازاد بکرێن و هێرشەکان ڕابگیرێن و دانووستان و وتوویژ لە باتی چەك و هەڕەشە بەکار بهێنرێ.

بەئیمزای:

١- عەسریە حامد علی (خاوەنی ٨ هەشت شەهیدی یەکیتی بە بنەماڵە)

٢- کاروان حامد علی (خاوەنی ٨ هەشت شەهیدی یەکیتی بە بنەماڵە)

٣- ئەوین حامد علی (خاوەنی ٨ هەشت شەهیدی یەکیتی بە بنەماڵە)

٤- نەوزادی حەمە سالح عەسکەری (خاوەنی ٧ شەهیدی یەکیتی بە بنەماڵە)

٥- نەوا عوسمان سابیر

٦- کوردستان عوسمان سابیر

٧- شاخەوان عوسمان سابیر

٨- خەبات عوسمان سابیر

**ئوستراليا/ سیدنی ١٨/٧/٢٠٠٠**

نامەی ناڕەزایەتی(٢٨) نووسەرو هونەرمەندو شاعیرو ڕۆژنامەنووس لە سویسرا

## ڕێگا نادەین, بەیانی بێ پرشنگ بێ‌و ئاییندەش بێ‌ڕەهەندی ئازادی‌و کوردستانیش بێ‌پەپولەو بەهار

ئەو هێرشانەی لەلایەن (ی.ن.ك)ەوە دەکرێتە سەر ئازادی سیاسی‌و مافە سەرەتاییەکانی خەڵکی زەحمەتکێش, سەر ئازادی ڕێکخراوبوون‌و پرۆژە ئینسانی‌و پێشکەوتووەکان, ئەو شێوازە میکافیلی‌یانەو هیستری‌یانەی کە بۆ نابودکردنی ڕەوەندی مەدەنیەت‌و دژ بە هەڵدانی بزووتنەوە یەکسانیخوازو ئازادیخوازەکان گرتوویەتیەبەر بەتەواوی نزیك بووەتەوە لە کردەوەی حزبێکی دیکتاتۆری بێ‌پەردە. کوشتار, زیندانی, نەدانەوەی تەرم... یاساغ کردنی هەڵسوڕانی_ سیاسی حزب‌و ڕێکخراوە جەماوەری‌یە پێشکەوتنخوازەکانی کۆمەڵگا , زەنگی دەورەیەکی زۆر مەترسیدار لێ‌دەدات. لێرەوەیە, ئێمە وەك کۆمەڵێك هەڵسوڕاوی بواری کاری هونەرو ئەدەب‌و ڕۆژنامەنووسی کە لە خوارەوە ناومان هاتووە هێرشی چەکدارانەو سەرکوتی خوێناوی ئەندامانی حزبی کۆمۆنیستی کرێکاری عێراق‌و داخستنی بنکەی ڕێکخراوی سەربەخۆی ژنان‌و سەنتەری پارێزگاری ژنان‌و سەنتەری بەرگری‌کردن لە مافەکانی منداڵان بە کردەوەیەکی دژی ئازادی دەزانین‌ولەبەرامبەر ئەو ڕەوەندەی کە دەیەوێ گوللەی گردار لەسەر پشتی پەپولەکان ساردکاتەوە, کە دەیەوێ بەهار لە وەرزەکان ووشك بکات‌و بەیانیمان بێ‌پرشنگ بێت, دەیەوێ سەرچنار بێ‌قەڵبەزەو سەوزایی بێ‌و ئەزمر بێ‌سەیرانگاو سەما بێ, لەبری ئەوانە ئاپارتمانی بەرز بۆ پۆلیس‌و زیندان بێ‌و گومەزی بەرزی مزگەوت سێبەری تاریك بکاتە سەریان... دەوەستینەوە, ئەو ڕەشاشانەی گوللەیان لە قورگدایە بۆ باخچەی دیموکراسی , دەمی دەگرین.. وە ڕێگە نادەین‌و بانگەوازمان ڕوو بە هەموو ڕۆشنبیرانە کە ئەو شارەی ڕەمزی پێشکەوتن‌و شارستانیەتە, لە ناوچەکە بپارێزن‌و ئەرکی ئێمەیە بەرپرسیاربین لە نەوەیەك بە خوێندەواری‌و لە شادی‌و پێکەنینی‌دا, لە شکاندنی سنووری حەرامەکان‌و تابووەکان‌و خوا زەبەلاحەکان‌و باوکە دڵرەق‌و دیکتاتۆرەکان, ئێمەین دەبێ نەقشمان دیاری بکەین کاتێ دەسەڵاتدارەکان چەقۆ دێنن بە گەردنی باراناو لێمان دەخوڕن, جوان خۆتان داپۆشن... ئێمە خەڵکی هەڵاڵستانین‌و شەوانە شەرابی ئازادیمان دەوێ... ئێمە لە خۆزگەو خواست‌و ئارەزووە ئینسانی‌یەکان سەرمان هێنایە دەرەوە, لە ئەمرو نەهی‌و دەقی قوڕاوی ڕزگارمان بووە... (ی.ن.ك) دەبێ عاقڵ بێ‌و ڕێز بۆ عەقڵانیەت‌و بۆچوون‌و تێگەییشتنی جیاواز دابنێ.

ناوەکان:

١-گۆڤاری ژیلەمۆ_ گۆڤارێکی هونەری وەرزی‌یە.

٢- گۆڤاری دالیان_ گۆڤارێکی فەرهەنگی کۆمەلایەتی‌یە.

٣- گۆڤاری گاوریاغی_ دەنگی کۆمۆنیستە ئینتەرناسیۆنالیستەکانە.

٤- بلاوکراوەی ڕوانین بلاوکراوەی فدراسیۆنی سەراسەری پەنابەرانی عێراقی‌یە لە سویسرا.

٥-جمال کۆشش_ سکرتێری پێشووی مەڵبەندی ئەدەب‌و هونەری کرێکاری.

٦- جوتیار ڕانیەیی_ شاعیرو ڕۆژنامەنووس.

٧- عزت هیرانی_ سکرتیری نووسینی ڕۆژنامەی ئەمرۆ.

٨- سالار ڕەشید_ توێژەرەوە.

٩- ئالا ئەحمەد_ نووسەر.

١٠- ڕزگار محمود عبدالله_ هونەرمەندی پەیکەرتاش.

١١-کاظم جواد_ نووسەرێکی عێراقی.

١٢-شوان علی_ نووسەر.

١٣- سیروسی کسرائیبیان_ هونەرمەندێکی تەشکیلی ئێرانی‌یە.

١٤- کاردۆ سەرباز_ شاعیر.

١٥- مەزن عەتا_ نووسەرو ڕۆژنامەنووس.

١٦-ئاسۆ بابان_ سکرتێری نووسینی پێشووی گۆڤاری پێشکەوتن.

١٧-شاسۆ علی_ نووسەر.

١٨- هیوا ناصح_ نووسەر.

١٩- عبدالله جندی_ نووسەر.

٢٠- وشیار قادر_ نووسەر.

٢١- جزا حمه علی_ هونەرمەندی شانۆ.

٢٢- گۆران عوسمان_ هونەرمەندی شانۆو ئەندامی تیپی شانۆی نینا.

٢٣-کاروان عومەر_ هونەرمەندی بالیە.

٢٤- سامدار کاکەیی_ وەرگێڕ.

٢٥- ئارام داود_ نووسەرو ڕۆژنامەنووس.

٢٦- ستاری پەیکەرتاش.

٢٧_ نەبەز سەلیم_ سەرنووسەری پێشووی ڕۆژنامەی مامۆستای ئەمرۆ.

٢٨_ ئازاد کریم_ نووسەر.

وێنەیەکی بۆ: سەرجەم دەزگاکانی ڕاگەیاندن.

# پیلانەکانی پشتپەردەی ئاسایشی گشی

کارگەران ، زەحمەتکێشان، جەماوەری ڕاپەڕیوو ئازادیخوازی کوردستان

هێزە ناسیونالیستەکان سەرەرای زیاتر لەدوو دەهە شەڕی ملیشیایی نێو شاخو داخەکانی کوردستان، کە هەمیشە سووتەمەنی شەڕە ناڕواکانیان ڕۆلەی دڵسۆزو خوێنگەرمی کارگەرانو زەحمەتکێشان بوون، لە دوای ڕاپەڕینە جەماوەرییەکی ئازاری ١٩٩١وە بەهێرشکردنە سەر بزووتنەوە جەماوەریو پارتە سیاسییەکانو تیرۆرو ڕاونانی هەڵسوراوانو نەیارانیان درێژەیان بە سیاسەتە چەپەڵو پیلانە بێ ئەژمارەکانیان لەناوچەکانی ژێر دەسەڵاتی خۆیاندا داوە، کە درێژەی ئەم سەرکوتگەرییانە بریتییە لە هێرشەکانی (ینک) بۆسەر بنکەکانی حککع‌و ڕ.س. ئافرەتانو ڕێکخراوەکانیتر.

ئەمە یەکەمجار نییە کە (ینک) بۆ سەرکوتی نەیارەکانی دەکەوێتە کوشتوبڕو پیلان نانەوە. لەمەولا ئیتر دەبێ جەماوەر چاوەڕێی کوشتوبڕێکیتر بن، کاتێك کە (سەرکردایەتییە حەکیمەکەی ینک) سەردانی وڵاتێك یان لایەنێکی کرد یان تەقینەوەیەك ڕوویدا وەك دەستکاری دووبەندی یاسای ڕەگەزنامەو باری خۆیەتی کە زەمینە خۆشکردن بوو بۆ لێدانی ڕ.س.ئافرەتانو داخستنی سەنتەری پارێزگاری لە ژنان. ئەمەش بۆ جەماوەر پێشینەی هەیەو ئەزموونیان لێ وەرگرتووە وەك لێدانی ئیسلامییەکان ساڵی ١٩٨٢لە حاجی مامەندو فشار خستنەسەر سەربازە هەڵهاتوەکانی بەرەی شەڕی عیراق-ئێرانو ناچارکردنیان بەچەکهەڵگرتن بۆ ینك یان گەڕانەوەیان بۆ ناو ڕیزەکانی سوپای بەعس وەك ئەو کاتەی کە مەڵبەندی یەکی (ینک) لەگەڵ فەیلەقی یەکی سوپای عیراقی لە هودنەدا بوو ، کوشتوبڕی پێشمەرگەکانی حشع لەساڵی ١٩٨٣لە قرناقاو پشتئاشان وەك پێشمەرجی گفتوگۆ لەگەڵ ڕژێمە هارەکەی بۆرژوازی عیراقی. هەروەها هەر کات کە (ینک) خۆی لە تیاچووندا دیبێت، ئەوا جەماوەری ناوچە ئازادەکانی کردووەتە لەمپەر بۆ خۆپاراستن وەك ڕێگرتن لە هەڵهاتنی دانیشتوانی قەرەداغو گەرمیانو.. لەکاتی هێرشی ڕژێمە ئەنفالچییەکەی عیراقدا، یان ڕێگەگرتن لە شار دەرچوونی دانیشتوانی هەڵەبجە شانبەشانی پاسدارو لایەنەکانیتر یان ڕووبەڕووبوونەوەی لەگەڵ جەماوەری ڕاپەڕیوی هەولێرو سلێمانی لە ڕاپەڕینی دووەمو سێیەمدا شانبەشانی پارتەکانیتری نێو بەرەی کوردستانیو دەستبەسەراگرتنی تەرمی هاوڕێی گیان بەختکردوو (هاوڕێ ئاراس) هەر ئەوکات ینك لەڕادیۆکەی ئەودیو سنوورە ڕایگەیاند کە ئەم هێرشی تۆڵە سەندنەوەی جەماوەر بۆسەر بنکەکانی ئەمنو سەربازگە سەرلەنوێ دانراوەکانی بەعسو لێژنەکانی تەنسیقی بەرەی کوردستانی ئاژاوەنانەوەیەو دژبە بەرژەوەندییەکانی گەلی کوردە، کەچی لەساڵرۆژی ڕاپەڕیندا وەك نە بای دیبێو نە باران خۆی دەکاتە ڕابەرو هەڵخڕێنەری ڕاپەڕینەکان، هەروەها بەشداریکردن لەپیلانە سێ قۆڵییەکەی (ئەمریکا ،ڕژێمی بۆرژوازی عیراق و بەرەی کوردستانی) بۆ پاشەکشێ کردن بەڕاپەڕینی جەماوەری ئازار لەخوارو باکوور کە لەگەڵ بەرژەوەندییە چەپەڵەکانیاندا نەدەهاتەوە. لەسەرووی ئەمانەوە هێرشە بێ پەردەکەی (ینک) بەرسرکردایەتی تاوانباری دژە شۆڕش " جەمیل هەورامی" بۆسەر بزووتنەوەی سۆڤیەتی(شورایی) لەکوردستان لە ١٨/ئازاری/١٩٩١دا وەك پێشمەرجی گفتوگۆ لەگەڵ ڕژێمە کۆمەڵ کوژە بۆرژوازییەکەی بەعس.. یان هێنانە ناوەوەی سوپای پاسداران لەساڵی ١٩٨٥دا بۆ ناوچەی کەرکوکو بۆردومانی بیرە نەوتەکانی (دڵی کوردستان) وەك پێشمەرجی ڕێکەوتن لەگەڵ ڕژێمە کونەپەرستە بۆرژوا ئیسلامییەکی ئێرانو دووبارەکردنەوەی ئەم تاوانە لە کارەساتی هەڵەبجەو لەشکرکێشی پاسداران لە١٩٩٦دا بۆسەر بنکەکانی حدکا لەشاری کۆیە وەك پارسەنگی تاوانەکەی پارتی لە٣١/ئۆگوستی ١٩٩٦دا بۆبەدەستهێنانی کۆمەکی سەربازی وەك درێژەی فیفتی فیفتی پارلەمانە بەساڵاچووەکەیان وەك لە ٥/ئۆکتۆبری ١٩٩٢دا لەڕۆژی ڕاگەیاندنی فیدرالیەتدا شانبەشانی لەشکری گورگە بۆرەکانی تورکیە کەوتنە ڕاونانی هێزەکانی پەکەکەو ڕەشبگیر لەسەرتاسەری کوردستاندا یان لێدانو خەڵتان خوێنکردنی خۆپیشاندانی جەماوەری دژی شەڕی نێوخۆیی لەشاری هەولێر بە هاوکاری هێزەکانی پارتی. ئەمە بەشێکی کەمە لەکارنامەی ڕەشی پارتە ناسیونالیستەکان بەگشتیو ینك بەتایبەتی کە جەماوەری کوردستان لەنزیکەی نیوە سەدەیەکدا ئەزموونیان کردووەو

بەتەواوی ئامانجی بۆرژوازی کوردو نوێنەرە سیاسییەکانی بۆ کارگەرانو زەحمەتکێشان دەرکەوتووە، کە هیچ جیاوازییەکیان لەگەڵ ڕژێمە هارەکەی بەعسدا نییەو بەڵکو زۆربەی کات تەواوکەری ڕۆڵی ئەو پارێزەری بەرژەوەندی دەوڵەتە بۆرژوازییە چەوسێنەرەکانی گەلی کورد وەك لەسەرەوە ڕوونمان کردەوە.

لەکاتێکدا ینك چمکی عەبای ڕزیوی ڕژێمی مەلاکانی ئێرانی گرتووە،کە ڕۆژانە جەماوەری ئازادیخوازی شارەکانی ئێران دەرژێنە سەر شەقامەکانو پایەکانی دەسەڵاتی خوا دەلەرزێنن. بۆیە ئەم هەوڵەی ینك لەدەست بە پوشەوەگرتنی خنکاوێك بەولاوەتر نییە، دڵنیابن کەتەمەنی ئێوەو دۆستە دێرینەکەتان لە خۆرگیران درێژتر نابێت ! ئاخۆ ئەوکات بێجگە لەڕژێمە سەرکوتگەرو براگەورەکەی ١٩٦٦بوارێکیتر هەیە لەناوچەکەدا پەنای بۆ بەرن ؟ !

ئێمە سەرەڕای سەرکۆنەو دژایەتی بێ ئەملاو ئەولامان لەگەڵ سیاسەتو بەرنامەو ئامانجەکانی ینك، ڕایدەگەیێنین، کە پاراستنی دەستکەوتەکانی ڕاپەڕینە جەماوەرییەکەی ئازارو سەپاندنی ئازادییە گشتیو تاکە کەسییەکان، تەنیاو تەنیا لەگرەوی هاتنە سەرشەقامی بزووتنەوەی جەماوەیو خەباتی ڕۆژانەی کارگەرانو زەحمەتکێشاندایە لە ڕووبەڕووبوونەوەی بەردەوامو بەکۆمەڵ لەگەڵ ملهورییەکانی ینكو لایەنەکانیتری ناوچەکە.

بۆیە هەر لایەنو کۆڕوکۆمەڵێك کە خۆی بە ڕێبواری ڕێی ئازادییە گشتییەکانو سەروەری جەماوەری(سۆڤیەتییە) دادەنێت، ئەوا تەنیا ڕێگەچارە گەڕانەوەیە بۆ نێو کۆڕی خەباتی جەماوەریو یەکخستنی ڕیزە چینایەتییەکانی کارگەرانو زەحمەتکێشان بۆ دەسکۆتاکردنی حازرخۆرانی سفرە درو ڕژێمە بۆرژوا ڕەگەزپەرستو کۆنەپەرستو فاشیستەکانی ناوچەکە.

هەر وەها ڕایدەگەیێنین کە لەکاتێکدا کە ئەگەر حککع لەبەر پاراستنی بەرژەوەندییە حزبییەکانی لەگەڵ بکوژانی ئەو چەند هاوڕێ کۆمۆنیستەو دوژمنانی بزووتنەوەی یەکسانیخوازی ژناندا پێك بێتەوە، ئەوا بۆ جەماوەری ستەمدیدە هیچکات مانای وازهێنانو خاوبوونەوە نییە لەخەباتی ڕۆژانەو بەردەوام بۆ بەدەست هێنانەوەی ئازادییە گشتییەکانو دەستکۆتاکردنی ئەمریکاو ڕژێمە کۆنە پەرستەکانی ناوچەکەو سەپاندنی خواست جەماوەرییەکان. ئەمەش تەنیا کاتێك مەیسەر دەبێت کە:

– جەماوەر لەگشت مەیدانەکانی ژیانو خەباتدا، بزووتنەوە کۆمەڵایەتییەکەی گەشە پێبداتو بەگشت شێوەیەك ڕووبەڕووی سەروەری بۆرژوازیو ملهوری پارتەکان بێتەوە، هەر لەناو ماڵو گەڕەكو فێرگەو کارگەو شەقامەکانەوە بگرە تا سەر شانۆو کۆڕو خۆپیشاندانو مانگرتنی گشتی بە نەچوونە سەرکارو داخستنی دوکانو نەکردنەوەی تەلەفزیۆنو ڕادیۆو نەخوێندنەوەی ڕۆژنامەکانیان.

– شانبەشانی ئەمە پێویستە چ لە ماڵو چ لەدەرەوە داوا لەچەکدارو لایەنگرانیان بکەن کە ڕیزە دژە جەماوەرییەکان بەجێبێڵنو شانەو ڕێکخستنەکانیان چۆڵ بکەن.

– هێرشو بەردەبارانکردنی بنکەکانی قەرارگای ڕەمەزانو خاتەم الانبیا کە بوونەتە لانەی ترۆرستی لەکوردستاندا.

– ناچارکردنی ینكو دەوڵەتۆکەکەی بە گواستنەوەی بنکە سەربازیو هەواڵگرییەکانی لەنێو گەڕەكوشوێنی کارو ژیاندا.

–کۆتایی هێنان بەشەڕی ناوخۆییو گێڕانەوەی خانووبەرەی دەستبەسەراگیراوی ئاوارەکان لەهەردوولا.

– ناچارکردنی UN و دەوڵەتە هاوپەیمانەکانو دەوڵەتۆکەکانی سۆرانو بادینان بە یەکلایی کردنەوەی کێشەی نەتەوەیی کوردو ڕزگارکردنی لەنێو بازنەی بەرژەوەندی ناوچەییو جیهانی سەرمایەداری جیهانیو نوێنەرەکانی.

– هەڵوەشاندنەوەی یاسای کارو بیمە کۆمەڵایەتییەکان، یاسای پارتو ڕێکخراوە سیاسییەکان، یاسای ڕۆژنامەگەریو یاسای ڕەگەزنامەو باری خۆییو یاسای پەروەردەو خوێندن کە تائێستاکەش هەمان یاساکانی ڕژێمی بۆرژوازی بەعسن یان وەرگێڕاونەتە سەر کوردی هەروەها هەڵوەشاندنەوەی گشت پەیماننامە ئاشکراو نهێنییە کۆنو نوێکان لەگەڵ دەوڵەتەکانی ناوچەکەو ئیمپریالیزمی ئەمریکی، ڕاگەیاندنی ئازادییە بێ بەندومەرجە گشتییەکان لە بریان.

سەرکەوتوو بێت خەباتی ئازادیخوازانەی جەماوەری

ڕسوابێ ملهوریو بۆربۆڕێنی پارتایەتی

بروخێ کۆمەڵگەی چینایەتی

یەکگرتوو بێت ڕیزی شۆڕشگێرانی پرۆلیتاریا بەرەو کۆمۆنەی مرۆڤایەتی

## گۆڤاری فەرهەنگی کۆمەڵایەتی دالیـــــان

**١ی ئۆگستی ٢٠٠٠**

**ژمارە ٠٠٠٥** **١ی ئابی ٢٠٠٠**

## بۆ مەکتەبی سیاسی یەکێتی نیشتمانی کوردستان

ئێمە کۆمەڵەی کەلتووری کورد لە باشووری ئوسترالیا، لەو شەڕو پێکدادانەی شاری سلێمانی نێوان یەکێتی نیشتمانی و حزبی کۆمۆنیستی کریکاری عیراقبەتووندی مەحکوم دەکەین. وە لەهەمان کاتدا داوا لە یەکیتی نیشتمانی دەکەین کە هەرچی زووە بارەگاکان چۆل بکەن و بەدیل گیراوەکان

ئازاد بکەن و تەرمی شەهیرەکان بەکەس و کاریان بدەنەوە. وە هەروەها سەنتەری ژنان جارێکی تر ڕێگای پێ بدرێت بکرێت بکرێتەوە و ئەمنیەتی ئەو ژنانه و کارمەندانی بنکەکان بپارێزرێ و تەواوی ئەو شت و مەکانەی دەستی بەسەردا گیراوە بگەرێننەوە بۆیان.
له کاتێکدا که باشووری کوردستان له باروو دۆخێکی ناسکدایه و خەلکی کوردستان چاوەروانی ئەنجامی گفتوگۆکانی ئاشتی نێوان یەکێتی نیشتمانی کوردستان و پارتی دیموکراتی کوردستان دایه و سەرجەم نەتەوەی کورد بەهیوای ماڵ ئاوەدانکردنەوەو بەهیوای ئەوەی که ئاشتی سەرتاسەری کوردستان بگرێتەوە و شەڕی براکوژی و ماڵ وێرانکردنی خەڵکی ستەمدیده و ئاشتیخوازی کوردستان له کۆڕبندرێت

به ئومێدی ئەوەین هەرچی زووه له کەشتێکی دیموکراسی و دوور له شەڕو پێکدادان بەیەکەوە دابنیشن و گرفتەکان چارەسەر بکرێن.

## کۆمەڵەی کەلتووری کورد له باشووری ئوستراليا

Australian Kurdish Cultural Association

---

### بۆ بەڕێز جەلال تاڵەبانی

بەسلاوێکی خەباتگێرانه ......
هەواڵی تێکچوونی ئاسایشی ناوچەی ژێر دەسەلاتی ئێوە بلاودەبێتەوە که بەرامبەر به هەندێك له لایەنه سیاسییەکانی ساحەی کوردستاندا ئەنجام دراوە و بنەماکانی مافی ئینسان و قواعیدەکانی پێشێل دەکات. وە لەوش زیاتر دژایەتی هەیه لەگەل بەرنامەی هیزە سیاسیيه زیندوە عیراقییەکان بەگشتی و کوردییەکان بەتایبەتی, وە لەوانە یەکیتی نیشتمانی کوردستان، که زۆربەیان خەبات دەکەن بۆ فره حیزبی ئازادی پەیوەس بوون و هەلسوورانی سیاسییەوە وەك نموونه و نیشانەیەك که له هەزارەی سێهەمدا پێی لەسەر دادەگرین. که هەموومان چاومان له بەدیهاتنی ئاواتی گەلی کوردە لەپێناو دامەزراندنی چوارچێوەی سەربەخۆی خۆی.
داواتان لێ دەکەین که پێشێل کارییەکانتان دەرهەق به حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاری عیراق و رێکخراوە جەماوەرییەکانی راوەستێنن له پێناو هەرچی خێراتر بەدیهاتنی ئاواتی راپەریوی رۆژانەمان، بۆ عیراقیکی دیموکراتی فیدرالی.

## کۆمەڵەی نووسەران و توێژەرەوە عیراقییەکان له سوید

٢٧ يولي ٢٠٠٠

(وەرگیران له عەرەبییەوە: جمال صالح)

---

### بۆ بەرێز وەزیری ناوخۆی حکومەتی هەرێمی کوردستان

دوای سلاو
وەك دەزانن حکومەتی قانون و نیزام له هەر شوێنێکی ئەم دنیایەدا بۆ چارەسەرکردنی هەر کێشەیەك، چەند ئاڵوز و گرانیش بێ, پەنا ئەباته بەر پرنسیپەکانی دیموکراتی و باس و گفت و گۆو دانوساندن نەك زەبرو زەنگ و هەرەشەو خوێن رشتن. روداوی ئەو چەند رۆژەی دوایی لەگەل بارەگایەکی حزبی کۆمۆنیستی عیراق کەسەر پێچیانگردووه لەوەی فەرمانی وەزارەتەکەتان بۆ گواستنەوەی بارەگاکەیان جێبەجێبکەن، بووه مایەی کارەساتێکی خوێناوی له شارەکەماندا و سەرئەنجام چەند ئەندامێکی ئەو حزبه بەدەستی هێزەکانی ئاسایش کوژران و هەروەها هێزەکانی ئاسایشیش زیانیان

لێکەوت. کە ئەبوو هەرگیز ئەوە روونەداتو بە نەفەسێکی درێژ ترو لەرێی قانوون و دادگاوە سەرپێچی و موخالەفەی ئەوان چارەسەر بکرێت و کارنەگاتە بەرکارهێنانی توند و تیژی دوور لەیاساو پەنابردن بۆ تفەنگ و خوێن رشتن. کە هیچ پاساوێك ئەوە قوبوولٚ ناکات تەنانەت ئەگەر خەتابار ئەوانیش بووبن، چونکە وەك ئارامتر و بەرپرستر بێ. من وەك شاعیرێکی ئەم وولاتە خوچم بە لێپرسراو ئەزانم بەرامبەر هەموو دلۆپە خوێنێکی هاوولاتیان بەوانەیشەوە کە بیروباوەری سیاسییان لەگەڵ مندا جیاوازە. دژی هەموو زەبرو زەنگ و تیرۆرو کوشت و برێکم جائیتر لەهەر لایەکەوە بێت. بۆیە نارەزایی خۆمتان پێ رائەگەیینم و داوا ئەکەم بەزووترین کات لێکۆڵینەوەیەکی جیدی لەم کارەساتە بکرێت و لەرێی دادگاوە بەرپرسانی ئەو رووداوە و تاوانگەران لێیان بپێچرێتەوە و بەو سزایەش بگەن کە قانون حوکمی رەوای خۆی تێدا ئەدات.

**شێرکۆ بێکەس**

٢٠٠٠/٧/١٦

**وێنەیەك بۆ:**

- بەرێز سەرۆکایەتی ئەنجومەنی حکومەتی هەرێمی کوردستان.
- بەرێز (م.س)ی یەکێتی نیشتمانی کوردستان.
- رۆژنامەی کوردستانی نوێ – بۆ بڵاوکردنەوەی ئەم نارەزاییەم تکایە.
- بەرێز رۆژنامەی ئاڵای ئازادی – بۆ بڵاوکردنەوەی ئەم نارەزاییەم تکایە.

## ئا زادی بیروڕا، لەبەردەم هەڕەشەی فەنابووندایە

لەوە ترسناکتر نی‌یە، کە پێکدادانەکانی ئەم دوایی‌یەی نێوان "یەکیتی نیشتمانی کوردستان" و "حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاری عیراق" بەشتێکی لاوەکی و سەرپێیانە بدینە قەڵەمن چونکە بێدەنگ بوون و هەست نەکردن بەو کارەساتە، راستەوخۆ پەلکێشی شەڕیکی خوێناوی ترمان دەکات کە سەرەنجام دەبێت هەر خۆمان باجی هەڵە کوشندەکەی بدەین!

سەبارەت بەو کارەساتە خوێناوی‌یە ناشارستانی‌یەی کە هێزەکانی ئاسایشی سلێمانی لە رۆژی ٢٠٠٠/٧/١٤ لە پەلاماردانێکی سەربازیانەو کت و پڕو بێ مانادا کردیانە سەر بارەگای "حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاری عێراق" و سەرەنجام پێنج کەس لە ئەندامانی ئەو حیزبە بوونە قوربانی و زۆریشیان دەستگیرکران و خرانە زیندانەوە و ژمارەیەکیش لە هەردوولا بریندار کران.

وەنەبێت ئەمە یەکەمین کارەسات بێت لە کوردستاندا روویدات، بەلکوو لەماوەی ئەم شەش حەوت ساڵەی رابوردووشدا گەلێك رووداوی قێزەون و دەستدرێژی کراوەتە سەر کەرامەت و حەرمەتی یەحتری، کە مرۆڤ شەرم لە گێرانەوەیان دەکات. بەڵام ئەوەی لێرەدا مەبەستمە لیلێم ئەوەیە، کەچی وا لە ئێمە دەکات بەبەردەوامی مامەڵەیەکی ئەخلاقیانە لەگەڵ داکیرکەراندا بکەین، بەڵام لەبەرامبەر یەکتریدا ئەوەندە بکوژو بەربرەی بین کە سنوور بۆ هیچ حورمەت و پێشێلکاری‌یەك نەهێڵینەوە.

کارەساتەکەی ٧/١٤ بەتەنها ئاراستەی حیزبی کۆمۆنیست نەکراوە، بەڵکو مەترسی‌یەکی گەورەشە بۆ سەر ئەزموونی دیموکراتی گەلەکەمان لەم دەڤەرەدا و سەرەتایەکیشە بۆ سەرکوتکردنی هەموو دەنگێکی جیاواز کە بیەوێت لە دەرەوەی حیزبی دەسەڵاتدار ڕاویۆچوونی ئازادانەی خۆی دەرببڕێت.

من وەك پێشمەرگەیەکی دێرین و پارتیزان، بە توندی ناڕەزایەتی و نیگەرانی خۆمن بەرامبەر بەو کارەساتە ڕادەگەیەنم و داواش لە لێپرسراوانی یەکێتی دەکەم کە دەستبەجێ فشار بخەنە سەر لێپرسراوی ئاسایشی سلێمانی وەزەیری ناوخۆ و بەرپرسی یەکەمی ئێستای یەکێتی، تاکو دەست لە کارکێشانەوەی خۆیان لە پۆستەکانیان رابگەیەنن و چیتر لەوە زیاتر رەنجی چەندین ساڵەی هەزاران پێشمەرگەی دێرین و ماندوونەناس و کادێرە دڵسۆزەکانی بەفیرۆ نەدەن. بۆیە ئەرکی هەموو حیزب و لایەنە سیاسی و ئەدیب و رۆشنبیرانیشە کە هەڵوێست لە ئاست ئەم دیاردەدە ناشارستانی‌یە وەبگرن و لیژنەیەکی لێکۆڵینەوەش پێکبهێنن تاکو لەو کارەساتە بکۆڵێتەوە و بکوژانیش پەلکێشی دادگا بکرێن سەرباری ئەمانەش، پێویستە هەریەکێکمان ئەو دەعەجانە و رەوزەنە ترسناکانەش بکوژین کە لەناخماندا خۆی مەڵاسداوە .. پێویستە گیانی تەسامح و لێبوردن سەوز بکەین و هەموو ڕق و تووڕەبوونێك بەرامبەر بە یەکتری بسڕینەوە، تاکو ئاینده بەرەو کارەساتێکی ترو شەڕێکی تر ڕاپێچمان نەکات.

بژی ئازادی ڕادەربڕین ..

**شازین هێرش**

**نووسەر و شاعیر، پێشمەرگەی دێرین و پارتیزان**

**٢٠٠٠/٧/٢٠ – سلێمانی**

**بۆ یەکێتی نیشتمانی کوردستان**

بە داخێکی زۆر گران و پەژارەیەکی قوولەوە هەواڵی خوێن رشتنی ترسناکمان بیت کە حیزبی دەسەڵاتداری ئیوە لە رۆژی جومعە ١٤ی تموزی ٢٠٠٠ لە دژی ئەندامان و لایەنگرانی حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاری عیراق ئەنجامی دا کە بووە هۆی کوشتنی شەش کەس و بریندار کردنی کەسانی تر و دەستگیرکردنی دەیان کەسیان. ئەم حیزبە کە بەپێی یاسای حیزب و رێکخراوەکان کە لە پەرلەمانی کوردستان پەسەند کراوە, ئیجازەی هەیە.

ئێمە ئیمزاکەرانی خوارەوە نارەزایەتی وتووڕەیی خۆمان لەم کردەوەیەتان دەردەبڕین کە یادهێنەرەوەی قەتل وعامی خوێناوی ٨ی شەباتی ١٩٦٣یە لە عیراقدا و قەتلو عامی پشت ئاشانی سالی ١٩٨٢ لە کوردستانی عیراق کە هەر ئەم حیزبەی خۆتان ئەنجامی دا دژی هیزی نیشتمانی دیکە.

داوای وەستانی دەست بەجێی ئەم کردەوانە دەکەین و هەل و مەرجی ئیستیسنا کۆتایی پێ بهێنن و ئازادی سیاسی و سەلامەتی کەس و کۆڕ و کۆمەلەکان دابین بکەن و یاساکانی تایبەت بە حیزب و جمعیات و ریکخراوە نەقابی و پیشەییەکان پەیرەو بکەن، وە داوای دانی قاتلان بە دادگایەکی عادلانە لەگەل بلاوکردنەوەی ئەنجامەکانی لێکۆڵینەوەکان بۆ رای گشتی دەکەین.

کۆپی بۆ/

- رێکخراوە ناوچەیی و نێونەتەوەییەکانی مافی ئینسان
- حیزب و رێکخراوە عیراقی و عەرەبییەکان
- هەموو رۆژنامەو شوێنە ئیعلامییەکان

ئیمزاکان

| | |
|---|---|
| **١- د. عبد جاسم الساعدی** | **مامۆستای دانیشگا** |
| **٢- سعدی الشڕر** | **مامۆستای دانیشگا** |
| **٣- حسین عبدالله** | **مامۆستا** |
| **٤- فؤاد میخائیل** | **خانەنشین** |
| **٥- عبدالهادی حسین** | **مامۆستا** |
| **٦- نعیم الشڕر** | **مامۆستای دانیشگا** |
| **٧- عبد جعفر** | **رۆژنامەنووس** |
| **٨- رشید سعد** | **بێ لایەن** |
| **٩- د. موسی الحسن** | **معارزی عیراقی** |
| **١٠- شفیق ابراهیم** | **بێ لایەن** |

(وەرگێران لە عەرەبییەوە بۆ کوردی جمال صالح)

## "نامەیەکی کراوە بۆ سەرکردایەتی یەکێتی نیشتیمانی کوردستان"

نیمچە زەمانێکەو بوم ئاسا لێتان دەبیستین، هێرشی مەغول بوون، دڵبەردیی تەتەر بوون، هەولێکی تری لەشکری تارمایی بوون لۆ گزنگی بەسروود داشۆراوی شارمان، تەقەلایەکی دی بوون بۆ گێرانەوەی کاتژمێرەکانمان رووەو کەنارە ووشکەهەڵاتووەکانی دوێنێ، ئاوازێکی نەشازی دەم سەحەر بوون بۆ گۆڕینەوەی هەناسەکانمان بە دروشمی درۆ. بە جوعبەی مێژوویتان لە بانگەوازی یەکێتی یەوە هەتا دروشمی نیشتیمانی و کوردستانێتی، هەرچی فەرهەنگ بوو ئیستیهلاکتان کردن بۆ نزیکبوونەوە لە ئازارەکانمان، وەلی نەقرمەی کلاشینکۆفتان توانیان ئاوازێکی نوێ بن بۆ شەوانمان، نە حیکایەتی نوسەران و شاعیرانی دەربارت بوونە تاریف بۆ ئالودەییمان لۆ دۆزینەوەی دۆست و دوژمن.

لە نێوان بۆرە بۆڕ و شیوەنتان بۆ گومرگی دۆڕاوی ئیبراهیم خەلیل و ئەو ئاوازە شیرینەی دایکانی ڕۆڵانڕۆ بە شیوەنەوە دەیخوێنن، هێڵێك هەیە جوێمان دەکاتەوە و دەبێتە پێناسێکی نوێ، ئەویش گوێ ڕانەدانە بە سەرەوەری قامچی قەبەلیتان، ئەو قامچییەی دەیەوێ هەموو نیگاکانمان بکاتە هێڵ رووەوە خۆی، بەرامبەربوونەوەیەك کە پەردە لەسەر پەرەوازەبوونتان هەڵبداتەوە لە نێوان گرێ دۆڕاوەکانی ناختان و نێوچەوانمان، بەرامبەربوونەوەی ئازادی و دیلییە، هی کەڵبەو زەردەخەنەیە، هی رق و بروسکەی چاوانی ناقایلە.

دوێنێ بەپێش چاوانمانەوە، هەڵتان کوتایە سەر بارەگاکانی شیوعییەکان لە قەندیل، چاومان لێبوو چلۆن دڵی قرناقەو پشت ئاشانتان شکاند، ئەمجا بەو نەشئەیەوە کەوتنە گەمەی مفاوەزاتە دۆڕاوەکانتان. دوێنێ بەو قامچیە و بەو تفەنگە زۆڵەوە، نەفیکری نەتەوەیی کورد، نە ریزەکانی ڕزگاریخوازی کورد، نە هیچ هۆشێ دەوڵەمەند بوو، چتان کردو چتان گوت، دەفتەرەکانی مێژوو دەق بە دەق پەردەی لەسەر دۆگماتان هەڵداوەتەوە .

شانازی بە داگیرکردنی دام و دەستگای کۆمۆنیستەکان دەکەن؟،رێکخراوی ئافرەتان و منالان دادەخەن؟، ناتانەوێ هیچ شێوەیەکی رێکخراوەیی وەها هەبێ کە سەڵتەنەتی حوکمی جەورتان بلەقێنێ. ئێوە بەئەزمونی دابەشکردنی رەنگ و زەنگ بەرەو لێرەواری شەڕی براکوژیتان بردین، ئێمە لە چ هەردەلانێ سروودمان دەچڕی و، کەوتینە کامە سارا. ئەو مەرامە شوومەی ئێوە هەتانە بۆ کوژانەوەی تروسکەی بەرامبەربونەوە خەیاڵە، ئەوە مەرامی بەزیندو چاڵکراوی هەموو دیکتاتۆرێك بووە، بەڵام مێژوو دەڵێ کە خەونەکانی میللەت راستەقینەترو، بەرجەستەبووترن.

ئێمە حاشا لە بۆچونە قەبەلی یەکانتان دەکەین، ئەم شەرعی قامچیەی بۆتە سیماتان، رێگرە لەوەی بەسەربەستی خەونەکانمان سەوزبن. ئێمە لەهەناوی ئەو شەهیدانەوە رووتان تێدەکەین کەبە راوەستانیان بەرامبەر جەمعی تارتان، سبەینێیەکی ڕونتر و، ئاسۆیەکی رەنگاڵەتریان دەدیت.

بەسۆشیال دیموکراتیتان ڕشانەوەمان دێ، بە دروشمی کوردایەتی درۆتان پێناسمان دادەچڵەکێ، بەشیعاری ماف مرۆڤتان دەتۆقێین، هەستن تۆز لەسەر دەسرۆکەی غیرەتتان بتەکێنن و، بوخچەو ساکەکانتان بەن بە شانتاناو، بەرەو هەوارێکی دی برۆن، واز بێنن، بەشکم خۆمان بتوانین لە جەستەی زامدار کوردسانێ و، لە ئەشکمان بارانێ بخولقێنین.

**عباس بوسکانی** — **دکتور محمد کمال** — **حسین جهانی**

**شاعیر** — **نووسەر و ماموستا لە زانکوی ملبورن** — **هونەرمەندی شانۆیی**

---

## بۆ مەکتەبی سیاسی یەکێتی نیشتمانی کوردستانی بەرێز

سلاوی گەرم...

بەداخێکی زۆرەوە بیستمان کە لەچەند ڕۆژی رابوردودا لەناو شاری سلێمانی باری نائاسایی و تێکهەڵچونەوە چەند کەس لەئەندامای حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاریو دوو پێشمەرگەی ئاسایش کوژران و بریندار بوون و زیانێکی تری گەورە بەرجەستەی خەلکی کوردستان کەوتۆتەوە.

ئێمە وەك ئەندامانی یەکێتی نیشتمانی بەپێویستمان زانی رای خۆمانتان لەسەر ئەو وەزعەی ئێستا لەئارادایە بۆ بنوسین کەدوابەدوای روداوەکان و وردبونەوە لەئێستاو رابوردوی کێشەکان لامان گەلاڵە بوە:

یەکەم: ئێمە بەتەواوی پشتیوانی لەشارەوانی سلێمانی دەکەین بۆ چۆڵ کردنی شار لەهێزی چەکدار، هەروەها ئەو بریارە بەهەنگاوێکی دروست ئەزانین و هەرلایەنێك دژی بوەستێ یاخود وەستابێ بەناشارستانی لەقەڵەم ئەدەین و بەلامانەوە مەحکومە.

دوەم: لەگەڵ ئەوشدا ئێمە زۆر نارازین لەوەی لەکاتی گفت وگۆی هەڤاڵنیم.س لەگەڵ نوێنەرانی حیزبی کۆمۆنیست تەقە لەئەندامانی حیزبی ناوبراو کراوەو چەند کەس کوژراون، هەروەها گرتنی‌لێپرسراوانی حیزبی ناوبراو لەکاتی گفت و گۆداو راگەیاندنی ئەوەی کەدەبێ حیزبی ناوبراو بچنە ناوچەی (پارتی) و ناوچەی یەکێتی چۆڵ بکەن بەتەواوی دژ بەپرەنیسپی ئازادی رادەربرین ئەزانین ولایەنگری ناکەین.

سێهەم: ئێمە هەر جۆرە هەوڵدانێکی نایاساییو بەدەر لەدەسەڵاتی دادگا بۆ بێدەنگکردنی ئۆپۆزسیۆن بێپاساوی مەعقول، بەرەفتارێکی ناشارستانیو بەسەرچوو ئەزانین و پێمان وایە کەسیاسەتی پاوانخوازی لەگەڵ بەرژەوەندە باڵاکانی میللەتی کورددا نایەتەوە ودەبێ رێگای پێنەدرێو بەرنامەی یەکێتی نیشتمانی کوردستان ئەو مەسەلانەی بەروونی دەستنیشان کردووە.

چوارەم: بەشەرمی دەزانین بۆ خۆمان وەك ئەندامانی یەکێتی کەهەر لەوکاتەدا حیزب و پارتە نەتەوەییو چەپەکان فشاری هەمە جۆریان دەخرێتە سەر، گروپ و رێکخراوە کۆنەپەرست و وابەستەکان بەکەیفی خۆیان بەکوردستان دا تەراتێن دەکەن و کەس پەخەیان پێناگرێ.

پێنجەم: ئێمە دڵنیاین کەبێدەنگ بونمان لەئاست هەرجۆرە سیاسەتێکدا کە لەکوردستان دا پیادەدەکرێ، دەبێتە نیشانەیەکی مەترسی‌دار بۆ نەمانی گیانی پێشکەوتن و ئازادیخوازی– چ لەناو یەکیتی نیشتمانی کوردستان دا وەیاخود لەناوگەلی کورددا بەگشتی، بۆیە داواکارین و پێشنیار دەکەین کە کێشە لەگەڵ پۆپۆزسیۆنی ناوخۆ و پارتە نەتەوەییە راستەقینەکان دا بەزمانی دیالۆگ و گفت وگۆ چارەسەر بکرێو براکوژی حەرام کرێ.

**بابەکر درەیی — سابیر کۆکەیی — فەریدون کونجرینی**

لەندن 21- 7- 2000

---

## بۆ مەکتەبی سیاسی یەکیتی نیشتمانی کوردستان

ئازادی هەڵسورانی سیاسی مافێکی سروشتی هەموو حیزب و لایەنێکە، هەر حیزبێك یان هەر لایەنێکی سیاسی دەسەلاتدار بێت یان ئوپوزسیۆن ئەم مافە بەرتەسك بکاتەوە یان زەوتی بکات، ئەوە لەگەڵ بنەماکانی کۆمەڵگای مەدەنیدا نایەتەوە و پرنسیپەکانی مافی مروڤ لە پێکهێنانی رێکخراوەی سیاسی وتەبلیغ و بەرپاکردنی خوپیشاندان و .......هتد دەخاتە ژێر پرسیارەوە.

هەر بۆیە داخستنی بنکەکانی حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاری عێراق و هێرش کردنە سەریان تا رادەی کوشتنی ٥ ئەندامیان کارێکی دژ بە ئازادی هەڵسورانی سیاسیە و بە قازانجی بزووتنەوە سیاسیە کۆنەپەرستەکان و رژێمە سەرکوت کەرەکانی ناوچەکە دەشکێتەوە.

- دەسکەوتە مەزنەکانی راپەرینی خەلکی کوردستان لە بەرپاکردنی هەڵسورانی ئازادی سیاسی دەبیت بەرزوبەریز رابگیرێت. جیاوازی بیرورا لە نیوان لایەنەکاندا دەبێت بە شێوەی دیالۆگی سیاسیانە بچێتە پێشەوە، وە دوربێت لەبەکارهێنانی چەك و توندوتیژی.
- داواکارین لیژنەیەك پیك بهینریت بۆ لێکولینەوە لەم روداوەو راستیەکان بۆ خەلك ئاشکرا بکرێت.
- بارەگاوو بنکە ئیعلامیەکانی حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاری عێراق وەك باقی لایەنەکانی تر، دەست بەکاری عەلەنی خوی بکاتەوەو زیندانیەکانیان ئازاد بکرین و تەرمی قوربانیانی ئەم کوشتارە بدرێتەوە بە کەس و کارو ئازیزانیان.

وینەیەك بۆ:

رادیۆ کوردیەکانی شاری ستوکهولم

دەزگای راگەیاندنی حیزبی کۆمۆنیستی کریکاری عێراق

بلاوکراوەی پەیام

۰۰\۸\۵

**بەختیار مستەفا**

**ئەمجەد شاکەلی**

**هۆمەر نوری**

**ئیبراهیم کاکەحەمە**

# پەیامیك بۆ نەوشیروان مستەفا

بەهاری ۱۹۸۳ مام جەلال، توی نارده سەر شیوعیەکان، ئەوەبوو قەسابخانەیەکت بۆ سازکردن، بەلام هاوینی هەمان سال خوی هیرشی کرده سەر جاشەکانی بیتواتە، وا جاریکی دیکەش دەستت بە خوینی پولی لە کومونیستی دیکە سوور بوو. دیسان مام جلال دەستی کردیتەوه بە زاخدا و شەری شیوعیەکانی بەتۆ کرد.

ئەگەر چی تۆ وات پی خوشە ناوت وەکو ئەهلی قەلەم لە میژوودا تومار بکری، وەلی بە پیچەوانەی حەزی خوتەوە، ناوت وەکو ئەهلی شمشیر دەچیتە دیرۆکەوە. هیتلەر لەهەموو دنیادا وەك بکوژی جوولەکە ناسراوە، تویش لەهەموو کوردوستاندا لە بواری شیوعی قەلاچوکردندا، شانی کەس ناگاتە داوینیت.

پیروزت بیت

**حمەسەعید حسن**

۲۰۰۰/۷/۱۷

## بەشێك لە نامەی نارەزایەتی حسین خۆشناو

نامەیەكی كراوە بۆ:

ئەندامانی مەكتەبی سیاسی یەكیتی نیشتمانی كوردستان

نەوشیروان مستەفا

.....

بەشێكی زۆر لە كوردەكانی هەندەران بە تایبەتی رۆشنبیر و نووسەران باش لە مەسەلەكان گەیشتوون و دەزانین كەوا ئەم جۆرە كردارانەی حیزب و پارتەكانی كوردستان نەتەوەی كورد بەرەو چ رۆژگارێكی رەش دەبەن !

بەداخەوە كەسێكی وەك نوشیراوا مستەفا كە خۆی بە رۆشنبیر و نووسەر و سیاسەت زان دادەنێت رۆژ بە دوای رۆژ دەستی خۆی بە خوێنی رۆڵەی كورد سوور دەكات.

من لەو باوەڕەدام كەوا بۆچوونە نێو  مێژوو و بۆ ئەوەی هەڵگری ئاڵای كوردایەتی و راستی بیت رێگای برای كوژی و تێرۆر كردن رێگایەكی پڕ لە پەشێمانی و ڕوو ڕەشی‌یە !

نوشیروان مستەفا ئەندازیاری ئەم كارە:

كاتێك كە تۆ نووسەر بوویت من منداڵ بووم كاتێك تۆ پێشمەرگە بوویت من قوتابی بووم كاتێك تۆ رۆشنبیر بوویت من نەزان بووم، بەڵام ئەمرۆ تۆ رێگای تیرۆری رۆڵەكانی نەتەوەی كوردت گرتۆتە بەر نەك هەر كوردێكی نەزان و نەخوێندەوار بەلكوو پشیلەكانی شاری سیدنی لەتۆ رۆشنبیر ترو لە تۆ زانا تر و لە تۆ مرۆڤ پەروەرترن.

من و سەدان رۆشنبیری وڵاتی ئوستralیا بە توندی ئەم كارەی یەكێتی نیشتمانی كوردستان محكوم و ریسوا دەكەین و راستە وخۆ داوا لە سەركردایەتی ی ن ك دەكەین كەوا بەزووترین كات تەرمی پێشمەرگەكانی حیزبی كۆمۆنیستی كرێكاری عیراق تەسلیم بە كەس و كاریان بكات و هەرچی بارەگا و دام و دەزگاكانی ئەو حیزبە هەیە بدرێنەوە و زیندانەكان ئازاد بكرێن و یەكیتی نیشتمانی كوردستان قەرەبووی ئەم كارە ناڕەوایە بدات، خوچی بەرامبەر لێپرسراویەتی مێژوویی گێل نەكات چونكە مێژوو و بۆ ئەمڕۆ نییە بەڵكو بۆ دوا رۆج و نەوەكانی دوا رۆژی گەلەكەمانن و مێژویەكی پاك و بێگەردیشتان نییە شوكر بۆ خوا.

**حسین خۆشناو**

**٢٠٠٠ /٨/١    ئۆستralیا**

---

## قسەوباسی كاك عدنان گلی لە مەراسمی یادی حیزب و پێنج هاورێی گیان بەخت كردوودا لە سوید لە رێكەوتی ٢٠٠٠/٧/٢٣

ئامادەبووانی بەریز

ئەمرو كە كوبوینەتەوە لەم شوینەدا بو ریز لیهینان لەچەند هاورێیەكی دلسوزی حزبی كومونیستی كریكاری عیراق، كەژیانی خویان بەختكرد بو ریگای رزگاری، سەربەستی، ئازادی گەلە چەوساوەكەمان. ئەو هاورێیانە بوونە شاهیدی زمان بو رسواكردنی كونەپەرست و نوكەران. هاندەری كومەلی ئازادیخوازی گەلەكەمان بو بەرەوپیشەوە بو خزمەتی ئینسانی و دریژە بە خەباتی گەلەكەمان و دژ بە كونەپەرست و زورداری و دژ بە خوبەستنەوە بەم رژیمەو ئەو رژیمە و پاكانەكردن بویان.

ئەمرو سیستەمی گەلان و خەباتیان گوراوە و لەجیاتی زمانی تفەنگ و كوشتن و برین زمانی گفتوگو و تەفاهم هاتوتە كایەوە كەچی لە وولاتانی خومان زور بەداخەوە كوشتن و برین لەسەربیرورای جیاواز هەرماوە و كەسانیك پی هەلدەسن كە خویان بە نیشتیمان پەروەرو پیشكەوتو خواز ئەزانن.

بەلی لەسەر چی بناغەیەك هاتنە هاتنە كایەوە و بەروكوی ئەچن؟

ئەم پرسیارە زور كەس لەخوی ئەپرسی و پرسیار دەكەن...؟ ئەو كەسانەی كە هەستی ویژدان ئینسانیان تیدایە و دلیان بو میللەت دەسوتی هەر ئینسانە پیشكەوتوخوازەكانە.

ئەمرو ئەو حزبانەی كە دەسەلاتن لە كوردوستاندا كەوتوونەتە مساوەمەیەك لەگەل رژیمە مەركەزیەكان لەسەر حیسابی میللەت وە بەبیانوی جوراوجور كەیزور دوورن لەواقیع. تەنها ئەوە نەبیت مەسلەحەتی چەند تاقمیك و كەسانیكی تیدایە.

بویە بەم کردەوانەی دوایی یەکیتی نیشیتمانی بەرانبەر بە حزبی کومونیستی کریکاری عیراق کردوە، هەمووی دژ بە دیموکراتی و ئینسانی و ئازادی گەلەکەمانە.

وەهەر بویە دەنگی خوم دەخەمە پال دەنگی کومەلی چەوساوەی گەلەکەمان دژ بە کونەپەرستان ونوکەرانی میللەتەکەمان. وەدلنیاتان دەکەم زورن ئەوانەی نارازین بەم کردوانەی ئاخیر کە رووی دا ئامادەن بو کارکردن و رسواکردنیان. بەلام بەداخەوە ئەو کەسانە کەوتونەتە ژیر فشاری زوردارەکان کە ناتوانن دەنگی نارەزایەتی خویان بەرزکەنەوە دژ بەو کارە نا ئینسانی‌یە .هیوادارم پیکەوە کاربکەین و دەست بخەینە دەستی یەکتر بو ریسواکردنی ئەو کارە نادیموکراتیە. بە نەفەسیکی دریژ خایەن و تا ئامانجی میللەتەکەمان بیتە دی و کومەلگایەکی خاوین و عەدالەت و ئینسانیەت تیدا بەرقەرار بکەین.

**بژی حزبی کومونیستی کریکاری عیراق**

**عدنان گلی (کادری راگەیاندنی یەکیتی نیشتیمانی کوردستان ٢٥ سال خەبات لە ریزی ی.ن.ك دا )**

---

بەشێك لە نامەی نارەزایەتی پشکۆ نجم الدین

# هەڵسوورانی ئازادی سیاسی و رادەربڕین ڕێزلێبگرن!

بۆ/ بەڕێز مەکتەبی سیاسی یەکێتی نیشتمانی کوردستان

پاراستن و ڕێزگرتنی مافە سەرتاییەکانی مرۆڤ ماڤ: ئازادی هەڵسوورانی سیاسی, دەربڕینی بیروڕا, فیکر, ئایین, ژیان و کارو نیشتەجێبوون و هاتوچۆ, دامەزراندنی کوڕ و کۆمەڵی سیاسی و پیشەیی و کولتوری, مانگرتن, خۆپیشاندان...هتد. لە خەسڵەت و سیماکانی ناسینەوەی دەولەت و کۆمەڵگا شارستانی و هاوچەرخەکانی ئەم سەردەمەن. لە کوردستانی پاش راپەرین و قەڵاچۆکردنی دەسەڵاتی نەگریسی بەعسدا, بارودۆخێکی سیاسی و کۆمەلایەتیی نوێ سەری هەڵداوە کە جێدەستی هەموو گروپ و توێژە جیاکانی کۆمەڵی کوردەواری پێوە دیارە. پێچەوانەی رۆژگاری پاش راپەرین لەگەل جێگرتن و سەقامگیربوونی دەسەلاتی سیاسی و دەسگا دەولەتییەکاندا, بازنەی ئازادییە سیاسییەکان تەنگتر دەکرێتەوە و ناو بەناو زمانی زەبر و چەك جیٚبە دیالۆگ و دانووساندن بۆ بەلاداخستنی کێشە سیاسی وفیکرییەکان لێژ دەکەن و خوێنی ئینسانەکان لە ئەنجامی کاری هەڵە و باش مامەڵەنەکردن لە ئاست قەیران و ئاستەنگە سیاسییەکاندا بەنارەوا دەڕژێن.

من لە سۆنگەی هەستی ئینسانی و نیشتمانی خۆم و پەرۆشییم بۆ پاشە ڕۆژی سیستەمی سیاسی و بزووتنەوەی کومەلایەتی لە کوردستاندا, لە ئاست ئەم رووداوەی دوایی نێوان دەسگای ئاسایش و حیزبی کۆمۆنیستی کارگەری بە دەنگ دێم و دڵنیاتان دەکەمەوە کە ئەو جۆرە هەڵس و کەوت و رەفتارانە دەڕژێنە بەرژەوەندیی هێزە کۆنەپارێز و ئەقڵژەنگ گرتووەکانی کوردستان و دەرەوە و لە پلەی یەکەمدات لەمپەرێك دەبن لە بەردەم بزووانەنی ئەو پرۆسە سیاسی و کۆمەلایەتیە وەگەڕکەوتووەی کوردستان کە هەموو لایەك ئومێدێکی گەورەیان لەسەر داناوە.

من وێڕای تورەیی و بێزارییم لە رژتنی هەر دلۆپە خوێنێك, چ لە کوردستان و چ لە هەر شوێنێکی ئەم جیهانەدا, پێم وایە کام کێشە زۆر ئالۆز و پێچەڵپێچە, پاساوی کوشتنی ئینسانێك نادات. لەمەش زیاتر, کام فەلسەفە و فیکر و بەرنامەی سیاسی زۆر پیرۆزە, سەرخستنی یەك دلۆپ خوێنی رژاو ناهێنێ! . من وەکو کوردێك کە پاراستنی ماف مرۆڤ و ئازادیی بیرورا خەمی گەورەمن, هیوادارم:

- کۆمیتەیەکی لێکۆڵینەوە و بەدواداچوون بۆ رووداوی کوشتنی پێنج ئەندامی چەکداری کۆمۆنیست و پۆلیسێکی دەسگای ئاسایش دابنرێت و ئەنجامی گەڕان و تەحقیقاتەکەی بدرێتە دادگا و تاوانباران دادگایی بکرێن.
- کەناڵی گفتو گۆ و دانوستاندن لەگەڵ حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاری‌دا وەگەربخرێتەوە و هەوڵی چارەسەری کێشەکان بە ئاشتیانە بدرێن.
- پاراستنی ژیانی ئەو کەسانەی بە دیل گیراون زامن بکرێت و ئازاد بکرێن.
- تەرمی قوربانیانی رووداوەکە بدرێنەوە کەسوکاریان وبەڕێزەوە بنێژرێن!.

**پشکۆ نەجمەدین سوید- یولی /٢٠٠٠**

# سەرکردایەتی یەکێتی نیشتمانی کوردستان

سلاو

هەڵسوکەوتتان بە ئاگر و ئاسن و سەرکوتاندنەوە، لەگەڵ حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاری ئێراقدا، لەسەر مەسەلەیەکی ئاوەهاییدا، کە دەتوانرا بە شێوازی دی بە ئەنجامی پێویست بگا، نە پێویستی دەکرد، نە لە بەرچەوەندی حکومەتی هەرێم و جەماوەری هەرێمی کوردستاندا بوو نە لەگەڵ (سۆشیال-دیموکرات)دا ڕێك دەکەوێ کە ئێوە لاف و گەزافی هەڵگرتنی لێدەدەن.

ئەم ڕووداوە کارەساتی پشتئاشانیشی بەبیر خەڵك هێنایەوە کە حەڤدە ساڵە پێی هەڵساوون و تا ئێستاش زامەکانی سارێژ نەبوون و دووبارەبوونەوەی ئەم چەشنە ئاکارە دوژمن و ناحەزان بۆ حکومەتی هەرێم زیاتر دەکات.

دادگایی کردن و سزادانی ئەو لێپرسراوانەی بوونە هۆی ئەم کارەساتە دزێوە و ئاشکراکردنیان لەوانەیە هەندێ لە کاریگەری ڕووداوەکە لەسەر جەماوەر کەم بکاتەوە. دەبێ هەر گرتنی شێوازی دیموکراسی هۆی چارەسەرکردنی گیروگرفتی کاربەدەستانی هەرێمی کوردستان بێ لەگەڵ دڵسۆزەکانی جەماوەرەکەماندا.

ئیدی خۆشیتان

**خالید دلێر**

سویسرا

٢٠٠٠/٨/٦

---

**بەشێك لە نامەی نارەزایەتی دوکتور محمد کمال ( زانکۆی مالیۆرن - ئۆستralia )٢٠٠٠/٨/٣٠ :**

## دەنگێکی ئازادی لە دژی سەرکوتی سیاسی

... دەبینین مرۆڤی کورد لە (ئەمرۆ)دا چەقیوەو ڕۆژ لە دوای ڕۆژ ماندوترو برسیتر دەبێت و بێ سبەینێ خۆی دەبینێت. هێزە سیاسەتمەدارەکانی کوردستان لە بری پتەو کردنی سیستەمی پەرلەمان و گەشەکردن بە کۆمەڵگای مەدەنی و دەستەبەرکردنی مافەکانی مرۆڤ و لە ناوبردنی برسێتی و بێکاری، پەرلەمانیان جوانە مەرگ کرد و زاراوەی ماڤ مرۆڤیان لە فەرهەنگەکانیاندا سڕیوە و گەلی ڕەنگ و دەنگ نان و ئاویشیان لە نێوان خۆیاندا دابەش کرد. مرۆڤی کورد لە سایەی ئەمانەوە لە زاخۆدا لە سەر ڕەنگی سەوز دەکوژرێ و لە گڵە زەردیش لەسەر ڕەنگی زەرد و لە خورماڵیش حەجاجێکی بەمێزەر و ریشی پانەوە لێ پەیدا بووە وبە تاوانی زەندەقی لە دارت دەدات. کاری ڕۆژانەی سیاسەتمەداران کوشتن و بڕین و تیرۆر و کەمین دانان و دەمکوت کردنی کەسانی بیریار و ئازادیخوازە. برسێتی، بێکاری، کەلتوری عەشیرەت گەری و پیاوسالاری و ژن کوشتن بوونەتە مەدالیای زێڕینی سەروباڵ و شانیان.

خوازیارم مرۆڤی کورد ئەو پرسیارە لە سیاسەتمەداران بکات کە ئایا بێجگە لە سووڕانەوە بەسەر پایتەختەکانی دوژمنەوە و ڕاکە بەرەو کۆشکی سپی بابە گەورەیان لە واشنتۆن چی دیکەیان پێدەکرێت؟ بێجگە لە یەکدی کوشتن لەسەر پارەی ئیبراهیم خەلیل و تیرۆرکردنی بازاری رەش و جانتای پڕ دۆلار چی پرۆژەیەکی خێریان بۆ خەڵکی وەدی هێناوە؟

ئەمرۆش پاش سەرهەڵدانی هێزێکی پێشکەوتن خواز و کەسانێکی خێرخواز و خەمخواری ئەو خەڵکە، سیاسەتمەداران بۆ پاراستنی بەرژەوەندی کەلتوری عەشیرەتگەری و ڕازی کردنی دوژمنان نەك بوونەتە ڕێگر لە ئاستی ئەم لایەنە خێرخوازەدا، بەڵکوو کەوتووتەتە لێدان و قڕکردنیان. دەیانەوێت ئەو تروسکاییەش لەم شەوە زەنگەدا نەمێنێت. دەبینین یەکێك لە زلهێزە سیاسەتمەدارەکان چەند کەسانێکی ئەم لایەنە پێشکەوتن خوازەیان تیرۆر کرد و هەڵیان کوتایە سەر سەنتەری پارێزگاری ژنان و ڕێکخراوی ئافرەتان و سەنتەری منداڵان. ئەشێ بۆ هەندێك ئەم کردەوە نەفرەت لێکراوە چاوەڕوان لێ نەکراو و ڕووداوێکی کتو پڕ بێت؟ نەخێر هەرگیز، سیاسەتمەدارانی کوردستان کە نوێنەری کەلتوری عەشیرەگەری و پیاوسالارین، چاوەڕوانی خێرخوازیان لێناکرێت کورد وتەنی (مانگە شەو لە ئێوارەوە دیارە).... ئەمانە لە ئیفلاسبوونی بانقی سیاسی‌یانەوە دەڕواننە کێشەکان، بۆیە شەلم کوێرم ناپارێزم، کەلتوری عەشیرەتگەری و پیاوسالاری و ژن کوشتن و بێکاری (ساروخ ئاسا) بەرەو ئاسمان تەقیوە. مرۆڤی کورد پێویستی بە ئەلتێرناتیڤی پێشکەوتنخواز و شۆڕشی کەلتووری و ڕۆشنگەری هەیە.

## ولاّمێك لەسەر روونكردنەوەكەی بەڕێوبەرایەتی ئاسایشی سلێمانی لە ٢٠٠٠/٧/١٩

ئەوە چەند رۆژێكە بەسەر كوشتوبڕەكەی یەكێتی لە ٧/١٤ بەسەرچووە. ئەمرۆ(٧/٢١)ە،روونكردنەوەكەیانم خوێندەوە كە لە تۆڕی ئینتەرنێتی كوردستانی نوێ بلاّوكرایەوە. عوزرهێنانەوەكەیان قەباحەترە! بۆیە لێرەدا دەمەوێت ئەم چەند خالاّنە روون بكەمەوە:

١/ ماوەی بەرنامە داڕشتنی ئاسایش بۆ نەهێشتنی دیاردەی چەكداری لەناو شاری سلێمانی ناگاتە دوو مانگ و وەك لە روونكردنەوەكەیان نووسیوتانە"بەتایبەتی پاش تەقینەوەكەی ٦/١٧كە دەستمان بەجێبەجێكردنی كرد" ماوەیەكی زۆر نیە.

لەم ماوە زۆر كورتەدا، پۆلیس، ئاسایش وشارەوانی چەند جارێكیش بۆ جێبەجێكردنی بەرنامەكەیان (ح.ك.ك.ا)یان ئاگاداركرتۆتەوە" وەك بلّێی ئەم هەلّپە هەلّپكردنە كارێكی دروست بووە، یا ئەگەر ح.ك.ك.ا (بۆ نموونە)دوو مانگی تر بنكە سەربازییەكانیان بۆ دەرەوەی شار ببەن، دونیا دەروخا!.

هەروا دەنووسن "پاش چەندین جار ئەم داخوازییە رەوایەیان رەت ئەكردەوە". ئەوجا جیيە؟؟ئایا ئەم هۆیە بەسە بۆ چارەسەری چەكدارانەی گیروگرفتەكە؟؟. ئاشكرایە بەم هەناسە كورت وبەم ئەقلّییەتەوە گفتوگۆ ناكرێت وئەگەر كرایش سەرناگرێت. ئەوەی شەو ورۆژ دروشمی دیموكراتی و پاراستنی مافی مرۆڤ هەلّبگرێت، خۆی بە شۆڕەسواریان بزانێت، دەبێت پەنا بۆ دەزگای ئاسایش نەبات، پەنا بۆ رێگاچارەسەری تر ببات، بۆ نموونە بۆ رێگای گفتوگۆی تێروتەسەل وئەمەش بەراستی ماوەی دەوێت، هەروا ئەگەر لایەنێك هەلّویستی توند بوو، دەبێ لایەنەكەی تر هەناسە بەخۆی بدات، نەك خێرا پەنا بۆ بەكارهێنانی چەك ببات، وبەزەربی هێزی چەكدار دەورووبەری بارەگای ئەو حزبە بدەن، وەك بلّێی حزبی ناوبراو دەستی لە كاری تاوانكاری دژی بە گەل هەیە.

٢/ بەڕێوبەرایەتی ئاسایش بەپێی بەرنامەیەكی دیاریكراو، پێش وەخت كاتی خوێنرشتنەكەشیان دیاری كردووە: كاتژمێری ٨ی شەو! بۆچی بەرۆژ ئەو"ئەرگە پیرۆزە بۆ ئارامی وئاسایشی ولاّت" جێبەجێ نەكرد؟؟نووسەرانی روونكردنەوەی تاوانەكە، پێیان وایە ئاسایشی خەلّك لەسەر قەدەغەكردنی ژیان لە هێزی چەپ وشوعێكان مسۆگەر دەكرێت. بۆ ئەوەی لە شار ئاسایش بەرقەرار بێت، دەبێ شەش كەس لە حزبێكی"بچوك"بكوژرێت، دووانیان لێ بریندار بكرێت، چل كەس زیندانی یا دەست بەسەر بكەن–مەبەستم ئەوەیە بەرێزەوە لەشوێنێك كۆیان كردنەوە وپاش ماوەیەك ئازادیان دەكەن–

**٣/ گومانی تێدا نیە كە هەلّویستی ی.ن.ك، بەگوێرەی نووسراوەكەی ئاسایش شوێنی گومانە ونیشانەی ئەوەیە، كە فەرمانیان پێ كراوە ودەسبەجێ دەبێ فەرمانەكەیش جێ بەجێ بكەن.بۆیەش بەپیلانێكی پڕمەترسی دەبینرێت، چونكە یەكێتی ئەوەندەتر درێژەی بە هێرشەكانی داوە ولە ٧/٢١ دا بارەگای ئافرەتانی سەربەخۆو بنكەی دیفاع لە ئافرەتانی كوردستانیان داخستووە تا دەگاتە داخستنی رادیو. ئەم هەنگاوانە زۆر دوورن و هیچ پەیوەندییەكیان نیە لە داواكارییەكانی شارەوانی سلێمانی كە بریتی بووە لە:**

***دوورخستنەوەی بارەگا سەربازییەكان لەناو شار.**

***كەمكردنەوەی چەكدار لەدەوروبەری بارەگاكان بەگشتی.**

***گواستنەوەی ئەو بارەگایانەی لەناوچەی زەق و قەرەبالّغەكانی ناو شاردان و چەكدار لەدەوروبەریان ئەسوورێنەوەو هاتوچۆیان ئەكەن. وەك لە روونكردنەوەكەی ئاسایش نووسراوە.**

**ئەوەی یەكێتی بەرەوای دەزانێت، دەبێ بكرێت، دەنا بە لوولەی تفەنگەكان دەیسەپێنن و پاشان پروپاگەندەی جەواشەكەرانەو گێل بلاّودەكەنەوە .**

نەدەكرا بوارێكی زیاتر بەو حزبە بدەن؟ئیلا دەبوایە خوێن برێژن؟

ئەوجا دەشنووسن" هەموو ئەو پڕوپاگەندانەی لەدەرەوە بلاّوئەكرێنەوە یان لە كەسانی بێ ئاگاوە ئەكرێن یا هی كەسانی داخ لە دلّ ودوشمن بە گەل وشارستانین..." نازانم كوشتنی شەش كەس وبریندار كردنی چواركەس بە برینداەكانی ئاسایشەوە كارێكی شارستانەیە؟ تەلەفۆن وكارەبا وئاو بڕین كارێكی شارستانانەیە؟ بەراستی "باشتر" دەبوو ئەو روونكردنەوە ئابرووبەرانەیە نەنووسیبا( كورە بپوشەی، با لەوە زیاتر بوونی نەیەد)!!

جا خەلّكینە سەیری ئەم چارەرەشییە بكەن: شەش كەسیان كوشتووەو دەستیان هێشتا بە خوێنەكەیانەوە سوورەو باسی شارستانییەت دەكەن.

ئەمەیە لۆجیكی یەكێتی: ئەوەی رەخنەیان لێ بگرێت، ئەوەی بلّێ چارەسەركردنی ئەم جۆر گیروگرفتانە بەرێگای كوشتن و تۆقاندن نابێت، یەكسەر دەكەونە هەلّبەستنی درۆ و قسەی قۆڕو نابەجێ و بەهەموو حەماقەتێكەوە دەنووسن"دەك خەجالّەت بن لەڕووی مەحشەرا"، ئاخر نەخوێندەوارێكیش قسەی وا نانووسێت.

ئەرێ بەرێزەكانی ئاسایش بەراست، نازانم دەتوانن پێمان بلّێن داخۆ بەم تاوانە دڕندانەیە شار ئاسایش و ئارام بووەوە؟

**١٢–من داوا لە رێكخراوی مافی مرۆڤ دەكەم: ئەم تاوانە مەحكوم بكەن!**

**١٣–هەروا داوا لە پارێزەر و یاساناسانی كوردستان دەكەم بەبێ دواكەوتن، بڕیاردەرانی تاوانەكەو ئەوانەی جێ بەجێیانكرد بەدادگا بدرێن و بەسزای خۆیان بگەن(سزایەك نەگاتە كوشتن).**

**١٤–هیچ رێكخراو دەزگاو حزبێك رێگای پێنەدرێت بەم شێوەیە گیروگرفت چارەسەر بكات!**

**١٥–ئێوەش بەڕێوبەرانی ئاسایشی سلێمانی،بەها وژیانی ئینسان ئەوەندە سووك وهەرزان نیە!**

**سەلام عەبدوڵلا ئیبراهیم**

٢٠٠٠/٧/٢٣

**بۆ/ حیزبی کۆمۆنیستی کریکاری عیراق**

هیرشی یەکیتی بۆ سەر بارەگاکانی حیزبتان و ئەو ریکخراوە جەماوەرییانەی کە نزیکن لەهیلی سیاسی حیزبتانەوە هەر بەهانەیەکی بۆ بهینریتەوە دەچیتە پای کردەوە دژبە شۆرش دژ بەسیاسی‌یەکانی یەکیتی‌یەوە کەهەر لە سەرەتای دروست بوونیەوە لە ناوەراستی شەستەکانەوە (١٩٦٦)دەرهەق بە نەیارانی سیاسی دەرەوەو ریزەکانی خۆی پەیرەوی کردوەلەم روەشەوە میژوویەکی رەش و نەگریسی هەیە.
لەپاش راپەرینیشەوە تیرۆر کردنی دەیان نەیاری سیاسی لەچەشنی عەلی بۆسکانی و مامۆستا ئەمین و لیدانی بزووتنەوەی جوتیاران و شەهیدکردنی حەمەی ئایشەی گولی *دایکی شەهیدان*_حەمەی حەلاق و یانزە هاوریکەی و دەیان کردەوەی دیکە کارنامەی یەکیتی‌یە، لەپال دەیان تیرۆر کە پیاوکوژانی ناسراوی سەرکردایەتی ئەنجامیان داوەوهەر یەکە لەم کارانە لەکاتی خۆی‌دا بەهانەی بۆ هینراوەتەوە.
دەزانن ئەوەی داهاتی کوردستان دەدزی و تیرۆری سیاسی ئەنجام دەدات و لەگەل کۆنەپەرستترین کۆمەلەی سیاسی دەست تیکەل دەکات دژ بەجوتیاران رادوەستی و رابەرانی دەکوژی وئەوەی دەبیتە مۆلگای ئەنفال چی و شەهید کەرانی پیشمەرگەو مۆلگای دژ و بەعسی وئەوانەی کارەبای سولەیمانی دەکوژیننەوەو دەبنە چاوساغی قەرارگەی رەمەزان و سەدان پیشمەرگەی کۆمەلەو دیموکرات لەبەردەم سەرکردایەتی‌یان شەهید دەکریت و لەبکوژەکانیان ناپرسیتەوەو.....
ئەوانەی سەرکردایەتی‌یان ئیهانە بە ژنانی شەهید و ئەنفال دەکەن و کچانی منال لە مەحرەم سەرایان ریز دەکەن و هەر دەقەی بۆ وولاتیک خۆفرۆشی دەکەن و واز لەهاتو چۆی بەغداش ناهینن. حیزبیکی وا جگەلە دوژمنایەتی ئازادی سیاسی و سەرکوتی ئۆپۆزسیۆنەکانی هیچی کە کارنامەی نابیت. چونکە کردەوەکانی خۆی وا دەکات ترسی لە ئازادی سیاسی هەبیت.

نووسەر
**عەلی مەحمود محـــــــەمەد**
**سکرتیری رابردووی ریکخراوی ئاوارەو ئەنفالەکانی کوردستان**
**هۆلەندا**
**٢٠٠٠/٧/٢٣**

---

## ی.ن. ک حزبی مۆدێرن وشارستانییەت وکۆمەڵگای مەدەنی، بەکۆمەڵ خەڵك دەکوژێ؟

ئەوەی وتارە سیاسییەکانی سەرانی یەکێتی نیشتیمانی کوردستان بخوێنێتەوە، یەکسەر زاراوەی مۆدێرن، شارستانییەت، کۆمەڵگای مەدەنی دەکەوێتە بەرچاو. کە باسی دیموکراتییەت، ئازادی بیروڕا دێتەناوەراست، ئەوا یەك حزب هەیە کە بەشێوەیەکی بێ وێنە پەیڕەوەی دەکات، ئەوەش(ی.ن.ك)ە! باسی ئاشتی و شەر، ئەوا بەراشکاوی دەڵێن"ئێمە شەڕی کورد وکورد ناکەین ودەڵێن ئێمە لانەی کۆتری ئاشتـین... هتد. بەڵام، کاتێك لە سەرەتای ئەم مانگەدا بۆچوونەکانی جەلال تالەبانیم خوێندەوە(ژمارەکانی کوردستانی نوێ، تایبەت بە ئینترنێت)، دەبینم هەموو لاف و گەزافەکانی دەربارەی مۆدێرن ودیموکراتییەت وشارستانییەت ئەوەیە کە ئەم پیاوە زۆر مۆدێرنە دەیەوێت حزبەکەی ببێت بە ئەندام لە( الاشتراکیە الدولیە – ناوەندی جیهانی حزبە سۆسیال دیموکراتەکان –)، واتە ئەو سۆسیالیستانە کە حزبی بەعسی فاشیست تا پێشی شەڕی گەنداو ئەندامی بوو یا حزبەکەی ئەجەویدی خوێنریژ.
گرامشی یەکەم کەس بوو سۆسیال دیموکراتی بە لایەنێك لە بابەتی گەشەکردنی فاشیزم دانا و لەم بارەوە وتویەتی"سۆسیال دیموکرات لە داهاتودا پێویستی بەفاشیزم دەبێ بۆ ئەوەی بەرگری لە دەوڵەت بکات". زینۆفیفیش، سۆسیال دیموکراتی بە باڵێکی فاشیست لە قەڵەم داو پاشان ستالین بە سۆسیال فاشیست ناویانی دەبرد..
دیموکراتییەت لەلای (ینك)و سەرۆکەکەی ئەوەیە لەسەر ویستی ئیسلامیستەکان، لەسەر ووتارێك، گۆڤاری نڤار دادەخەن و سەرنووسەرەکەی بۆ پۆلیسخانە راپێچ دەکەن ، ژمارەی هەشتی گۆڤارەکەیش، خێروڵلا تولفاح ئاسا لەبازار کۆدەکەنەوە" ئاو، تەلەفۆن وکارەبا لە مەقەرەکانی ح.ك.ك.ع دەبڕن . کە ئەندامانی ئەم حزبە خۆپیشاندانی هێمنانە لە دژی ئەم هەنگاوانەی (ی.ن.ك) رێك دەخەن، هێزەکانی ئاسایشیان بۆ دەنێرن و بەچەك وەڵامیان دەدەنەوە، بەشێوەیەکی "عەقلانی ومۆدێرن" دەسگیریان دەکەن ولەپاشاندا بەشێوەیەکی شار– دارستانیانە گولەبارانی شەش ئەندامیان دەکەن. بەم کردارە دار– شارستانییەی پارێزەری پرۆلیتاریای کوردستان(جەلال لەیادی یەکی ئایاردا وتی"کرێکاران من هە رچەند پارێزەریم نەکردووە، بەڵام من ئامادەم بەخۆم دیفاع لە داخوازییەکانتان بکەم") بەڵێنەکەی وەك هەموو جارێك خێرا کورتی هێنا و لەبری دیفاع کردن، خوا لێی رازی بێت، جلوبەرکی رەش پێشکەش بە دایك وخوشك وبراو وهاورێیانی کرێکاران کرد، شاری سلیمانی ئەم جارەشیان سەر لەنوێ پرسەبار کرا. یەکێتی لەسەر گیانی بێ تاوانی خەڵکی ئازادیخوازو پێشکەوتوخوازدا، نەتەوە بەرەو ئاسوودەیی و گەشەپێدان دەبات، بەتایبەتی دژی حزبە بچکۆلەکە( وەك بڵێی مەسەلەکە گەورەیی و بچووکییە. لە رۆژنامەکانیاندا بەهەموو مێشکیانەوە کوتنە گاڵتەجاری بە ح ك ك ع لەبەر ئەوەی

حزبێکی بچوکە ! ! ئەوجا چییە؟ حزبەکەی هیتلەر وسەدام وخومەینی" حزبەکەی کلینتون و راوێژکارە مەزنەکەی ئەلمانیا هیلموت کول ... هتد قەوارەیان هەر زۆر گەورەن، بەلأم چییان بەسەر مرۆڤایەتی هێناوە ! ! ! بەلأم ئەلێی چی، عەقلە زیرەکەکانی یەکێتی هەر ئەوەندە بڕ دەکات).

بەش بەحالی خۆم نازانم من وەك هەژارێکی نەناسراو بەرامبەر بەم تاوانە دلّ تەزێنە، داوا لە یەکێتی بکەم دەست بەجێ دەست لە کوشتنی خەلك هەلگرن یا نەو؟جا گوێ دەگرن؟نەخێر، سەرێکە و هێناویانەو وەك رابردوو هەر دووبارە ودەبارەی دەکەنەوە، جێگای فاشیستەکانی بەغدایان گرتۆتەوە و پێشم وایە بانگەوازی ئاشتی ودژایەتی عەسکەریتاریزم وداکۆکی کردن لە ئازادی بیروبۆچوون زەرەیەك سوودی نییە، بگرە تەنها دووبارەکردنەوەیەکی وەرەسکەرە، بۆیە قسەی خۆم بە زایە نادەم ودەلێم: ئێوە جەلادێکی تەرەسەن. ئەوەی خۆی بە رۆشنبیر، رۆژنامەنووس، شاعر،هونەرمەند دەزانێت ودیفاع لە ئێوە دەکات، خزمەت بە دڕندایەتی دەکات. رێك وەك ئەوانەی وا بەناوی رۆشنبیری و... پشتگیری لە فاشیستەکەی بەغدا دەکەن!

شەرمەزارم لەوەی لەناو گەلەکەمدا کەسێك، گروپێك، حزبێك هەبێ،خوێنی هەلگرانی بیروباوەری پێشکەوتوخواز و شیوعی بڕیژێ؟!

دایك و خوشك و براو هاورێیانی شەهیدان داوای لێ بوردنتان لێ دەکەم! هەر ئەوەندە دەتوانم شەونەخونی بکەم و ئەم چەند دێرە بنوسم!

دوارۆژ هەر بۆ ئێمەیە، یەکێتی حزبێکی هستیریایە، حزبی تفکردنە لە ئامانجی شەهیدەکانی دژ بە فاشیزم، وخەلك کوژێکی"مۆدێرنە" وهەر هۆ هێنانەوەیەك بۆ ئەم تاواتە نرخی پێلاوی کوژراوەکانی نیە وشوێنی بڕیاردەرانی زبلخانەی مێژووە!

**سەلام عەبدوللا ئیبراهیم**

**٢٠٠٠/٧/١٧**

---

## بریسکەی هەلپەی دەسەلأت چەخماخە دەدات

خشەی شەمشێر و گورزی یەکیتی نیشتمانی چرکەیەکی شاراوەی نێو رۆحی دەسەلأتی هەلپاچراو و داسەپاوی ئەم بەشەی کوردستانە، گرفتی گەورە و لەمپەری بەردەم ئاسۆی بەختەوەری گەلی کوردە. جێ گۆرگێی داکیرکەرانە. بیرۆکەی کەنفت فەزایەکی خنکێنەری خولقاندووە، دەرمکەتکردن کەلتورێکی تاسەر ئێسقان دیکتاتۆری، پراکتیکی ئەو تاوانباری‌انەیە و مێژوو لێیان هەلدەپێچێتەوە کە ئەورۆی (یەکێتی)ش دەگرێتەوە، ی.ن.ك پشکۆیەك بۆ ناو کوانووی ئەربابە ئیسلامی‌یکەیەتی ئەو ئەربابەی سیمای شاری سلێمانی کردووە بە حسینیە، لەو ئەربابەی شاری هەلمەت و قوربانی، شاری نوێخوازی و پێشکەوتن خوازی پر کردووە لە مێحراب و حوجرە. ئەم دیاردەیە بەلکەنەویستە شرۆڤە کردن و پیادەکردنی خالەکانی دیاری کراوی ئاغاکەیەتی کە کاربەدەستانی ی.ن.ك لە هەرێمی ژێر دەسەلأتی خۆیاندا بە لێهاتوویی پەیرەوی دەکەن. هێرشی چەکدارانەی یەکێتی نیشتمانی لە رۆژی دیاری کراوی ٢٠٠٠/٧/١٤ی زاینی بۆ سەر بارەگاکانی حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاری عێراق هاندەرە بۆ ئەوەی هاودەردی خۆمان بۆ ئەو مرۆڤانەی لەم زەلکاوەدا لە عەزابان و دەست درێژی دەکرێتە سەریان دەربرین و کردەوەی دژی دیموکراتی‌یەت و هەلشێلانی شکۆفەی ئازادی ریسوا بکەین. ئەگەر ئەورۆ ی.ن.ك بەگژ حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاری دا دەچێت، دوێنێ دەستی دایە ڕاوە پێشمەرگەی هێزەکانی سازمانی خەباتی ئیسلامی کوردستانی رۆژهەلات! لەگەلألە کردن و تاوتوویی هەلس و کەوتی ی.ن.ك ئوە راستی‌یە دەردەکەوێت کە هیچ خاوەن زەمیرێك سەرپۆش ناخاتە سەری و بێ ترس و وەهم ئاماژەی پێ دەکات کە ی.ن.ك گوێ بیستی ئەمری جەمارانە و وەدی هێنانی ویست و داخوازو ئاروزووەکانی ئەم باروونێیە ئەرکی سەرشانی‌یەتی و لەلای گرنگە نەك ئایدیۆلۆژیا وباری رامیاری بەرامبەرەکانی "لەمێژە" لە حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاری عێراق ی هەلپێچاوە بەهۆی ئەوەی چەند کادێرو ئەندامی حیزبی کۆمۆنیستی کریچکاری ئێران میوانیەتی واتە میوانداری هاوباوەڕ و هاوخەبات لە روانگەی (ی.ن.ك)ەوە تاوانێکە کە چاویۆشی لێ ناکرێت ! !

پێویستە بەرپرسانی ی.ن.ك ئاگاداربکەینەوە کە ریژێمی دیکتاتۆری ئێران بەرەو قولأیی دۆلی هەلدێران دەڕوات ئەم تاوانە گەورانە بەفێلی دیپلۆماسیەت و زەرورەت و شتی لەم چەشنە حەشار نادرێت و حۆقەو فێلی ژۆرنالیستی بەسە.

ئێمە ئەم پرسیارەیان ئاراستە دەکەین کە: لەو سالأنەدا یەکیتی رۆحێکی خەباتکارانەی هەبوو، دوکتۆر جەعفەری شەریفی لە ریزی پێشەوەی هێزەکانی ی.ن.ك دژ بە رژێمی شۆوینیستی بەعس خەباتی دەکرد بۆچی تاوان نەبوو؟؟ ! !

پێویستە دەنگمان بخەینە پال دەنگی حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاری عێراق و ئەرکی سەرشانی ئەوانەیە کە خاوەن قەلەمێکی بەبڕشتن بە نوکتەسازی گۆماوی رۆشنبیری و هۆشیاری گەل لە مەنگی و بۆگەنی بپارێزن و کارەساتی دلتەزێنی هێرشی چەکدارانەی ی.ن.ك بۆ سەر بارەگای حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاری عێراق مەحکوم و ریسوا بکەن، لەکۆتایی‌دا داواکاربین ی.ن.ك بەخۆیدا بچێتەوە و لەنێوان بازاری‌یەت و نوێنەرایەتی راستەقینەی گەلی کورد یەکیان هەلبژێرێت چونکە مرۆڤ هەموو شتێك وەك چۆن هەیە وای دەبینێت وای دەناسێت و دەیناسێنێ.

**س/ هیممەت ٢٨ی پووشپەری ٢٧٠٠**

---

## شارستانی‌یەتی یەکیتی نیشتمانی کوردستان

**(لە پەراویزی کردارەکانی یەکیتی بەرامبەر حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاری لە ٢٠٠٠/٧/١٤ لە سلێمانی)**

لە کوردستان و هەندەران کەس ناتوانێت بێدەنگ بمێنیتەوە بەرامبەر کردارەکانی هێزی چەکداری یەکیتی نیشتمانی کوردستان.

بەرامبەر گرتن و ڕیسواکردن و دەرکردن و کوشتنی برایەکانمان بەدەست تاقمە چەکدارەکانی یەکیتی لە سلێمانی دەبێت قەلەمەکان گەرمتر کار بکەن و بەهاوبەشی لەگەلّ هەموو نووسەرو ڕۆشنبیرانی کورد لە کوردستان و لە هەندەران دەبێت یەکبگرن بەرامبەر ڕەفتاری ناڕەوای یەکیتی نیشتمانی کوردستان و ڕیسوایان بکەین.

سەردەمێکە ڕوونبوویتەوە کە یەکیتی و شەخسی مام جلال دژی کورد و کوردستان خەباتی کردووە، ئەمڕۆ ئەم حەقیقەتە سەلمێنرا.

من بەهەموو هێزێکمەوە ئەم کردارە ڕیسوا دەکەم و ناڕەزایەتی خۆم بۆ ئەم هێرشە کوێرە ڕەشە دەردەبڕم.

لەکاتێکدا مام جلال باسی کۆمەڵی شارستانیەت دەکات، هەر لە هەمان کاتدا بوو بە لوولەی تفەنگ، بەبێ بەزەیی میللەتی کورد دەکوژێ و دەربەدەر دەکات.

ئائەمەیە شارستانیەت و عەقلانیەت و ڕۆشنبیری شەخصی مام جلال و تاقمەکەی..

**خەسرەو پیربال**

٢٠٠٠/٧/٢٢

فنلندە

---

## رو ونکردنەوە لەسەر درۆکەی یەکیتی نیشتمانی

یەکیتی وادەزانێ خەڵك لە کوێچکەی گادا نووستووە! بەدرۆ ڕووداوەکان روون دەکاتەوە، هەرچەند ئەمە عەیب نیە بۆ ئێوە چونکە ئەوە پیشەی خۆتانە، ئەمەوێ سەبارەت بە روونکردنەوە درۆکەی ٧/٢٠ تان قسە بکەم، لە پێشەوە حەز ئەکەم بڵێم یەکیتی ئێوە ناتوانن و بەڵکوو ناوێرن بەهێزە کۆنەپەرستەکان بڵێن هێزی چەکداریتان بەرنە دەرەوەی شار، تەنها حیزب کە ویستتان بچێتە دەرەوە حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاری عیراق بوو. چونکە نەتان ئەتوانی بەرامبەر بە راستیەکانیان بوەستن، نەتان ئەتوانی بەرەو روویان ببنەوە یان ئێوە کەی ئەوەنە دڵسۆزی خەڵك بوون یان کەی ئەوەنە بەپەرۆشی ئیستراحەتی خەڵکی بوون، دەڵێن ئیستراحەتی گەرەکیان تێك دابوو، ئەی باشە ئەگەر ئەوەندە بەپەرۆشی ئیستراحەتی خەڵکەوەن بۆچی خۆتان هەتا شەری ئیسلامی هەبوو کردتان لە کۆڵان و گەرەکەکانی سلێمانیدا یان شەڕ لەگەڵ پارتیدا کە بە هەزاران خەڵکی بێ تاوان تیا چوو، بەڵام ئەو ساڵانە وایزانم سەردەمی مرۆڤی نیاندەرتاڵ بوو، خەڵکی هەستیان بە ئیستراحەت نەئەکرد، دوای ئەوە عەیبە کەباسی ئەوە دەکەن دەڵێن:

حیزبی کۆمۆنیست هیچی نەکردوە بۆ کوردستان، باشە ئەوان هیچیان نەکردوە بەلام ئەی ئێوە چیتان کردوە؟ بەس ئەوە نەبێت کە پارەی باشی خەڵکی زەحمەتکێشی کوردستانتان دزیوە، ئەوەتان زۆر بەباشی جێبەجێکردوە. یان دەڵێن حیزبی کۆمۆنیست داری نەخستوەتە سەر بەرد، بەڵام ئێوە دارو بەردو ئەجهزەی کوردستانتان ئاودیو کردوە. با ئێوە زۆرتان بۆ خەڵك کرد!، کوردستانتان وێران کرد،... ئەوەش بزانن نەتیجەی ئێوە نەفرەت و بێزاری خەڵکی کوردستانە، ئایندە بۆ هێزی رادیکاڵ و پێشکەوتنخوازە.

**سرور عبدالرحمان**

٢٠٠٠/٧/٢٣

---

## تاونبارن ئەوانەی خوێن دەرێژن و ئازادی زەوت دەکەن

خوێنرشتن و چەوساندنەوەی ئازادیخوازان، لەکوردستان یاخود لەهەر جێگایەك بێت، رەفتاری خوێنرێژان و چەوسێنەرانە. ئەم رەفتارانە پێچەوانەی ئاواتی خەڵکی هەژار و ئازادیخوازانی کودستان و جیهانە، بۆیە لەهەر جێگایەك بین، ئەرکی ئازادیخوازیو مرۆڤدۆستیمانە، روبەروی ئەم رەفتارە دژ بەخەڵکییە بوەستینەوە.

پەلاماری پارتی کۆمۆنیستی کرێکاری عێراق، لەباشوری کوردستان لەسلیمانی، کوشتنی ئەندامانی ئەم پارتە، تاوانێکی گەورەیە، گەرەکە بکەرانی بکێشرێنە بەردەم دادگا، لەکاتێکدا هەڵسوکەوت و ئەنجامدانی چالاکی ئەم پارتە لەچوارچێوەی یاسادایە، ئیدی داخستن و پێچانەوەی دەزگا سیاسیەکانیان، خوێنرشتنی ئەندامانیان ئەگەر کاری دژ بەدیموکراسیو ئازادی نەبن ناوی دیکەیان لێنانرێت.

خەڵکی کوردستان، خەباتیان دژ بەداگیرکردن و خوێنرێژیو بۆ پاراستنی مافی مرۆڤ و نەهێلانی خوێنرشتن و چەوساوەنەوە بەرپا کرد، ئەی ئەگەر ئەمرۆ یەکیتی نیشتمانی لەکوردستان خەڵك و نوێنەرانییان بچەوسێنێتەوە ئیدی دەبێت جیاکردنەوەی ئەم رەفتارانەیان لەگەڵ داگیرکەران و خوێنرێژاندا چ بێت؟.

بەئەرکی دەزانم، ئەم رەفتارە بەتوندی تاونبار بکەم، هەروەك پاڵپشتی دەکەم لەکێشکردنی بکەران و هەڵسورێنەرانی ئەم تاوانانە بۆ بەردەم دادگا، دیارە یەکێتی نیشتمانی بەرپرسی راستەوخۆیەو هەر ئەویشە گەرەکە وەلامی کۆمەلانی خەڵك بداتەوە.

ئیدی بەرەو چەسپاندنی ئازادی مرۆڤ، بەرەو نەهێلانی چەوسانەوەو هەڵکێشانی ریشکی کۆنەپەستان، بەرەو هاودەنگی بۆ یەکسانی و چەسپاندنی ئاشتی لەکوردستاندا.

**هەرێم جاف**
**لەندن**

---

## بۆ مام جەلال رازگری گشتی ی.ن.ك

زۆر بەداخەوە کاتێك هەواڵی قەتڵو عامی کۆمۆنیستەکانی شاری سلێمانیم پێگەیشت بەدەستی پیاوکوژانی ی.ن.ك و بەفەرمانی ئاغاکانتان لەکۆماری ئیسلامی ئێراندا... ئەوکات لەشاری ئەنکەرە لەژێر خەتەرترین نەشتەرگەریدا بووم دەستم بەهیچ لایێکدا نەدەگەیشت تا گەرماوگەرم هاوسۆزی خۆم بخەمە پاڵ قوربانییەکانو دژی ئەو جینایەتیە وەحشیانەتان قەڵەمم بخەمە کار.

بەراستی هەر کاتێك ی.ن.ك و لێپرسراوانی باسی ئازادیو دیموکراسیو ئاشتی دەکەنو دەیانکەنە مەدالیاو لەێیخەی خۆیانی دەدەن.. یەکسەر بێگومان دەبین لەوەی هاکا قەسابخانەیەکیان بۆ میللەت دانایەوە هاکا زۆرنای شەریان لێداو کەوتنە میللەتکوژی.. کەواتە کار لەنارەزایی دەربرینو مەحکوم کردنی جینایەتەکانی ی.ن.ك دا نەماوەو.. بۆتە پیشەی هەمیشەییان.. چونکە ی.ن.ك چ لەشاخ و چ لەشاردا، بەفەرمانی بەعس و ئاخوندەکانی کۆماری ئیسلامی هەر خەریکی دووبارەو هەزار بارەکردنەوەی (پشتئاشان)ەکان بوون بەرامبەر بەتێکۆشەرو رۆشنبیرانو ... لەخوێنرشتنو کاری کێویو تیرۆریستانە زێتر هیچ فکرو فەلسەفەو رێبازێکی مرۆڤایەتیانە شك نابەنو، بێگومان ئەمەش هیچ واتاییکی دی نابەخشێت لەوە زێتر کە بەرەو لێدانی تەپڵی نابووتی دەچن!

**رەوف حسن**
**چیرۆك و رۆژنامەنووس**
ئەنکەرە
٢٠٠٠/٨/٢٩

**که مپەینی حیزب لە ئاستی جیهانیدا هەر لە ڕۆژەکانی یەکەمی هێرشە کۆنەپەرستەکەی یەکیتی نیشتمانی دەستی پێ کرد و ژمارەیەکی ئیجگار زۆ ر لە حیزب و ڕێکخراو و کەسایەتی سیاسی نامەی نارەزایەتی‌یان کردە سەر شەخسی جلال تالبانی و ئەم کردەوەیان بەتوندی مەحکووم ک رد و وەك یەکیك لە کردەوە نائینسانی و کۆنە پەرستەکانی ئەم سەردەمەیان لە قەلەم دا.**

**لێرەدا وەگێردراوی کوردی چەند نموونە لەو نامە نارەزایەتی‌یانە دەخوێننەوە و دواتر ناوی تەواوی حیزب و ریکخراو کەسایەتی‌یەکان بەشێوەی لیست دەهێنینەوە.**

**هەر وەك لە پێشەکی‌یەکەش دا باسم کرد ئەم کەمپەینەی حیزب بە شێوەی جۆراوجۆر درێژەی هەیە هەر بۆیە لەکاتی تەواو کردنی ئەم نامیلکەدا بەردەوام نامەی نارەزایەتی دیکەشمان بەدەست دەگەیشت کە بەداخەوە لێرەدا ئیتر جێگای نەبووە و هەوڵ دەدەین لە بڵاوکراوەکانی دیکەی حیزبدا بڵاویان بکەینەوە.**

---

## حیزبی سۆشیال دیموکراتیکی ئوستڕالیا

ڕێکەوت: ٢٠٠٠/٧/٢٣

بۆ: جلال تالبانی

سەرۆکی یەکیتی نیشتمانی کوردستان

سلیمانی

کوردستان/ عیراق

بەڕێز!

ئیمە وائیستا سەبارەت بە کردەوەی سەرکوتگەرانەی ڕێکخراوەکەتانمان بیت لە دژی حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاری عیراق لە سلێمانی/کوردستان. بەڵام ئەم جارە ڕێکخراوەکەتان زیاتر لە دەستگیرکردن و گوشاری سیاسی چووە و چوار ئەندامی حککع لەلایەن هێزەکانتانەوە کوژراون، کەسانی تریش بریندار بوون.

ئەم کردەوە چەپەلەتان سکاندالێکە لە ئاستی دنیادا.

ئێمە داوا داوا دەکەین کە دەست هەڵگرن لە کردەوە سەرکوتگەرانەکەتان و قاتلان بناسێنن و ئەو هەوڵانەتان واز لێبهێنن کە بۆ بەرگرتن بە ئازادی سیاسی و مەدەنی حیزبی کۆمۆنیستی کریکاری عیراق و باقی حیزبە سیاسی‌یەکانە. ئیمە بانگەوازتان دەکەین کە واز لە ڕێگای شەڕ و ئاژاوە بهێنن و پەنا بۆ ڕێگا حەلی سیاسی بەرن بۆ چارەسەرکردنی هەر ناکۆکی‌یەك کە لەنێوان خەلکی کوردستانی عیراق پێش دێت، وە ڕێز لە ئازادی و مافە سەرەتایی‌یەکانی ئینسان بگرن.

دلسۆزتان

**جۆن پێرسی**
**سکرتێری گشتی**

---

**لەلایەن سۆشیالیستە ئینتەرناسیونالیستەکانەوە** ٢٦ی تەمووزی ٢٠٠٠

بابەت / نامەی نارەزایەتی

جەلال تاڵەبانی سەرۆکی یەکێتی نیشتمانی

سلێمانی – کوردستان

نارەزایەتی دژی سەرکوت لەکوردستانی عێراق

ئاگادار کراین کە سەرکوتێکی توندوتیژ لەکوردستانی عێراقدا رووی لەزیادبوونە. دوو هەفتەلەمەوبەر شەش ئەندامی حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاری عێراق لە سلێمانی لەلایەن هێزەکانی یەکێتی نیشتمانی کوردستانەوە کوژران ـ زۆری تریشیان لەلایەن یەکێتی‌یەوە دەستگیر کران کە شوێنیان نەزانراوە وە ئێمە نیگەرانی تەندروستی و ژیانیانین ـ

یەکێتی نیشتمانی کوردستان رۆژی ٢١ی تەمووز بە رێکخراوی سەربەخۆی ئافرەتان و سەنتەری پارێزگاری ژنانی راگەیاندووە کە نوسینگەکانیان دابخەن ـ ئەو ئافرەتانەی لەسەنتەر مابوونەوەو ئەندامانێکی رێکخراوی سەربەخۆی ئافرەتان دەستگیرکراون کاتێك دژ بەم هێرشە قێزەوونە نارازی بوون

ئێمە ئەم شەپۆلە لە سەرکوت لە کوردستانی عێراق مەحکوم دەکەین، داواکارین لە یەکێتی نیشتمانی‌بۆ:

١–کشاندنەوەی هێزە سەرکوتگەرەکان، دەستنیشان کردنو سزادانی بکوژان.

٢–ئازادکردنی تەواوی بەندکراوەکانی حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاری عێراق.

٣–ئازادکردنی ئەو ئافرەتانەی‌لە رۆژی ٧/٢١ دا دەستبەسەر کراون وە رێگەدان بە رێکخراوی‌سەربەخۆی ئافرەتان و سەننەری پارێزگاری ژنان بۆ دانانەوەی بنکەکانیان.

٤–راگرتنی هەموو ئەو ئیجرائاتانەی کە مافە مەدەنی و سیاسی‌یەکان تەنگەبەر دەکاتەوە.

٥–دەست هەڵگرتن لە دوژمنایەتی کردنی حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاری عێراق و رێکخراوی سەربەخۆی ئافرەتان و سەنتەری پارێزگاری ژنان.

سۆشیالیستە ئینتەرناسیونالەکان

ئۆسلۆ/ نەرویج

---

**لەلایەن دێڤ بلێکنی**

رێکەوت: ٢٠٠٠/٧/٢٨

بەرێز نوێنەری یەکیتی نیشتمانی کوردستان

رۆژی جمعە ٢٠٠٠/٧/٢١ هێزێکی چەکداری یەکیتی نیشتمانی کوردستان (ی ن ك) هەڵیانکوتایە ناو سەنتەری پارێزگاری لە ژنان لە سلێمانی. هیزەکانی ینك ئەمری چۆڵ کردنی بنکەکەیان کرد. بەتایبەتی بنکەی سەنتەر داخرا و بەتەواوەتی و بەڵگەکانی‌شی دەستی بەسەردا گیرا.

ئەم سەنتەرە پارێزگاری لە دوازدە ژن دەکرد لەبەرامبەر کوشتی "شەرەف"دا هەروەها پێنج مندالیشیان لەگەلدا بوو. تەواوی شت و مەك و ستاف سەنتەرەکە دەستیان بەسەردا گیرا.

.......

ئێمە هێرشی چەکدارانە بۆ ریکخراوی سەربەخۆی ئافرەتان و سەنتەری پاریزگاری لە ژنان مەحکووم دەکەین. ئەگەر ئەم هیرشانە رانەگیرێن ئەوا هیرشی سەرکوت و پیاوسالاری لە کۆمەلگادا رێگا دەکاتەوە بۆ سەرکوت وچەوسانەوە و کوشتنی ژنان بەشێوەیەکی بەربلاوتر.

..........

ئێمە داواتان لێ دەکەین کە هەرچی زووتر ئەم وەزعیەتە وەك خۆی لێ بکەنەوە.

بە سپاسەوە

**داڤد بلیکنی** David Bleakney

**نوێنەری سەرتاسەری یەکیتی کریکارانی پۆستی کندا**

**حیزبی سۆشیالیستی سویسری ( SP )**

بۆ یەکیتی نیشتمانی کوردستان بەرێز جلال تالبانی

بێرن ٢٠٠٠/٧/٢٨

بابەت: پێشێل کردنی ماف مرۆڤ لەلایەن یەکیتی نیشتمانی کوردستانەوە

بەرێز،

دەیان کەس کە زۆربەیان ژنن دەستگیر کراون لەو بەشە لە کوردستانی عیراقدا کە لە ژێر دەسەلاتی یەکیتی‌دایە. چارەنووسیان نادیارە، وە رێکخراوی ئەمنستی ئینتەرناشناڵ نیگەرانە کە ئەو کەسانە ئەشکەنجە بدرێن یان ئەزیەت و ئازار بدرێن، ژمارەیەك لەو دەستگیرکراوانە بەپێی هەواڵەکان بریندارن و هیچ چارەسەرێکی دەرمانی‌یان بۆ نەکراوە.

زۆربەی ئەو دەستگیرکراوانە ئەندامان و لایەنگرانی حیزبی معارەزەی کۆمۆنیستی کرێکاری عیراق و رێکخراوی سەربەخۆی ئافرەتانن کە نارەزایەتی‌یان دەربرییبوو بەرامبەر بە زۆر و سەرکوتی یەکیتی نیشتمانی. بەپێی سەرچاوەی هەواڵەکان لە مانگی حوزەیراندا یەکیتی نیشتمانی ئاو و کارەبای لە بارەگاکانی هەردوو رێکخراوی ناوبراودا بریوە و داوای لێکردوون کە هەڵسووڕانی سیاسی‌یان راوەستێنن و ناوچەکانی ژێردەسەلاتی یەکیتی لە کوردستانی عیراق بەجێبهێڵن.

لە رێکەوتی ١٣ی تەموزدا ژمارەیەك لە خۆپیشاندەران دەستگیر کران کە بەنیازی نارەزایەتی دەربرین بەرامبەر بەم کردەوانە بە رێپێوان بچنە بەردەم وەزارەتی ناوخۆ لە پایتەختی ناوچەی ژێر دەسەلاتی یەکیتی کە شاری سلێمانی‌یە. هەروەها کەسانی تریش لە شاری رانیە دەستگیر کراون کە ژمارەی ئەندامان و لایەنگرانی حککع کە دەستگیرکراون گەیشتوەتە ٣٠ کەس. رۆژی دواتر چوار ئەندامی حککع کوژران کە بەپێی هەواڵەکان کاتێك تێپەڕبوون کەوتووتەتە بەر ئاگری هێزەکانی ئاسایشی یەکیتی نیشتمانی‌یەوە. ئەمنستی ئینتەرناشنال پێشێل کاری زیاتری ماف مرۆڤی باس کردوە کە لەلایەن ی ن ك ەوە ئەنجام دراوە.

لەم بارەوە ئێمە داواتان لێ دەکەین کە:

– ناو و شوێنی دەستگیرکردنی هەموو ئەو کەسانەی کە گیراون لە خۆپیشاندانی رۆژی ١٣ی تەموزدا ئاشکرا بکرێ

– تەواوی ئەو کەسانە ئازادبکرێن کە بەهۆی هەلسووڕانی سیاسی‌یەوە گیراون

– لێکۆڵینەوەیەکی تەواو سەبارەت بەو کوشتارەی هەلسووڕاوانی سیاسی دابنرێت و تاوانباران بدرێن بە دادگا

– هەموو جۆرە شوێن کەوتن و گرتنێکی ئەندامان و لایەنگران و کەس وکاری حککع راوەستێنرێت و رێگایان پێ بدرێت کە بگەرێنەوە مالەکانی خۆیان.

بە سپاسەوە

**جین- فرانشێوس سفێرت** (Jean-Francois Steiert)

**سکرتێری گشتی حیزبی سۆشیالیستی سویسری‌یەکیتی چە پی فنلاندا ( VAS )** هیلسنکی ٢٠٠٠/٨/٣

---

بۆ جلال تالبانی

سەرۆکی یەکیتی نیشتمانی کوردستان

سلێمانی

کوردستان/ عیراق

نارەزایەتی لە دژی کردەوەی سەرکوتگەریتان لە کوردستانی عیراق

ئێمە هەوالی زیاد بوونی کردەوەی سەرکەت گەرانەتان لە کوردستان عیراقمان پێ گەیشت.

حیزبەکەتان، یەکیتی نیشتمانی کوردستان، لێپرساوە بەرامبە کوشتن و کردەوەی سەرکوتگەرانەی ترتان کە لەبەرامبەر خەلکدا نواندوتانە. یەکیتی نیشتمانی فەرمانی داخستنی بنکەی سەنتەری پارێزگاری لە ژنان و ریکخراوی سەربەخۆی ئافرەتانی دەرکردوە.

ئێمە ئەم شەپۆلی سەرکوتە کوردستانی عیراق مەحکوم دەکەین.

ئێمە داوا دەکەین کە ی ن ك کردەوەی دوژمن کارانەی لە دژی حککع، ریکخراوی سەربەخۆی ئافرەتان و سەنتەری پارێزگاری لە ماف ژنان رابگرێ.

**رالف سوند**

**یاریدەری لێپرسراوی یەکیتی چە پەکان لە فنلاند**

**بۆ جەلال تالبانی**

**لە ڕێگای مەکتەبی ئەمریکا و لندنەوە**

## پێشێل کردنی مافی مرۆڤ

**ئێمە زۆر بە توندی دەستگیری سەکوتگەرانە و غیرە قانونی و باقی پێشێلکاری‌یەکانی ئێوە دەرهەق بە مافی مرۆڤ لە کوردستانی عیراقدا مەحکووم دەکەین.**

**ڕێکخراوی کومینفۆرمی ئینتەناسیونالیستی لە فنلندە**

# Violations of human rights.

We strictly condemn the unlegal and arbitrary arrestings and other violations of human rights by your side in Iraqi Kurdistan.

KOMINFORM international

## بەدەنگ سەنتەری پاریزگاری ژنانەوە بچن لە سلیمانی

لە بەشی کوردیەکەی باکووری عیراق لە شاری سلیمانی، ماوەی دوو سالە سەنتەری پاریزگاری ژنان لەلایەن ریکخراوی سەربەخوی ئافرەتانەوە دانراوە، کە یەکەم جورە لە روژهەلاتی ناوەراستدا. ئەو ژنانەی کەوتونەتە بەر ماملەی خراپ پەنایان ئەو شوینەیە،یان ئەو ژنانەی کەوتونەتە بەر هەرەشەی کوشتن، شوینیکی ئامن لە ولاتیکدا کە موری توندرەوی ئیسلامی پیوە دیارە.

٢١ تەمووز هیزەکانی سەر بە حزبی حاکم (ی.ن.ک) هیرشیان کردە سەر ئەو سەنتەرە و بنکەی ریکخراوەی سەربەخو، ١٢ ژن و٥ منالایان گرت ئەوانەی لە سنتەر دابوون ،هەموو ئەرشیف و شتومەکەکانی ناو هەردوو بنکەکەیان برد ،وە سنتەر داخرا.

لە ٧ ئابدا زانیاریمان بەدەست گەشت کە ٢ ژن دوای داخستنی سەنتەر دەکەونە بەر دەستریژی گولە لە سلیمانی، یەکیکیان دەکوژریت  کە کاتی خوی لە سنتەری ژنان دا بووە.

ئیمە سەرەرای محکوم کردنی ئەو هیرشەی هیزەکانی یەکیتی نیشتیمانی کوردستان داوا دەکەین کە:

١. ریگا بدری جاریکی تر ئەو سنتەرە بکریتەوە
٢. ژیانی هەموو ئەو ژنانەی لە سنتەر بوون ،وە کەسانی بەریوەبەری سنتەر گیانیان بپاریزری.
٣. هەموو  ئەرشیف و شتومەکەکانی سەنتەر بگەریتەوە بویان.

ئیمزا کەران :

Johan Lomroth ئەندامی پەرلەمانی سوید

Snja Ericsson ئەندامی ئەنجومەنی شارەوانی شاری Malang

Soren Johansson ئەندامی ئەنجومەنی شارەوانی Falon

Pia Slaclin ئەندامی ئەنجومەنی شارەوانی Lundvika

Lence Olsson ئەندامی ئەنجومەنی شارەوانی Malmo

Gunn Bartill Johansson ئەندامی ئەنجومەنی شارەوانی Borlange

Kista Mats ئەندامی ئەنجومەنی شارەوانی More

Eva Olsson ئەندامی ئەنجومەنی شارەوانی یوتوبوری

Anna Johansson ئەندامی ئەنجومەنی شارەوانی Kiruna

Andes Johansson ئەندامی ئەنجومەنی شارەوانی Orse

Hori Lotllahi ئەندامی ئەنجومەنی شارەوانی Dalana

Anna Kristin Lindberg یەکیك لە رابەرانی بزووتنەوەی ژنان لە سوید، بەرپرسی پیشووی حزبی چەپ لە شاری یوتوبوری.

ریکخراوی گەنجانی چەپی سویدی

کومیتەی حزبی چەپ لە شاری یوتوبوری بە ئیمزای: Karin Mellegord, Birtt Mari

کومیتەی محلی حزبی چەپ لەشاری فالون بە ئمیزای :
JangerNyvid,Pia Petrsson,Zaid Alakbari,

کومیتەی محلی حزبی چەپ لەشاری مورا بە ئیمزای: Kista Mats, Caumont Gsele

کومیتەی محلی حزبی چەپ لەشاری لوندڤیکا:
Juga Kaelsson,Maria Fredriksson,Seibert Fredriksson

کومیتەی محلی لە شاری بورلینگی:
Mia Olfsson,Arnold Ericsson´Carina Mia,Christer Rydinen

کومیتەی محلی حزبی چەپ لە شاری ئورسا:
Andrs Johansson،Brigitta Lundkvist

کومیتەی محلی لەشاری نورا دالانا بە ئیمزای: Boge Gart

کەسانی سیاسی حزبەکان لەشاری کیرونا:
Liv Anna Jonsson ,Mickel Jonasson, Jngeinnar

# نامەی ڕێکخراوی لێبوردنی نێودەوڵەتی لە ژێر ناوی ( Urgent Action )

## لە ڕێکەوتی ١٦/٨/٢٠٠٠دا

ڕێکخراوی لێبووردنی نێودەوڵەتی لە نوسراوێکدا بۆسەرجەم نوسینگەکانی خۆی لەسەراسەری دنیادا داوایان لێ دەکات  کە سەبارەت بە گرتن و ئەشکەنجەدان و کردەوەی سەرکوتگەرانەی یەکێتی بەرامبەر بە ئەندام و لایەنگرانی حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی عێراق و ڕێکخراوی سەربەخۆی ئافرەتان نامەو فاکس و تەلەگرام و تەلەفۆن بکەن بۆ نوسینگەکانی یەکێتی لەو وڵاتانەی کە نوسینگەی یەکێتی لێیەوفشار بخەنە سەر یەکێتی بۆ دەست هەڵگرتن لەو کارانەو پاراستنی مافی مرۆڤ لەکوردستانیعێراق و هەروەها پاراستنی ژیان و سەلامەتی زیندانییەکان و ئەو ژنانەی لای سەنتەری پارێزگاریژنان دەپارێزران و دوای داخستنی سەنتەر لەلایەن ئاسایشەوە، ژیانیان لەمەترسیدایە. هەرلەو نووسراوەدا ڕێکخراوی ناوبراولەوحەیەک لە پێشێلکارییەکانی یەکێتی دەخاتە بەردەم ئەندامەکانیخۆی و باسی زیندانی کردنی ژمارەیەک کادرو ئەندامیحیزب و شازین هێرش نوسەری نارازی بەم سیاسەتەی یەکێتی دەکات و نیگەرانی خۆی بەرامبەر بە سەلامەتی ژیانی ئەوان و ئەوژنانەی سەنتەر رادەگەیەنێ و هاوکات باسی مەترسی تەسلیم کردنەوەی صادق نیکبین لەلایەن یەکێتییەوە بە جمهوری ئیسلامیئێران و کوشتنی نەسرین عزیز دەکات کە یەکێک بوو لەو ژنانەی پێشتر لەلایەن سەنتەرەوە ژیانی پارێزرابوو. سەرباری ئەمانە ئیشارەت بە داخستنیسەنتەری بەرگری لەمافەکانیمناڵانیکوردستان دەکات و داوایان لێ دەکات لەسەر ئەو مەسەلانە نارەزایەتی  لە دژی یەکێتی دەربڕن. شایانیباسە  ڕۆژی ٢٦/٧/٢٠٠٠یش ڕێکخراوی ناوبراو نامەیەکی ئاراستەیجلال تاڵەبانیکردووە لەم بارەیەوە. تا ئێستاش (٣)نامەی لەسەر پێشێلکارییەکانی یەکێتی بەرامبەر بە حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی عێراق و ڕیکخراوە جەماوەرییەکانی نزیک بەحیزب ناردووە.

---

**URGENT ACTION**

PUBLIC    AI Index: MDE 14/10/00

16 August 2000

Further information on UA 219/00 (MDE 14/08/00, 19 July 2000) and follow-up (MDE 14/09/00, 25 July 2000)   Incommunicado detention/fear of torture/forcible expulsion/fear of forcible return/"disappearance"

IRAQ/IRAQI KURDISTAN   Sadiq Nikbin (Iranian national)
Nidhal Ahmad
Kuchar

New names:   Shazin Heerah
Saman Mohammad
Haydar Raddam
Mohammad Najam
Kamran Latif
Karim Latif
Jaza Mohammad
Azad Mohammad Amin

Kazal Jamal (f), Surma Rasoul Mina (f), Leyla Isma'il (f), Niyan 'Ali Ahmad (f), Asmar 'Abdullah (f), Shukhan Salih (f), Bayan (f), Ajin (f), Zaman (f), Badriya Rassul (f), Batsuz 'Abdullah (f), 'Aisha (f)

The PUK intend to hand Sadiq Nikbin over to the Iranian authorities on 17 August. He would face serious human rights violations if he were returned to Iran. He is now under guard at a hospital in Sulaymaniya

A number of others with links to the Iraqi Workers' Communist Party (IWCP) and Independent Women's Organization (IWO) are now known to have been arrested, and many in grave danger.

Poet and writer Shazin Heerah is said to have been arrested on 21 July, at a well known club for intellectuals in Sulaimaniya, reportedly for denouncing the closure of the IWO office and the arrests that followed. His whereabouts are now unknown.

Also arrested that day were IWCP members Saman Mohammad, a security guard at the IWO office, and Haydar Raddam. Their whereabouts are now unknown. Another of the security guards at the IWO office, IWCP member Mohammad Najam, has also been arrested.

After the 21 July raid on the IWO-run women's refuge in Sulaimaniya, the 12 women named above, who had been sheltering there from abuse by relatives, are said to have been moved to the PUK Security Directorate in Sulaimaniya. Amnesty International fears that they may be handed over to their families or relatives, and would be at risk of serious human rights abuses. Another woman who left the refuge in June, Nasrin 'Aziz Rashid, is said to have been killed by a relative.

## (١٠) ڕێکخراوەی پەنابەری وانسانی لەبەریتانیا هێرشی یەکێتی نیشتمانی یان بۆسەر ئازادی سیاسی محکوم کرد

پەلامارو دەست درێژیەکانی ئەم دوای یانەی یەکێتی نیشتمانی کوردستان بۆسەر ئازادی هەڵسورانی سیاسی وگرتن وراونانی هەڵسوراوانی سیاسی وداخستنی بارەگاکانی ڕێکخراوی سەربەخۆی ئافرەتان وسەنتەری پارێزگاری ژنان وسەنتەری مندالان ورادیو بارەگاگانی حزبی کۆمۆنیستی کرێکاری عێراق لەکوردستان لەپێناو رازی کردنی دڵی دوژمنانی خەڵکی کوردستان کەوتە بەر نەفرەت وبێزاری ڕێکخراوەپەنابەری وانسانی یەکان لەبەریتانیا وئەمە دەقی داواکاریەکانە:

(ئێمە ئیمزاکەرانی ژێرەوە بەتوندی هێرشی یەکێتی نیشتمانی کوردستان بۆسەرئازادی ئازادی هەڵسورانی سیاسی ومافەکانی مرۆف محکوم دەکەین )

داوای:

١. ڕاگرتنی دەست بەجێ هێرش بۆسەرئازادی هەڵسورانی سیاسی لەلایەن(ی.ن.ک)وە.

٢. ئازاد کردنی دەست بەجێ گیراوەسیاسی یەکان لەلایەن (ی.ن.ک)وە.

٣. کردنەوەی دووبارە ئەو بارەگاو ڕێکخراوانەی ڕێگای هەڵسورانیان لێ گیراوە.

| ڕێکخراو | ناو |
| --- | --- |
| campaign against racism and fascism | Nana Odio |
| National assembly against racism | Liza |
| Workers international | Dot |
| The committee of refugees from turkey | Llhen |
| Southwark day center | E.G |
| Journalist middle east | N.Asos |
| CARF | Aurn |
| Federation of Iraqi refugees-coventry | H.Lokman |
| Federation of Iranian refugees | B.Soroush |
| IFIR-Britain | D.jamal |
| National civil rights movement | N.horum |
| N.C.R.M | H.Mhamaed |
| N.C.R.M | S.D |
| S.D.C | Esegul.G |
| | Stephen |

## نامەی نارەزایەتی لەلایەن حیزبی سەوزی سویسریەوە ( GR NES BÜNDNIS )

لوسێرن ٢٠٠٠/٩/٦

بۆ جلال تالبانی

ئێمە ئاگاداری ئەو پێشێلکاری و سەرکوتانەی ئەم دوایی‌یەی یەکیتی نیشتمانی کوردستان بووین لە کوردستانی عیراق لە دژی هەلسوورانی سیاسی حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاری عیراق، ریکخراوی سەربەخۆی ئافرەتان، سەنتەری دیفاع لە ژنان، سەنتەری دیفاع لە مندالان و ریکخراوی نەقابی و گەورەی تر و خەلکی پێشکەوتن خواز کە لە سەرەتای مانگی تەموزی ٢٠٠٠ ئەنجامتان دا. تا ئەوەندەی ئێمە ئاگادارین پێنج کەس لەلایەن هێزە سەربازی‌یەکانی یەکیتی‌یەوە کوژراون، زیاتر لە ٦٠ کەسی تر دەستگیر و ئەشکەنجەکراون. بنکەی ئەو ڕێکخراوانەی ناومان بردن داخراون و کارو هەلسوورانیان لەلایەن هیزەکانی یەکیتی‌یەوە قەدەغەکراوە. ئێمە تێناگەین کە ئێوە بۆچی دەستتان لەم ریکخراو و کەسە سیاسی‌یانە بەرز دەکەنەوە. تەنیا ئەحزابی دیکتاتۆری بەم شێوەیە هیزەکانی خۆیان بەکار دەهێنن.

ئێمە داواتان لێ دەکەین کە دەست راگرن لە کردەوەی سەربازی و دژی ئینسانی. ئێمە داواتان لێ دەکەین کە ڕێز لە مافی ئینسان و ئازادی هەلسوورانی سیاسی بگرن. ئێمە داوای ئازادکردنی سەرجەم زیندانی‌یە سیاسی‌یەکان دەکەین و جارێکی تریش بنکەکانیان بکرێتەوە. ئێمە داواتان لێ دەکەین کە پارێزگاری لە ئازادی کەسەکان و هەلسوورانی هەموو خەلکی لە کوردستانی عیراق و لەسەرتاسەری دنیادا بکەن.

**حیزبی سەوز لوسیرن، سویسرا**

## نامەی نارەزایەتی لەلایەن نەقابەی سەرتاسەری سویسرای فیدرالی‌یەوە

ریکەوت ٢٠٠٠/٨/٢٩

بۆ جلال تالبانی

ئێمە زۆر نیگەرانی چارەنووسی کۆمەلێك کەسی موخالفی یەکیتی نیشتنمانی کوردستانین کە لە ڕێکەوتی ٢٠٠٠/٧/١٣ گیراون، ئێمە داواتان لێ دەکەین کە دلنیامان بکەن کە ئەوانە بەشێوەی ئینسانی هەلس وکەوتیان لەگەل دەکرێ و ماف پەیوەندییان بە پاریزەرانێکەوە کە دلخوازی خۆیانە لەگەل یارمەتی دەرمانی و پزشکییان پێ دەدرێ. هەروەها ئەوانە دەستگیرکراون بەهۆی هەلسوورانی سیاسی ئاشتی خوازانەیانەوە، ئێمە داواتان لێ دەکەین کە هەرچی زووتر ئەوانە ئازاد بکەن.

لە پەیوەند بە کوشتنی ئەم کەسانە: عبدالباسط محسن، محمد مستەفا، ابراهیم محمد روستم، هاورێ لتبف، ئۆمید نیکبین و صادق نیکبین بەدەستی هێزەکانی ئاسایشی یەکیتی نیشتمانی کوردستان، ئێمە داواتان لێ دەکەین کە لێکۆلینەوەیەکی تەواو بکەن سەبارەت بە کوشتنی ئەو کەسانە و لێپرسراوانی ئەو کوشتنانەش بدرێن بە دادگا.

هەروەها ئێمە داواتان لێ دەکەین کە دەست ڕاگرن لە راونان و شوێن کەوتن و دەرکردنی ئەندامان و لایەنگرانی حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاری عیراق و ئەندامانی خیزانەکانیان و ڕێگایان بدرێ کە بە سەلامەتی هەموویان بگەرێنەوە مالی خۆیان. ئیمە ئەوەش داوا دەکەین کە هیچ کەس لەژیر مەترسی پێشێل کردنی مافە مرۆیەکانی نەبێ و یان لە مەترسی گێرانەوەی بۆ ئیران ویان بۆ ئەو شوێنانەی کە لەژیر دەسەلاتی حکومەتی عیراقیدا نەبێ.

**دوکتۆر پاول ریچستەین**
**سەرۆك و ئەندامی پەرلەمان**

---

## نامەی نارەزایەتی Inga Marte Thorkildsen

نوینەری(ریکخراوی ژنانی هەلبژیردراوە) Kvinne ut valg کە سەر بەحیزبی سوشیالیستە چەپەکانە(SV ) کە لەپەرلەمانی نەرویج دا ١١ کورسی هەیە.

For the PUK, c/o the United Kindom and the USA
Fax: 00 44 171 84 00 630 and

**001 202 63 72 723**

بۆ یەکیتی نیشتمانی کوردستان لە بریتانیا و ئەمریکا

## دەست هەلگرن لە سەنتەری پاریزگاری ژنان!

لقی ریکخراوی ژنانی حیزبی سۆشیالیستی چەپی نەرویج نارەزایەتی توندی خۆمان دەنێرین لەبەرامبەر هەلویستتاندا دژ بە سەنتەری پاریزگاری لە ژنان کە لەلایەن ریکخراوی سەربەخۆی ئافرەتانەوە لە کوردستان بەرێوە دەبرێت. ئێمە ئەوە قبول ناکەین کە ژنانێك کە بەشوێن سەرپەنایەکەوە دەگەرێن لە سەنتەر دەردەکرێن و بەرەو ئایندەیەکی نادیار دەیان نێرن. ئێمە ئاگادارین کە یەکێك لەو ژنانەی سەنتەر بەناوی نەسرین عزیز لەلایەن براکەیەوە کوژراوە, ئەو برایەیەی کە خۆی لێ شاردبووەوە. بیرو پشتیوانی ئێمە لەو دەکرێ و لەو ژنانەی تریش کە هەولْ دەدەن بەبیانووی شەرەفەوە لەلایەن کەس و کاریانەوە نەکوژرێن.

دەبێ یەکێتی نیشتمانی کردەوە تیرۆریستەکانی لە دژی ژنانی بێ دەسەلاتدا دەست بەجێ رابگرێ!.

**Inga Marte Thorkildsen**
**ئەندامی ریکخراوی ژنانی حیزبی سۆشیالیستی چەپ لە نەرویج/ ئۆسلۆ**

---

## نامەی نارەزایەتی پارتی کرێکاری سۆشیالیتی یونان

بەپێی هەوالەکانی راگەیەندراو لەلایەن حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاری عیراق و رێکخراوی سەربەخۆی ئافرەتانەوە لە کوردستانی عیراق، لە رۆژەکانی ٨ و ٩ و ١٠ ی تەموزی ٢٠٠٠ لە شاری سلێمانی هیزەکانی یەکیتی نیشتمانی بە بیانووی جۆراوجۆرەوە هێرشیان کردوەتە سەر بنکەکانی حککع و رێکخراوی سەربەخۆی ئافرەتان وهەروەها کارەبا و ئاو تەلەفونیشی لێ بریون.

دواتر لە ١١ و ١٣ی تەمووزی ٢٠٠٠ دا کاتێك ئەندامان و لایەنگرانی حککع و ریکخراوی سەربەخۆ خۆپیشاندانێکی ئاشتی خوازانەیان لە دژی سیاسەتەکانی یەکیتی بەرێ خست، هێزەکانی ئاسایشی یەکیتی تەقەی لە خۆپیشاندەران کردوە و دوای نارەحەت کردن و ئازاردانیان ١٨ کەسی لێ دەست گیر کردن.

لە رۆژی ١٤ی تەمووزی ٢٠٠٠دا هیزە چەکدارەکانی یەکیتی نیشتمانی ئابلووقەی بنکەکان و رادیوی حککع و ریکخراوی سەربەخۆ دەدەن و هێرش دەکەنە سەریان و لە ئەنجامدا ٦ کەس لە هاوریيانی حککع دەکوژرێ.

سەرکوتی چەکدارانەی ی ن ك لەبەرامبەر حککع و رێکخراوی سەربەخۆی ئافرەتان و ئازادی سیاسی، سیاسەتێکی کۆنەپەرستانە و دواکەوتوانەیە.

تەقەکردن لە خۆپیشاندانی ئاشتی خوازانەدا لەلایەن هێزەکانی ی ن کەوە، دەستگیرکردن، ئەزیەت و ئازاردان و کوشتنی هەلسووراوانی سیاسی حککع تاوانێکی وەحشیانەیە.

ئێمە ئەم کردەوە سەرکوتگەرانەیەی یەکیتی نیشتمانی مەحکووم دەکەین و داوا لە هەموو حیزبە سیاسی و رێکخراوە ئنیسان دۆستەکان و هەموو ئازادی خوازان دەکەین کە هەلوێست لەبەرامبەر ئەم سیاسەتە سەرکوتگەرانەیەی ی ن ك دەربرن وە داوا بکەن کە:

١- یەکیتی نیشتمانی ئەم پێشێلکاریانەی لەبەرامبەر حککع و ریکخراوی سەربەخۆی ئافرەتان هەرچی زووتر راوەستێنێ و بەبێ هیچ قەید و شەرتێك

٢- ئازاد کردنی دەست بەجێی زیندانیانی سیاسیز

**یانیس سیفاراکس**

**پارتی کریکارانی سۆشیالیستی یونان**

---

## دووهەم نامەی نارەزایەتی دیڤ بلیکنی نوێنەری نەقابەی سەرتاسەری کرێکارانی پۆستی کندا لە ٢٠٠٠/٧/٢٨دا

From: Dave Bleakney
To: <puk@puk.org>
Sent: Friday, July 28, 2000 6:12 PM
Subject: FW: Urgent

Dear PUK representative:

On Friday, July 21 and armed force of the Patriotic Union of Kurdistan (PUK) entered the Women's Protection centre in Suleimaniyah. PUK troops ordered an evacuation. Eventually the women's centre was shut down completely while documents were removed.

This shelter was safeguarding twelve women from desparate cases of "honour killings", In addition, five children were also present.The occupents and staff of the centre were all detained.

When some women activists raised the issue of "honour killings" the PUK denounced any responsibility for their safety, even after removing them from a shelter. These women and their children were separated from the other and were taken to an unknown destination, I understand the women who are threatened by honor killings are now detainees of the PUK forces.

Their names are as follows:
1. Kajal Jamal accompanied by her 2 children
2. Surma Rasool Mina
3. Leila Ismail
4. Nian Ali Ahmed accompanied by her 2 children
5. Asmar Abdullah (pregnant)
6. Shoukhan Saleh (pregnant)

7. Bayan
8. Chiman
9. Zeman accompanied by 1 child
10. Badriya Rasool
11. Basoz Abdullah
12. Aisha

One can only condemn the armed attack on the Independent Women's Organization and the Women's Protection Center. If left unstopped, these regressive and male chauvinist mentality attacks will open the way for unlimited oppression and killings against women.

The detainment of these threatened women under the ruthless forces of the PUK will increase the threat on their lives, and will leave them exposed to the direct assaults of their prison guards.

It is difficult to fathom why anyone would place pregnant women, children and their mothers in such a situation. Just exactly what are the PUK fighting for? It seems to me that the people have Kurdistan have enough outside problems to be spending their time harrassing women.

I urge you to correct this situation as soon as possible.

Sincerely,

**David Bleakney**
**National Union Representative**
**Canadian Union of Postal Workers**
377 Bank Street
Ottawa, Ontario K2P 1Y3
Phone: 613-236-7230 ext 7953
Fax: 613-563-7861

**نامەی نارەزایەتی یەکیتی ئینتەناسیونالیستی ژنان لە پێناو ئاشتی و ئازادیدا/ تورنتو، کندا**

**ڕێکەوت ٢٠٠٠/٧/٢٨**

بۆ یەکیتی نیشتمانی کوردستان

لقی تۆرنتۆی یەکیتی ئینتەرناسیونالیستی ژنان لە پێناو ئاشتی و ئازادیدا بە توندی ئەو هێرشەی دواییتان بۆسەر ریکخراوی سەربەخۆی ئافرەتان، سەنتەری پارێزگاری لە ژنان لە شاری سلێمانی کوردستانی عیراق مەحکووم دەکات.

.............................................

لە سالی رابوردوودا ریکخراوەکەمان تیشکی خستە سەر بەندی ٥٦ی کومسیونی مافی مرۆڤ لە پەیوەندە بە "کوشتن لەسەر شەرەف" لەسەرتاسەری دنیادا. ریکخراوەکەمان ئەم کەشتنانە بەو شێوەیە تەماشا دەکات کە دەبێ بخرێتە ژێر چاودێری یاسای تایبەتییەوە لە ئاستی جیهاندا و دەبێ هەموو حکومەتەکان کارێك بکەن کە پێشگیری لێ بکەن.

The Center for Protection of Women, which was broken into by armed forces of the Patriotic Union of Kurdistan on 21 July, is the first of its kind in Northern Iraq and has saved the lives of countless women fleeing honor killings and political violence. The armed force ordered everybody to evacuate both centers within half an hour without further clarification of the reasons. The PUK forces eventually shut down the IWO center and the women's shelter WPC and confiscated all their materials.

This women's shelter was currently keeping and safeguarding 12 women and five of their children from desperate cases of "honor killings." These women, their children, the staff and activists of both centers were detained in the PUK Security Quarters for a short period, followed by a decision to set everybody free, in spite of their knowledge that these women were threatened to be killed by their own relatives for honor reasons. When the women activists raised the issue, the PUK officials denounced their responsibility of these women's lives; they separated these women and their children from the others and took them to an unknown destination.

The women who are threatened by honor killings are now detainees of the PUK forces are: Kajal Jamal (accompanied by her 2 children); Surma Rasool Mina; Leila Ismail; Nian Ali Ahmed (accompanied by her 2 children); Asmar Abdullah (pregnant); Shoukhan Saleh (pregnant); Bayan; Chiman; Zeman accompanied by 1 child; Badriya Rasool; Basoz Abdullah and Aisha.

This attack followed a series of aggravations planned in order to eliminate activity in these centers; services of electricity, water supply and telephone lines were shut down first, and then armed forces broke into them and forced every body outside. The residence of Nasik Ahmed (a woman activist and the principal of IWO) was also attacked and one of the security guards was killed.

Simultaneously, the PUK attacked political opposition groups, and surrounded the Worker Communist Party of Iraq (WCPI) base, a series of aggression that ended with killing 6 members and arresting 30.

ئیمە هێرشی چەکدارانە بۆ سەر ریکخراوی سەربەخۆی ئافرەتان و سەنتەری پارێزگاری مەحکووم دەکەین و نیگەرانین ببیتە مایەی هێرشی زیاتر بۆسەر ژنان. دەست بەسەراگرتنی یەکیتی نیشتمانی بەسەر ئەم ژنانەی کە لە ژیر مەترسی هەرەشەدان، مەترسی لەسەر ژیانیان زیاتر دەکات. راستەوخۆ دەیانخاتە مەترسی هەرەشە و ئیغتیصاب لەلایەن حیمایەکانی زیندانەکانیانەوە.

ئێمە داواتان لێ دەکەین کە رێگا بدەین کە بنکەکانی سەنتەری پارێزگاری ژنان و رێکخراوی سەربەخۆی ئافرەتان دابنرێتەوە بگەرێتەوە و هەموو شتە مەسادەرە کراوەکانیان وە لەوانە ئارشیفی کەیسی هەموو ئەو ژنانەی کوردستان کە هەرەشەیان لێ کراوە بگێرنەوە.

..................

Colleen Burke

Secretary,

WILPF Toronto Branch

## نامەی نارەزایەتی حیزبی کۆمۆنیستی کریکاران ی نەرویج AKP

بەروار:٢٠٠٠/٨/٢٢ ئۆسلۆ

بۆ جلال تالبانی

سەرۆکی یەکیتی نیشتمانی کوردستان

بۆ مەکتەبی ی ن ك لە لەندەن

نارەزایەتی بەرامبەر بە سەرکوتی ئەندامانی حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاری عیراق و رێکخراوی سەربەخۆی ئافرەتان لە کوردستان.

بەرێز جلال تالبانی!

ئێمە زۆر نیگەرانین سەبارەت بەو هەواڵانەی کە لەلایەن رێکخراوی ئەمنستی ئینتەرناشناڵەوە تەئکید کراوەتەوە وە باسی سەرکوت و ئەزیەت و ئازاری مخالفینی سیاسی و ریکخراوی ژنان لە کوردستان دەکات، کە لەلایەن حیزبی ئێوەوە بەرێوە براوە.
ژنێك بەناوی نسرین عزیز کوژراوە دوای ئەوەی بارەگاری ریگخراوی سەربەخۆی ئافرەتان لە سلیمانی داخراوە، هەروەها ژمارەیەك لە ئەندامانی حیزبی کۆمۆنیستی کریکاری عیراقیش گیراون و ئەزیەت دراون.
ئێمە نارەزایەتی خۆمان لەبەرامبەر ئەو کردەوەیە دەردەبرین، نەك وەك پشتیوانیيەك لە قوربانیانی ئەو سەرکوت و چەوسانەوەیە بەلکوو وەك دۆستی خەلکی کورد. ئەم سیاسەتەی ئێوە هۆکانی خەبات بۆ بەدەست هێنانی مافەکانی خەلکی کورد دەشێوێنێ وکارەکانی هاوپشتی کردن لەو خەباتە چ لە وولاتی ئێمە وچ لە وولاتانی دیکەش دەمرێنێ.

**Arnljot Ask ( ئارنلۆت ئاسك )**

**لێپرسراوی نیونەتەوەیی حیزبی کۆمۆنیستی کرێکارانی نەرویج**

---

**لیستی ناوی حیزبو لایەنەکان کە نامەی نارەزایەتیيان بەرووی یەکیتیدا بەرز کردوەتەوە:**

١- کۆمیتەی ( World March)ی تۆرنتۆی کندا لە ٢٠٠٠/٧/٢٨دا
٢- اتحاد فدائیان کۆمۆنیست لە رێکەوتی ٢٠٠٠/٧/٢٩دا
٣- رێکخراوی جیهانی دژی ئەشکەنجە ( OMCT) لە رۆژی ٢٠٠٠/٨/٣دا
٤- حیزبی ( PST-POP) سویسری
٥- ریکخراوی ئازادی مارکسیستی لە ئیتالیا لە ٢٠٠٠/٨/٤دا
٦- ئاکمسیونی مەسیحی دژی تەعزیب لە سویسرا (ACAT) لە رۆژی ٢٠٠٠/٨/١١دا
٧- حزبی کاری نوی‌ی سویسری (Neuepda) لە رۆژی ٢٠٠٠/٨/١٣دا
٨- گروپی دیفاع لە مافی ئینسان لە سویسرا لە رێکەوتی ٢٠٠٠/٨/١٨دا
٩- رێکخراوی (AG) ئەنترناسیونالیستی سویسری لە ٢٠٠٠/٨/١٩دا
١٠- ئیئتلافی روژی جیهانی ژنان لە استرالیا International Women's Day Collective بەبەرواری ٢٠٠٠/٨/٢٢ بەئیمزاری Susan Price سکرتیری ریکخراوەکە لە سدنی
١١- ریکخراوی چەپی سویسری لەشاری بازل Infoladen Sowleso لە ٢٠٠٠/٨/٢٧
١٢- ریکخراوی ئیئتلافی چەپ لەشاری بازل بەبەرواری ٢٠٠٠/٨/٢٧ بەناوی Hirscheneek BelzenKollektive
١٣- ریکخراوی چەپی سویسری لەشاری لوزین لە روژی ٢٠٠٠/٨/٢٧دا بەناوی Infoladen Romp بە ئیمزای S.Plattner
١٤- کومەلەی خەلکی موهەدەدی سویسری لە بیرنSociety for threatened peoples لە رێکەوتی ٢٠٠٠/٨/٢٩
١٥- ئەمنستی ئەنتەرناسیونال URGENT ACTION ژمارە ٤ی سەبارەت بەم هیرشانەی یەکیتی لەروژی ٢٠٠٠/٨/٣١دا بلاوکردەوە تایبەت بە زیندانی کردنی کادران وهەلسورانی حیزب
١٦- کۆمیتەی هاوپشتی ژنانی نەمساوی
١٧- ریکخراوی ژنانی حیزبی سۆشیال دیموکراتی ئوستراليا لە ٢٠٠٠/٩/٨دا ئیمزای Lisa Macdonald

١٨- حیزبی کۆمۆنیستی ئوسترالیا لە ٢٠٠٠/٩/١١دا
١٩- پرۆفیسۆر جیمس نورمان لە دانیشگای مالبۆرنی ئوسترالیاوە
٢٠- دوکتۆر حسن تیتیز لە مالبۆرنی ئوسترالیاوە
٢١- گروپی خودموختاری ژنان – سەنتەری بیرن/ سویسرا لە رۆژی ٢٠٠٠/٩/١٥دا
٢٢- رێکخراوی ژنان دژی راسیزم و سیکسیزم لە بیرن/ سویسرا لە رۆژی ٢٠٠٠/٩/١٨دا

# بەشی سێهەم

# ئاکسیون و نارەزایەتی‌یەکانی ریکخراوەکانی حیزب لە سەرتاسەری دنیادا لە دژی هیرشە ملهورانە و سەرکوتگەرەکەی یەکیتی لە دژی حیزب

رۆژی ١٦-٧-٢٠٠٠ شاری هەولیر کرایە نمایشی نەفرەتی نارەزایەتی بەرووی ئەو تاوانکاری‌یەی یەکیتی‌دا، کۆمیتەی هەولیری حیزبمان سەعات٩:٣٠ سەرلەبەیانی (جدار الحرية) دیواری ئازادی دانا کەدەیان لافیتەو بەیاننامەی لەسەر رووداوەکانی ئەم چەند رۆژە لەخۆ گرتبوو، تائیوارە دریژەی کیشاو جەماوەری ئازادیخوازی شاری هەولیر بەهەزارانیان ئامادەی بوون و بەدەیان هەزار کەسیش بینیان و پۆل پۆل و دەستە دەستەش لە جەماوەر هەم نەفرەتیان ئاراستەی یەکیتی‌دەکرد وهەم پەیامی سەرەخۆشی‌و هاودەردی‌یان بەبۆنەی گیان لەدەستدانی هاوری‌یانمان بەهاوری‌یانی سەرپەرشتیاری (جدار حر) راگەیاند.

هاوکات سەعات ٧ی ئیوارەش کۆبوونەوەیەکی نارەزایەتی جەماوەری فراوان لە جدار حر و لە ناوجەرگەی شاردا ساز کرا، کە تیای‌دا بە هەزاران کەس ئامادە بوون و سەرنجی دەیان هەزار کەسیشی راکیشا، کە تیای‌دا جگە لە خویندنەوەی تراکت و سروود خەلکی ئازادیخوازی شاری هەولیر بەگەرمی‌یەوە پیشوازی‌یان لەووتەی حیزب کرد، عەبدولا مەحمود نوینەری مەکتەبی سیاسی سەبارەت بە ماهیەتی ئەو سیاسەتەی یەکیتی و دەوری نارەزایەتی خەلك لە ناکام کردنەوەی‌دا راگەیاند، پاشان هاوری هیوا ئەحمەد ئەندامی کۆمیتە رابەری ریکخراوی کوردستان بەیاننامەی کۆمیتە رابەری خویندەوەو کۆبوونەوەکە نزیکەی سەعاتیکی خایاند، لەناو نەفرەتی خەلکی ئازادیخوازی شاری هەولیردا لەدژی یەکیتی سەرکەوتوانە کۆتایی هات.

— نارەزایەتی‌یەکانی خەلکی ئازادی خواز لە شارەکانی کوردستانی ئیراندا دوای ئەم رووداوە لەلایەن خەلکەوە بەتووندی بەریوە برا وو لەشارەکانی سنە و پاوە خەلکی بە خۆپیشاندان چوونە سەر بنکەکانی یەکیتی نیشتمانی و دەرو دیواریان بە شیعاری مەحکوم کردنی یەکیتی و هاودەستی لەگەل جمهوری ئیسلامی پرکرد. هەروەها بۆ ریزگرتن لە یادی هاوریی گیان بەخت کردوو ئومید نیك بین خەلکی شاری سنە بە کۆڕ و کۆمەلی جۆراوجۆر سەردانی مالی کەس و کارو دایك و باوکی ئەو هاوریی‌یان کرد و یەکیتی نیشتمانی‌یان لەسەر ئەو کردەوە ملهورانە و کۆنەپەرستانەیە محکوم کرد. خەبات و نارەزایەتی خەلکی ئازادی خوازی شارەکانی کوردستانی ئیران لە دژی سیاسەتی کۆپەرستانەی یەکیتی نیشتمانی و هاودەستی لەگەل جمهوری ئیسلامی بەبەرچاوی دام ودەزگا سەرکوتگەرەکانی دەولەتەوە بەریوە برا و لە شاری ورمی دوو سەیارەی لانکرۆزەری یەکیتی ئاگری تیبەردرا.

# کارو هەلسوورانەکانی رێکخراوی حیزب لە بەریتانیا

رۆژی ١٤ \٧ \٢٠٠٠ سەعات ١ی پاش نیوەڕۆیبەبەشداری ژمارەیەکی زۆر لەئەندامان ولایەنگرانی هەردووحزبی کومونیستی کریکاری عیراق وئیران ئاکسیۆنیکی نارەزایەتی لەبەردەم بارەگای ی.ن.ك لەشاری لندن بەرێخرا ،وەفدیکی حزب چوە ناو مقەرەکەوە بۆگەیاندنی پەیامی نارەزایەتیحزب بەمەسئولینی یەکیتی ،بەلام فواد معصوم ئەندامی مەکتەبی سیاسی یەکیتی دەرگای لەسەر خۆی داخست ووەفدەکە پەیامی تورەیی ونارەزایەتی حزبیان بەدەنگی بەرز بەگوێی هەمووکاربەدەستانیان گەیاند وئاکسیۆنەکە سەعاتیکی خایاند.

رۆژی ١٥\٧\٢٠٠٠ لە سەعات ١١تاد١٢ پیش نیوەرۆ ژمارەیەکی زۆر لەئەندامانی هەردوو حزبی کومونیستی کریکاری عیراق وئیران ودۆست ولایەنگرانی حزب روویان کردە مقری یەکیتی نیشتمانی لە لندن ودار ودیواری مقەریان بەنوسینی گەورەو تراکتی (ی.ن.ك تاوانکارانی کوشتنی ئازادیخوازانن لەکوردستان، دەستی خویناوی یەکیتی نیشتمانی لەنیو دەستی جمهوری ئیسلامیدایە،...) گرت .وەخەلکی دەوروبەری مقەرەکە لەتاوانکاریەکانی ی.ن.ك ئاگادارکرانەوە.
سەعات ٢تاچوار لە مەکەزی شاری لەندەندا (تراڤلگار سکویر) لەشوینی نارەزایەتی عیراقیەکان، بەیاننامە کانی حزب سەبارەت بەم رووداوانە بەزمانی عەرەبی وئینگلیزی بلاوکرایەوە ولەگەل بەشداربوانی نارەزایەتیەکەدا هەلویستی مەحکوم کردنی خۆیان دژبەو تاوانانەی ی.ن.ك دەربری.
سەعات ٣ی دوانیوەرۆشدا هاورییان پرشنگ احمد وسوسن سلیم بەشداری کۆریکیان لەسەر ژنانی جەزائیری کرد وەتیایدا قسەوباسیان کرد وبەیاننامەوراگەیاندنەکانیان بلاوکردەوە.
سەرلەئیوارەی هەمان رۆژ فواد معصوم کەیەکیکە لەسەرانی یەکیتی کەدەستیان سورە بەخوینی کومونیستەکان وئازادیخوازانی کوردستان روبەروی رق وبیزاری خەلکی ئازادیخواز بوەوە وکە تێر قسەی پێدەلین وریسوای دەکەن وبەپەلە پروزێ خۆی دەربازدەکا.
هەردوو رۆژی ١٤و١٥ زۆربەی کەناڵە کانی راگەیاندن ئاگادار کرانەوە لە وەزعەکە وبەیاننامە و هەواڵەکانی حزبیان پی راگەیەندرا ورۆژنامەی (الزمان) لەرۆژی ١٤ \٧ دا هەوالی ئاکسیۆنەکانی حزبی لەشاری سلیمانی بلاوکردەوە.هاوکات لەپەیوەندی تەلەفۆنیدا وچاوپیکەوتنی شەخسیاتی سیاسی وکۆمەلایەتی لەبەریتانیا ئیدانەی ئەوکارانەی ی.ن.ك یانکرد.

### نارەزایەتی لەبەرامبەر سۆشیالیست ئینتەرناسیۆنالدا

رۆژی دوو شەممە رێکەوتی ٢٠٠٠/٧/١٧ کاتژمێر ١١،٣٠سەر لەبەیانی، ژمارەیەکی زۆر لە هاوڕێیان و دۆستانی هەردوو حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاری عیراق و ئێران لە حەرەکەیەکی نارەزایەتی‌یدا چوونە سەر بارەگای سۆشیالیست ئینتەرناسیۆنال لە شاری لندن، وە سەیتەرەیان کرد بەسەر هەموو بیناکەدا، تاکو نوێنەری بارەگاکە (پیری) هات لەگەل سێ کەس لە نوێنەرانی نارەزایەتی‌یەکە کە پێك هاتبوون لە سوسن سلیم، پرشنگ احمد و بهرام سروش دانیشتنی کرد.
نوێنەران بە توندی نارەزایەتی خۆیان بە سۆشیالیست ئینتەرناسیونال دەبڕی، کە پەیوەندی بە یەکیتی نیشتمانی کوردستانەوە هەیە، وە ئاگاداریان کردەوە کە ی ن ك وەك هێزێکی تاوانکار و خوێن رێژو دژی ئینسانی وایە. نوێنەران لە تەواوی رووداوی کۆنەپەرستانە و هێرشی چەکدارانەی یەکیتی بۆسەر بنکەکانی حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاری عیراق ئاگاداریان کردنەوە هەروەها بەبارمتەگرتنی هاوڕییانی نوێنەری گفت و گۆ کە پێشتر لەلایەن یەکیتی خۆیەوە داوای ئەو گفت و گۆیە کرابوو خەسلەتی مافیایی ئەم لایەنەی خستە روو. دوای قسەو باسەکان نوێنەرانی خۆپیشاندانەکە نامەی نارەزایەتی حیزبیان گەیاندە دەستی نوێنەری سۆشیالیست ئینتەرناسیۆنال وە داوایان کرد کە سۆشیالیست ئینتەرناسیۆنال یەکیتی نیشتمانی رسوا بکات وە لە ریزەکانی خۆیدا دەری بکات. هەروەها پێیان لەسەر ئەوە داگرت کە دەبێ یەکیتی نیشتمانی وەك هێزێکی مجرم و دژی ئینسانی بناسرێ و سزا بدرێ.

– رۆژی شەممە رێکەوتی ٢٠٠٠/٩/٢٣ ریکخراوی حیزب لە بریتانیا کۆبوونەوەیەکی نارەزایەتی لەبەردەم بارەگای سەرەکی حزبی کاری بریتانیا لە لندن رێکخست بۆ نارەزایەتی دەربڕین سەبارەت بە هەڵبژاردنی یەکیتی نیشتمانی بۆ ئەندامەتی لە سۆشیالیست ئینتەرناسیۆنالدا وە ئاگادارکردنەوەیان لە سەرکوت و خوێنرێژی و جەریمەکانی ی ن ك.
لەم کۆبوونەوە نارەزایەتی‌یەدا ژمارەیەکی بەرچاو لە لایەنگرانی ئازادی و ئەندامانی هەردوو حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاری عیراقی و ئێرانی بەشداریان کرد. دواتر نوێنەرانی خۆپیشاندانەکە چوونە ناو بینایەی بارەگاکەوە و لەگەل نوێنەری حزبی کاری بریتانی بەناوی (نایك) کۆبوونەوە و نامەی خۆپیشاندەرانیان پێ دا کە ئەویش بە نۆرەی خۆی بەلێنی دا کە نامەکە بگەیەنێتە رابەری حیزبەکەیان هەروەها بەلێنێکی دیکەیشی دا کە لە ئایندەیەکی نزیکدا کۆبوونەیەك رێك بخەن بۆ لێکۆلینەوە لەم بابەتە و گوێ گرتن لە داخوازی خۆپیشاندەران.

# کارو هەڵسوورانەکانی ڕێکخراوی حیزب لە سویسرا

لە درێژەی چالاکیەکانی کۆمیتەی سویسرای حزبی کۆمۆنیستی کرێکاری عێراق, ئەمڕۆ ڕێکەوتی ٢٠٠٠/٧/٢١ خۆپیشاندانێکی جەماوەری لەبەردەم بارەگای نەتەوەیەکگرتووەکان لە شاری جنێفی سویسرا سازکرا. خۆپیشاندانەکە لەلایەن کۆمیتەی سویسرای حزبو فیدراسیۆنی پەنابەرانی عێراقی لە سویسراو نوێنەری کەمپینی نێونەتەوەیی بەرگری لە مافەکانی ژنانی عێراقی لە سویسرا بەڕێوەبرا, کە زیاتر لە ٤٠ کەس لەم خۆپیشاندانەدا بەشداری‌یان کرد کە نزیکەی (٣) سەعاتی خایاند. پاش خوێندنەوەی بەیانو ڕاگەیاندنەکانی حزب بە زمانی کوردی, عەرەبی, فارسیو ئینگلیزی, هاوڕێ‌یان ئاسۆ جبارو جمال کۆششو کاردۆ سەرباز کۆبوونەوەیەکیان لەگەڵ وەفدی کۆمیسیاری باڵای نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ مافی مرۆڤ کرد, کە وەفدی ئەم کۆمیسیارە پێکهاتبوو لە بەڕێز SFlahertyض. M بەرپرسی کاروباری مافی مرۆڤ لە ئاسیاو بەڕێز V. Birga بەرپرسی کاروباری مافی مرۆڤی نەتەوەیەکگرتووەکان بۆ عێراق.

فایلێك بەسەرجەم دۆکیومێنتو بەیانو بڵاوکراوەکانو ڕاگەیاندنی ئەمنستی ئەنتەرناسیۆنال لەسەر هێرشی سەرکوتگەرانەی یەکێتی نیشتمانی کوردستان بۆسەر حزبی کۆمۆنیستی کرێکاری عێراقو ڕێکخراوی سەربەخۆی ئافرەتان پێشکەش بە وەفدەکە کرا بە زمانی ئینگلیزی. پاشان هاوڕێ‌یان بە درێژی ڕونکردنەوەیاندا لەسەر هێرشی سەرکوتگەرانەی یەکێتی بۆسەر حزبو ڕێکخراوە جەماوەری‌یەکانو ئازادی هەڵسوڕانی سیاسی لە کوردستان. سەرەتا نوێنەرانی UN باسی ئەوەیان کرد کە لەلایەن پسپۆرانی خۆیانەوە لێکۆڵینەوەیان لەسەر ئەم مەسەلەیە کردووەو لەلایەن (ی.ن.ك) وایان پێ‌ڕاگەیەنراوە کە کێشەکە پەیوەندی بە نەهێشتنی بارەگای هێزە عەسکەری‌یەکانەوە هەبووە لە شاری سلێمانی, پاشان هاوڕێ‌یان ئەم بیانووانەیان ڕوونکردەوە. نوێنەرانی UN پاش گفتوگۆ لەگەڵ نوێنەران بەڵێنیان دا کە هەر ئەمڕۆ بارەگای مەرکەزی کۆمیسیاری نەتەوەیەکگرتووەکان بۆ مافی مرۆڤ لە نیۆیۆرك ئاگادار بکەنەوە لەسەر ئەم هێرشو ملهوری‌یانەی یەکێتی بەرامبەر بە ئازادی سیاسیو مافی مرۆڤو حزبی کۆمۆنیستی کرێکاری عێراق, وە لیژنەیەك لە شارەزایانی ئەم بەشە ڕاسپێرن بۆ لێکۆڵینەوە لەم هێرشانەو مەحکوم کردنی یەکێتیو فشارخستنە سەری کە بڕیارە سەرکوتگەرەکانی هەڵوەشێنێتەوە, کە بە زەبری چەك سەپاندوونی, ڕێز بۆ ئازادی سیاسیو مافی مرۆڤ دابنێو لەوبارەیەوە ئیجرائاتی پێویست بکرێ, کۆبوونەوەکە پاش نیو سەعات کۆتایی هات بە بەڵێنی ئەوەی کە بە شێوەیەکی فەوری کار بۆ ئەم کێشەیە بکرێ. دواتر هاوڕێ‌یان ئاسۆ جبارو جمال کۆشش ڕونکردنەوەیەکیان بۆ خۆپیشاندەران باس کرد لەسەر کۆبوونەوەکەو بەڵێنەکانی UN, خۆپیشاندانەکە سەرکەوتووانە کۆتایی پێ‌هات.

---

## ملگرتن و خوپیشان دان لە بەردەم بارەگای حزبی سوشیال دیمکرات لە کندا

بە مەبەستی ادانە کردنی (ی.ن.ك)کەبەپشتیوانەی ئاخوندەکانی جمهوری اسلامی هێرشیکی بی ئابروانەو دور لە هەر پرەنسیبیکی انسانی و مەدەنی و شارستانی کردوتە سەر بارەگاکانی حزبی ئیمەو بەئاشکرا دەیەوی هەلسورانی سیا سی حزبی کومونستی کریکاەری عبراق لە ناوچەکانی ژیر دەسەلاتی ئەو دا قا چاغ کا ت. بیجگە لەوەی کە ریش و مەچەکی خویان جاریکی تر بە خوینی کو مونستەکان و ئازادی خوازان سور کرد, وەفدی سیاسی حزبیش بەبارمتە رادەگرن کە بە بارمتە راگرتنی وەفدی حزب ئەگەر بو ماوەیەکی کورتیش بوبیت جەلادەکانی بەغدادو ئاخوندەکانی تارانیش شەرمەزاردەکات کە لە میژوی هیچ دەولەتیکی کونە پەرست وهیچ سولتان وئەحزابیکی دنبادا نەبوە,

رۆژی ٢٠٠٠\٧\١٧ کومیتەی کندای حزبی کومونستی کریکاری عراق و حزبی کومونستی کریکاری ئیران لە شارەکانی (تورنتو) و(فانکوفر) لە بەردەم بارەگای حزبی NDP ئاکسیونی نارەزایەتیان سازدا .کە ژمارەیەك لەئامادەبوانی خوپیشان دانەکە یوماوەی نزیك بە سەعاتیك لەناو هەردو مقری ئەم حزبەدا لەتورنتو و فانکوفەر مانیان گرت و خواستە کانی ئامادە بوانیان بە نوینە رایەتی ئەوان راگەیاندو پیان راگەیاندن کەتا خواستە کانمان جی بە جی نەکەن ئامادەنین بارەگاکەیان بەجێبهیلن و کوتایی بەمانگرتنەکەیان ناهینن کە خواستە کان بریتی بون لەمانە.

کردنە دەرەوەی (ی.ن.ك) لە کونفرانسی ئەحزابی سوشیال دیمکرات, نامەی ادانە بوسەرکردابەتی (ی,ن,ك) , دەبی بکوژانی هاوری یانمان بناسبنری, دەبی ادانەی ینك بکەن لەرابتە بەبارمتە راگرتنی وەفدی سەرکردایەتی حزبی ئیمە .

کە لەدوای قسەو باسی نوینەرانی ئیمە لەگەل نوینەری ئەواندا, لە تورنتو (bruce cox ) و لە فانکوفر (david biebbr)بەنوینەرایەتی حزبی NDP) قسەو باسیان بوئامادەبوان کردو بریاریاندا کە لەنزیك ترین فرسەت دا وەلام بەداواکانمان بدەنەوە کەلە لایەن خوپیشان دەرانەوە مولەتی ٢٤ سەعات بو وەرگرتنەوەی وەلامەکە دیاریکرا و ئەوەشیان پێراگەیاندن کەلەحالەتی دواکەوتنی وەلامەکەیاندا خوپیشاندانەکەمان بەشکلیکی توند تر لە بەردەم بارە گاکەباندا درێژە پی ئەدەین.

ریسوابیت سەر کردایەتی ی .ن . ك

بژی حزبی کومونستی کریکاری عیراق

٢٠٠٠\٧\١٨

## کارو هەڵسوورانی حیزب لە ئوستراليا

ریکخراوی حیزب لە شاری سدنی بە هاوبەشی کەسانی ئازادیخواز، خوپیشاندانیکیان ریکخست لەبەردەم پەرلەمانی استرالیادا، نوینەری حیزب (شمال علی) ونوینەری ریکخراوی سەربەخو (لیلی محمد) و لیپرسراوی فیدراسیون لە استرالیا (زینب رحیم) چاویان کەوت لە لیپرسراویکی پەرلەمان، سەرەرای خستنە بەردەستی نوسین وبەلگەکانی حیزب دژ بە یەکیتی نیشتمانی، یاداشتنامەیەکی نارەزایەتیان بە ئیمزای ١٨٠ کەس دایە دەست ئەو لیپرسراوە. خوپیشان دەران لافتەو تراکت و شیعاراتی جوراوجوریان بەرزکردبوەوە دژ بە پیشیلکاری وتاوانەکانی یەکیتی نیشتمانی.

## کارو هەلسوورانەکانی حیزب لە ئەلمانیا

لەشاری کولن ئەندامان ودوستان و خەلکی ئازادیخواز بە شداری خوپیشاندانی دژی ملهوری‌یەکانی یەکیتی نیشتمانی کوردستانیان کرد لە بەرانبەر مقەری سوشیال دیمکراتی ئەم شارەدا، نوینەرانی حیزب (صالح سەرداری، ئاری ئەحمەد، صالح گەویلی ) چاویان کەوت بە لیپرسراوی حیزبی ناوبراو. سەرەرای خستنە بەردەستی بەلگەو نوسینەکانی حیزب و وینەیەك لە هەوالی نیو روژنامەی کیهان درایە دەستیان. شایانی باسە، کە لیپرسراوی حزبی سوشیال دیمکرات رایگەیاند کە روژی دووشەممەی داهاتوو وەلامی رەسمی سەرکردایەتی حزبەکەیان بە داوای خوپیشاندەران دەداتەوە.

## هەلسوورانەکانی ریکخراوی حیزب لە نەرویج

لە ریکەوتی ١٤ —٨ بەهار مونزیر نوینەری کەمپینی دیفاع لە مافەکانی ژنان لەنەرویج
چاوی کەوت بە (INGA MARTE) ئنگا مارتە نوینەری ریکخراوی ژنانی هەلبژیراو (KVINNE UTVALG) بەهار مونزیر لەقسەکانی‌دا باسی هیرشەکانی یەکیەتی‌و تیروری نەسرین عەزیزو داخستنی سەنتەری پاریزگاری‌و ریکخراوی سەربەخوی کرد وەباسی دژایەتی یەکیتی‌هەر لەسەرەتای دروست بوونی ریکخراوەوە ریگریەکانی یەکیەتی. وەوەستانی جمهوری ئسلامی ئیران لەپشت ئەم هێرشانەی یەکیتی.

Inga Mrte پشتیوانی خوی دەربری بو سەنتەری پاریزگاری‌و ریکخراوەی‌سەربەخو نامەی خوی فاکس کرد بو PUK بەریتانیا و ئەمەریکا وە بریاری هاوکاری دا بوکەمپینەکامی ئیمە وە باسی ئەوی کرد کەراپورتەکانی ئبمە هەمووی ناردوە بو سەنتەری پایزگاری لە نەرویج وە ووتی من لەریگەی خومەوە نامە وئیمزا کۆدەکەمەوە بو ئەم کەمپینە.

## هەلسوورانەکانی رێکخراوی حیزب لە سوید

- **لە روژی ١٧\٧\٢٠٠٠ ئاکسیونیک لە بە ردەم ئە منیستی لە ستوکهولم لە لایە ن هە ردوو حیزبە کومونیستی کریکاری عیراق وە ئیران سازدرا کە ژمارەیە کی زور تیایدا ئامادە بوبون, وە وەفدی هە ردوو حیزب (ئارەزوو محمدی, هلالە رافع, نوری کریم, ئە سە د نە ودینیان, سیامە ک بهاری ) چاویان کە وت بە دوو نوینە ری ئە منستی و ئە وانیش قسە یان لە سە ر ئە وە کرد کە هە موو ئە وو هە والانە دەگە یە نن بە کە نالی سە رەکی ئە منستی لە لە ندەن وە بە ردەوام دەبن لە پە یوە ندیدا.**

– پاش نیوەروی ئەمرو ٢٠٠٠/٧/٢٣ هەردوو کومیتەی یوتبوری حزبی کومونیستی کریکاری عیراق و ایران، مراسیمیکیان لەهولی (نادي الثقافي الاجتماعي العراقي) بۆ پینج لە هاوریانی گیانبەختکردووی حزب (عبدالباسط محسن، ابراهیم محمد، هاوری لەتیف، محمد مستەفا، ئومید نکبین) گرت، کە لە هیرشی چەکدارەکانی جلال تالەبانیدا بو سەر مقەرەکانی حزبی کومونیستی کریکاری عیراق لەشاری سلیمانی گیانیان بەخت کرد.

سەرەتا مراسیمەکە بە سرودی انترناسیونال و دەقیقەیەك راوەستان بۆ هاوریانی گیانبەختکردوی ریگای ئازادی و سوسیالزم دەستی پیکرد. پاشان رعد سلیم بەرپرسی کومیتەی سوید قسەوباسیکی بەناوی حزبی کومونیستی کریکاری عیراقەوە پیشکەش بە ئامادەبووان کرد،لە دوایدا هاوری ایرج فەرزاد ئەندامی کومیتە ناوەندی حزبی کومونیستی کریکاری ئیران قسەوباسیکی لەسەر تاوانەکانی یەکیتی دەرحەق بە خەلکی کوردستان پیشکەش کرد.

پاش خویندنەوەی پارچە شیعری، ووتاری فدراسیونی پەنابەرانی ایرانی لەلایەن اسماعیلی مولودی خوینرایەوە، هەروەها عبدالله دارابی وعبدالله اسدی کادرانی حزبی کومونیستی کریکاری ایران قسەوباسیان کرد.

وە ئەوەی جیگای سەرنجە یەکیك لەکادرە کونەکانی (ی.ن.ك) کەلە سالی ١٩٧٥وە کادری یەکیتی بووە، چەند سالی یەکیك بووە لە ئامادەکەرانی روژنامەی کوردستانی نویی لە کوردستان، ووتاریکی خویندەوە بەناوی خویەوە، کەتێیدا هیرشی یەکیتی بو سەر حزبی کومونیستی کریکاری عیراق محکوم کرد، وە لە کوتایی قسەکانیدا رایگەیاند (لە نارەزایەتی لەدژی ئەو هیرشەی یەکیتی بو سەر حزبی کومونیستی کریکاری عیراق ،ریزەکانی یەکیتی بەجی دیلم).

لەمراسیمەکە ژمارەیەکی زور لە دوستان و لایەنگرانی هەردوو حزب تیدا بەشداربوو، هەروەها وەفدی حزبی دیموکراتی کوردستانی عیراق ئامادەی مراسیمەکە بوو.

کوتایی مراسیم کەدوو سەعاتی خایەند بە قسەکانی هاوری ئاسوی شاعیر هات، کەبریتی بوو لە یادگاریك لە هاوریانی گیان بەختکردوو.

– کۆمیتەی تشکیلاتی هەردوو حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاری عیراق و ئێران لە سوید خۆپیشاندانێکی نارەزایەتی‌یان لە رۆژی پێنج شەممە رێکەوتی ٨/٣/ ٢٠٠٠ لە بەردەم بارەگای سەرۆك وەزیری سوید

Goran Person لە شاری ستۆکهۆلم بۆ نارەزایەتی نیشان دان بەرامبەر بە چاوپێکەوتنی یەکێك لە کاربەدەستانی سویدی لەگەل سەرۆك وەزیری حکومەتی هەرێمی یەکیتی نیشتمانی کوردستان (کوسرت رسول) خۆپیشاندەران لەم خۆپیشاندانەدا شیعاریان لەدژی یەکیتی نیشتمانی کوردستان هەلگرتبوو.

لەم خۆپیشاندانەدا هاورێ فارس محمود ئەندامی مەکتەبی سیاسی حیزب قسەوباسی بۆ خۆپیشاندەران کرد, دواتر نوێنەری هەردوو حیزب لەگەل یەکیك لە کاربەدەستانی بارەگای سەرۆك وەزیری سوید دانیشتن و قسەوباسیان لەسەر هێرش و پەلاماری دڕندانەی یەکیتی نیشتمانی کوردستان بۆ بنکەکانی حیزب و ریکخراوی سەربەخۆ و سەنتەری پارێزگاری لە ژنان و سەنتەری پاریزگاری لە مافەکانی مندالان و دواتر تەواوی نووسراوە و بەلگەکانی لە پەیوەند بەم رووداوە درا بەو کاربەدەستە. دواتر خۆپیشاندەران روویان کردە بارەگارەی سەرەکی حیزبی سۆشیال دیموکراتی دەسەلاتدار و تەواوی بەیانەکان و بەلگەکانیان گەیاندە نوێنەری ئەو حیزبە.

–

– روژی ٨/٣٠ هەردوو ریکخراوی سویدی حزبی کومونیستی کریکاری عیراق، ئیران ئاکسیونیکی نارەزایەتیان لە بەردەم نووسینگەی UN دا لە شاری ستوکهولم بەری خست لە دژی دەستگیر کردنی هاوریانی حزبی کومونستی کریکاری عیراق لە لایەن هیزە سەرکوتگەرەکانی ئاسایشی یەکیتی نیشتیمانیەوە لە ناوچەکانی پاریزگاری سلیمانی لە کوردوستانی عیراق. کە تیدا ژمارەیەك لە ئەندامان و دوستانی هەر دوو حزب تیدا بە شدار بوون. لە پاشاندا نوینەرانی هەردوو حزب (اسد نودنیان، نوری کریم، هەلالە رافع) چاویان بە بەرپرسی نووسینگەکە کەوت، داواکاریەکانی خویان پیشکەش کرد، کە بریتی بوو لە ئازادکردنی دەستبەجی هاوریانی حزب، فشار هینان بو سەر یەکیتی بۆ ریگادان بە ئازادی سیاسی حزبەکان لە کوردوستان.

پاشان خوپشاندەران بەرەو نووسینکەی ریکخراوی امنستی ئەنترناشنال لە شاری ستوکهولم بەریکەوتن، لەویشدا نوینەرانی هەردوو حزب بەیاننامەکانی حزب و داواکاریەکانی حزبیان پیشکەش بە نوینەری ریکخراوی ئەمنست ئەنترناشنال کرد .

# هەلسوورانەکانی ریکخراوی حیزب لە فنلاندە

لە درێژەی ئەو کەمپینەی کە کۆمیتەیفنلندی حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاری عێراق لە دژی هێرشی سەرکوتگەرانەی ینك بۆ سەر بارەگاکانی حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاری عیراق لەشاری سلیمانی, کۆمیتەی هەردوو حیزب لە فنلند هەستان بە:

– رۆژی ١٧/ ٧/ ٢٠٠٠ بلاو کردنەوەی بەیان نامەکان و راگەیاندنەکانی حیزب لە شاری هلسنکی و لەهتی وە هەلواسینی شعاراتەکان لە سەنتەری شاری هلسنکی بە زمانی کوردی و فنلندی.

– رۆژی ٢٠٠٠/٧/١٩ ئەندامانی هەردوو حیزب لەگەل هەوادران و دوستان بۆ نارەزایەتی دەربرین بەرامبەر بەکارە درندەکانی یەکیتی ئاکسوینیکی سازدا لە سەنتەری شاری هلسنکی وەلەم ئاکسوینەدا کە زیاتر لە ٣٠ کەس ئامادەبووبوو سەرتا خیمەیەك هەلدرا وە خیمەکە بە لافیتە رازاندراریەوە وە ژمارەیەکیش لە هاوریيان شعاراتیان گرتبوو بەدەستیانەوە کە بو بوە جیگای سەرنجدانی ئەوانەی کە لەوناوەدا هاتو چویان دەکرد وە ژمارەیەکی زۆر لە فنلندی و عەرب پرسیاریان لەسەر وەزعەکە دەکرد.

هەر لەو رۆژەدا ژمارەیەی بەرچاو لە بەیان نامەو راگەیاندنەکانی حیزب بەزمانی کوردی, عەرەبی, ئینگلیزی, فنلندی بلاو دەکرانەوە, وە نامەیەکیش ئامادەکرابوو بەزمانی ئینکلیزی کەتییدا داوی لەهەمو کەسانی ئازادی خوازی دەکرد کە نامەی نارەزایەتی بکەن سەر سەرانی ینك.

لەلایەن جمال سالح ئەندامی کۆمیتەی ریکخراوی دەرەوەی وولات وە ئیسماعیل وەیسی لێپرسراوی کۆمیتەی فنلندی حیزبی کۆمۆنیستی کریکاری ئیران قسەو باسیك بۆ ئامادەبوان کرا.

– رۆژی ٢٠٠٠/٧/٢١ بەئامادەبونی ژمارەیەکی بەرچاو لەپەنابەرانی شاری لەهتیوە ئەندامانی حیزب ئاکسوینیك لە سەنتەری ئەو شار کرا لە ئاکسوینەکەدا چەندان شعار بەزمانی کوردی و فنلندی بەرز کرابونەوە وە خیمەیەکیش بە لافیتە رازیندرابوەوە ,. وە لەهەمان کاتدا بەزمانی فنلندی . ئینگلیزی . کوردی بەیان نامەو راگەیاندنەکان بلاو کرانەوە. شایەنی باسە کە لەشوینی ئاکسوینەکە رۆژنامەیەکی فنلندی زمان بەناوی ETELA-SUOMEN SANOMAT ئامادەبوو وە چاوپیکەوتنی لەگەل هاوری منیرە تاهیر ئەندامی حیزبی کۆمۆنیستی کریکاری عیراق وە هاوری رەزا کمانگر کاداری حککئیران کرد وە بەدریژی باسی ئەو هیرشەچەکداریانەیان بۆ کرد کە ینك کردویەتیە سەر مقەراتی حیزب وە ریکخراوەجانبیەکان لەسلیمانی.

کۆمیتەی فنلندی حیزبی کۆمۆنیستی کریکاری عیراق ٢٠٠٠/٧/٢٢

-لە درێژەی کەمپەینە نیونەتەوەکانی حیزب لە دژی یەکیتی نیشتمانی کوردستان لە رێکەوتی ٢٠٠٠/٨/١٨دا تشکیلاتی فنلاندی حککع خۆپیشاندانێکی رێکخست لە دژی کردەوە ملهوری و سەرکوتگەرەکانی یەکیتی نیشتمانی کوردستان لە بەرامبەر حیزب و ریکخراوی سەربەخۆ وسەنتەری پارێزگاری لە ژنان. خۆپیشاندان لە سەعات ٣ی پاش نیوەرۆ لە مەرکەزی شاری هیلسنکی دەستی پێکرد و لەوێوە بە رێپێوان بەرەو مقەری حیزبی سۆشیال دیموکراتی فنلاند بەرێکەوت. ئەم خۆپیشاندانە بەبەشداری هاورێ ریبوار احمد (کە هاوکات بوو لەگەل سەردانی بۆ فنلاندا) و تەواوی هاوریيانی تشکیلاتی دەرەوەی وولاتی حیزب و هاوریيانی تشکیلاتی فنلاندی حیزبی کۆمۆنیستی کریکاری ئیران و کۆمەلێك لە دۆست و لایەنگران و کەسانی ئازادی خواز.

لەم خۆپیشاندانەدا خۆپیشاندەران کۆمەلێك شیعار و پلاکارد و رەسمی کاریکاتیریان بەدەستەوە گرتبوو بەزمانەکانی کوردی و فنلاندی، کە کۆتایی رێپیوانەکە لەبەردەم مقەری حیزبی سوشیال دیموکراتدا بوو وە خۆپیشاندەران لەوێدا کۆبوونەوە و نوێنەری ئەو حیزبە بەناوی Tero Shemeikka هاتە لای هاوریيان و دەعوەتی نوێنەرانی خۆپیشاندانەکەی کرد بۆ ناو مقەرەکەیان کە بریتی بوون لە هاوریيان جمال صالح نوینەری حیزب و اسماعیل ویسی نوینەری حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاری ئیران و رێبوار عارف نوینەری فیدراسیون.

لە دانیشتنەکەدا هاوریيان دیسانەوە باسی کردەوە کۆنەپەرست و ملهورانەکەی یەکیتی نیشتمانیان کرد و تەواوی نووسراوە و راگەیەندراوەکانی ئەو ماوەیەیان بەدەست گەیاندن و هەروەها نامەی تایبەتی خۆپیشاندانەکە لەگەل داواکاریەکانیان بەدەستی نوێنەری سوشیال دیموکرات گەیاند. هەروەها باسی شەپۆلی نارەزایەتیيەکانیان کرد کە بەرەو رووی یەکیتی نیشتمانی بووەتەوە.

شایەنی باسە نوینەری حیزبی سوشیال دیموکرات بەتەواوی نیگەرانی خۆی لەو رووداوانە دەربڕی و بەڵێنی دا کە لەم مەسەلەیە لە ناو دانشتنەکانی خۆیاندا چ لە فنلاندا و چ لەئاستی دنیادا بکۆلنەوە. هەروەها لە رۆژنامەی حیزبەکەیاندا بەناوی Demari لەسەری بنووسن و چاوپێکەوتن لەگەل هاوریيياندا بکەن.

ئەم خۆپیشاندانە دوای سەعاتیك کۆتایی هات.

# پاشکۆکان

# پاشکۆی ژمارە ١

## بەرێز حاکمی بدائەی سلێمانی

داواکەر: بەرێز وەزیری ناوخۆی هەرێمی کوردستان/عێراق– جگە لە وەزیفەکەی– جێگرەکەی لیوای پۆلیس یاسازان نەزەر عەلی ئەکبەر.

دەعوا لەسەر: حزبی کۆمۆنیستی کرێکاری عێراق

بابەتی دەعواکە:

دەعوا لەسەر (واتە حیزب) موخالەفەی حوکمەکانی قانونی حزبەکانی هەریمی کوردستان/عێراق ژمارە (١٧) ساڵی ١٩٩٣ کردوە وە بەتایبەت ئەو برگانەی کە لە مادەی (١٤) ی ئەو قانونەدا هاتوون. حزبی کۆمۆنیستی کرێکاری عێراق هەستاوە بەکارو چالاکیەك کە هەندێکیان روخێنەرن وە لەوانە موخالەفەکردنی یاسا و خوو رەوشتی گشتی وە بەگوێرەی بەلگەی زۆر زەق و حاشاهەلنەگر هەر وەك لە خوارەوە هاتووە:

١- هەستانی ئەو حزبە بە بلاوکردنەوەی بەیانات و پەخشی بڵاوکراوە لە رادیووە و نووسینی مەقالات لە رۆژنامەکەی (بۆ پێشەوە) کە هەمووی پڕیەتی لە تەشهیر کردن بە حکومەتی هەیمی کوردستان/عێراق وە ئەو موخالەفەتانە برگەکانی مادەی (١٤) لە قانونی حزبەکان ژمارە (١٧) ساڵی ١٩٩٣ یان بەسەردا جێبەجێ دەبێت کە لە سەرەوە ئشارەی پێ کراوە وە وا لەگەڵ ئەم دەعوایەدا بەشێك لەو بەیانانەتان بۆ دەنێرین.

٢- چاپ کردنی نامیلکەیەك بەناوی قانونی یەکسانی ژن و پیاو کە جێگەی ئەو قانونی ئەحوالی شەخسیـیەی ئێستا لە عێراقدا پەیرەوی دەکرێ بگرێتەوە، وە بەستنی سیمینارێکی فراوان دەربارەی ناوەرۆکەکانی ئەو برگانەی تێدا هاتوون وە بەئاشکرا راگەیاندنیان لە سیمینارەکەدا وە لە شوێنی تریش کە ئەوان ئەم قانونە دەسەپێنن لەبری ئەو قانونەی ئێستا پەیرەو دەکرێ، وە بە بەکاریهێنانی زەبرو زەنگیش ئەگەر پێویستی کرد، کەوەك خۆشتان دەزانن ناوەرۆکی قانونەکە موخالیفە بە دەستور چونکە مەتنێکی روون و ئاشکرا هەیە کە دەڵێ "ئیسلام دینی رەسمی دەولەتە" وە ئەو موخالفەیە زۆر گەورە و پر مەترسییە، ئەنجامەکانی خەتەرە لەسەر کۆمەڵگای کوردستان، ئەگەر قانون خێرا چارەسەری نەکات، ئەوە نەسخەیەکیشتان لەو نامیلکەیە لەگەل ئەو دەعوایەدا بۆ دەنێرین.

٣- ئەم حزبە هەستاوە بە کۆکردنەوەی تبرعات بە شێوەیەکی ئاشکرا لە هاولاتیان بەبێ ئەوەی روخسەتی ئوسولی وەربگرێت لەلایەنە بەرپرسەکان، ئەوە هەندێك نمونە لەو پسولەی پارە وەرگرتنەتان بۆ دەنێرین کە ئەو حزبە دەری کردوون و مۆری کردوون.

٤- ئەو حزبە هەستاوە بە ناچارکردنی هەندێ هاوولاتی وە بەتایبەت نەخوێندەوارەکان بۆ دەنگ دان بەجیابوونەوەی کوردستان لە عێراق کە ئەم کردەوانە زۆر زۆر خەتەرناکن لەسەر ئایندەی بزووتنەوەی کوردی لە کورستان/عێراق کە ئامانجی سەرەکی و یەکەمی بەدیهێنانی ئیتحادی فیدرالیە، وە رەزامەندیشی لەسەر دراوە لەلایەن حزبە ئۆپۆزسیونەکانی عێراقی، نەك جیابوونەوە بە هیچ شێوەیەك.

٥- دروست کردنی پسولەی رێگەپێدان (عدم تەعەرور) بەمەبەستی پەرینەوە لە خاڵەکانی پشکنین بەرەو کۆماری ئیسلامی یان بەرەو پارێزگاکانی ناوەراست و خوارووی عێراق یان بەرەو هەولێر و لەوێشەوە بۆ تورکیا، ئەم شێوە کردەوانە موخالیفە لەگەل ئەو تەعلیماتانەی دەرکراون لەو بارەیەوە کەئەمەش خۆی دەبێتە خەتەرێك بۆ سەر ئاسایشی ناوخۆ و دەرەوەی هەرێم وە ئەم موخالەفەتانە حوکمی مادەکانی کتێبی دووەم لە بەندی یەکەم و دووەمی قانونی سزاکانی عێراقی ژمارە ١١١ی ساڵی ١٩٦٩ی دەستکاری کراو(المعدل) یان بەسەردا بەجێ دەهێنرێ.

٦- هەندێك لە ئەندامانی ئەو حزبە، وە بە گوێرەی راسپاردەی لێپرسراوەکانیان جل و بەرگی تایبەتی هێزەکانی ئاسایشی ناوخۆ لەبەر دەکەن بۆ بەجێهێنانی ئامانجە تایبەتیەکانیان لە پەیوەند بە ئاسایشی ناوخۆی هەرێم بەمەبەستی دەرباز بوون لە دەست پیاوەکانی یاسا (رجال القانون) لە کارمەندانی هێزی ئاسایشی ناوخۆ وە بەتایبەت لە خاڵەکانی پشکنین.

٧- پەیوەندی گرتن بە بێگانەوە و رێکخستنی خۆپیشاندان بەبێ وەرگرتنی روخسەتی ئوسولی بە گوێرەی یاسا و تەعلیماتە پەیرەو کراوەکان لەو مەیدانەدا.

٨- هەندێك لە کادرەکانی ئەو حزبە لەناو خەڵکدا دەڵێن: ئێمە ئەو واقعیەتە دارزاوە(فاسد) دەگۆرین وە تەنانەت بەبەکارهێنانی هێزیش ئەگەر پێویستی کرد، تەنانەت کار گەیشتە ئەو شوێنەی یەکێك لە کادرەکانیان بەناوی وەستا مەهدی، کە کادرێکی سەندیکاییە و لێپرسراوی سەندیکای بیناسازی و پرۆژە دروستکراوەکانە لە سلێمانی، لە ناو بارەگای وەزارەتەکەمان بلێ: ئەوان هەڵدەستن بە گۆرینی ئەو رژێمە وە تەنانەت بەبەکارهێنانی هێزیش ئەگەر پێویستی کرد، وە بەئامادەبوونی دوو کەس لە هاورێکانی وە لە بەردەم مندا لە ژووری راوێژکاری قانونی، وە لە کاتی دەوامی رەسمیدا، وە بێ پرینگانەوە وە دوای گفتوگۆ لەگەلیدا ئەمەی جارێکی تر دووبارە کردەوە. ئەم کردەوەیە نیشانەی ئەوەیە کە ئەگەر ئیجرائاتی قانونی دژی ئەم حیزبە وەرنەگیرێ، بەتایبەت هۆیەکانی راگەیاندنی بینراو و بیستراو نووسراو، ئەوا ئەنجامەکانی پڕ مەترسین لەسەر سەلامەتی ئاسایشی ناوخۆی هەرێم.

٩- هەندێك لە ئەندامانی رابەرایەتی حزبی کۆمۆنیستی کرێکاری عیراق عیراقی نین کە ئەوەش مەخالەفەتێکی ئاشکرای قانونە کە دەڵێ نابێ خەڵکی غەیرە عیراقی ببنە ئەندام لە حیزبە عیراقیەکاندا بە هیچ جۆرێك،چونکە قانون رێگا نادات، ئێمە بۆمان دەرکەوت کە کەسانی حیزبی لە رابەرایەتی ئەو حزبەدا هەن وەك لە خوارەوە روون دەبێتەوە:

١٠- موزەفەری محمدی/ لێپرسراوی بەشی سەربازی حزبەکەیان

١١- رحمان حسین زادە ئەندامی رابەری

١٢- ئەسەدی گوڵچینی/ ئەندامی رابەری بەشی راگەیاندن. ئەم سیانە ئێرانین

لەسەر بنەمای ئەوانەی لەسەرەوە هاتوون وە لەبەر مەترسی ئەو هەلسووکەوتانەی ئەندامانی ئەو حزبە و دەزگا راگەیاندنەکانی بیستراو و نووسراو هەروەها رێکخراوەکانی سەر بەو حزبە دەیکەن، نەك تەنیا دەبێتە هۆی مەترسی بۆ سەر بەرژەوەندی گشتی، بگرە بۆ بوون و وجودی (کیان) ئیداری کە ئێستا هەیە و کە بەرهەمی خوێنی شەهیدەکانن لە رۆڵەی گەلی کوردمان. بۆ ئاگاداریتان تکایە. داوا لە دادگا بەرێزەکەتان دەکەین کە هەرچی ئیجرائاتی قانونی پێویستە دژی ئەم حزبە بەجێ بگەیەنن بە گوێرەی برگەی یەك و دوو لە مادەی (١٧) لە قانونی حزبەکان ژمارە (١٧) ساڵی ١٩٩٣ بەمەبەستی داخستنی هەموو ئۆفیسەکانیان لە هەرێم دا کە ئەو کارەش دەگونجێ لەگەڵ پیداویستیەکانی ئاسایشی ناوخۆو دەرەوە، چونکە ئەم حیزبە خەتەرێکی رووخێنەرە بۆ ئاسایشی ناوخۆ و دەرەوەی هەرێمەکەمان ئەگەر بێتو ئیجرائاتی وا وەرنەگیرێ بە دژیان کە زامنی قەدەغەکردنی چالاکیان بێت لە هەرێم دا، لەگەل رێز

**لیوای پۆلیسی یاسازان**
**نەزەر عەلی ئەکبەر**
**جێگری بەرێز وەزیری ناوخۆ – جگە لە وەزیفەکەی**
**٢٠٠٠/٣/٥**

# پاشکۆی ژمارە ٢

**رۆژنامەی کیهان، رۆژی سێ شەممە ١١ مرداد ( ١ی ئاب )، لا پەڕەی دوو**

**بارەگای حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاری ئێران لە سلێمانی – عیراق داخرا**

**هەواڵنێری کیهان لە شاری سنەوە**

**هێزەکانی یەکیتی نیشتمانی کوردستان لە سلێمانی بارەگای حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاریان لە کوردستان داخست.**
**لە کاتی دەرکردنی ئەم حیزبە لە ناوچەی سلێمانی، کە بووە هۆی دەرگیری نێوان هەردوو لا و ١٠ رۆژ درێژەی کێشا، ١٠ کەس لە حیزبی کومۆنیستی کرێکاری ئێران کوژران و ١٠ کەسی تریش بریندار بوون.**
**بەپێی سەرچاوەی هەواڵەکان لەم کێشمەکێشەدا ئەندامێکی ئیحتیاتی کۆمیتە ناوەندی ئەم حیزبەش کوژراوە. هەروەها هەواڵنێرمان رایگەیاند کە: رابەری ئەم حیزبە بە ناوی مستعاری "منصور حکمت"ەوەیە یەکێکە لە قوتابییەکانی زایۆنیستێکی ناسراوی ئینگلیزییە وە سەرچاوەی مالی ئەم حیزبە لەلایەن ئەم زایۆنیستەوە دابین دەکرێ.**
**هەروەها ووتی: سوپاس گەرم و پێزانینی دەولەتی ئێران لەم هەنگاوەی تالەبانی لە کاتی دیدارێکی ئەم دواییانەی هەیئەتێکی حیزبی سۆشیالیستی کوردستان بە سەرۆکایەتی محمد حاجی محمود، لەگەل رەمەزان زادە سەرۆکی پارێزگای کوردستان پێیان ڕاگەیاندرا.**

# پاشکۆی ژمارە ٣

**راگەیاندنی رۆژنامەگەری ١** ٢٠٠٠\٧\١٥

## لە ستادی سەرپەرشتی کەمپینی دەرەوەی وولاتی
## حزبی کومونیستی کریکاری عیراق دژ بەتاوان وهیرشەکانی یەکیتی نیشتمانی

رۆژی ١٤و٢٠٠٠\٧\١٥ بۆ ریسواکردن و وەلامدانەوە بە دەست دریژی وتاوانەکانی یەکیتی نیشتمانی کوردستان بەرامبەر بەحزبمان لەشاری سلیمانی ئەنجامیدا، ریکخراوەکانی حزبی کومونیستی کریکاری عیراق بە هاوکاری حزبی کومونیستی کریکاری ئیران لەوولاتانی ئەوروپا وکندا وئوسترالیا دەستیان دایە کەمپەینیکی سیاسی وئاکسیۆنی فراوان. کە ئەمە هەوالەکانیتی:

### بەریتانیا

رۆژی ١٤\٧ \٢٠٠٠ سەعات ١یپاش نیوەرۆیبەبەشداری ژمارەیەکی زۆر لەئەندامان ولایەنگرانی هەردووحزبی کومونیستی کریکاری عیراق وئیران ئاکسیۆنیکی نارەزایەتی لەبەردەم بارەگای ی.ن.ك لەشاری لندن بەریخرا ،وەفدیکی حزب چوە ناو مقەرەکەوە بۆگەیاندنی پەیامی نارەزایەتیحزب بەمەسئولینی یەکیتی، بەلام فواد معصوم ئەندامی مەکتەبی سیاسی یەکیتی دەرگای لەسەر خۆی داخست ووەفدەکە پەیامی تورەیی ونارەزایەتی حزبیان بەدەنگی بەرز بەگوی هەمووکاربەدەستانیان گەیاند وئاکسیۆنەکە سەعاتیکی خایاند.

رۆژی ٢٠٠٠\٧\١٥ لە سەعات ١١تاد١٢ پیش نیوەرۆ ژمارەیەکی زۆر لەئەندامانی هەردوو حزبی کومونیستی کریکاری عیراق وئیران ودۆست ولایەنگرانی حزب روویان کردە مقری یەکیتی نیشتمانی لەلندن ودارودیواری مقەریان بەنوسینی گەورەو تراکتی (ی.ن.ك تاوانکارانی کوشتنی ئازادیخوازانن لەکوردستان، دەستی خویناوی یەکیتی نیشتمانی لەنیو دەستی جمهوری ئیسلامیدایە،...) گرت .وەخەلکی دەوروبەری مقەرەکە لەتاوانکاریەکانی ی.ن.ك ئاگادارکرانەوە.
سەعات ٢تاچوار لە مەکەزی شاری لەندەندا (تراڤلگار سکویر) لەشوینی نارەزایەتی عیراقیەکان، بەیاننامە کانی حزب سەبارەت بەم رووداوانە بەزمانی عەرەبی وئینگلیزی بلاوکرایەوە ولەگەل بەشداربوانی نارەزایەتیەکەدا هەلویستی مەحکوم کردنی خۆیان دژبەو تاوانانەی ی.ن.ك دەربری.
سەعات ٣ی دوانیوەرۆشدا هاوریيان پرشنگ احمد وسوسن سليم بەشداری کۆریکیان لەسەر ژنانی جەزائیری کرد وەتیایدا قسەوباسیان کرد وبەیاننامەوراگەیاندنەکانیان بلاوکردەوە.
سەرلەئیوارەی هەمان رۆژ فواد معصوم کەیەکیکە لەسەرانی یەکیتی کەدەستیان سورە بەخوینی کومونیستەکان وئازادیخوازانی کوردستان روبەروی رق وبیزاری خەلکی ئازادیخواز بوەوە وکە تیر قسەی پیدەلین وریسوای دەکەن وبەپەلە پروزی خۆی دەربازدەکا.
هەردوو رۆژی ١٤و١٥ زۆربەی کەنالە کانی راگەیاندن ئاگادار کرانەوە لە وەزعەکە وبەیاننامە و هەوالەکانی حزبیان پی راگەیەندرا ورۆژنامەی (الزمان) لەرۆژی ١٤ \٧ دا هەوالی ئاکسیۆنەکانی حزبی لەشاری سلیمانی بلاوکردەوە.هاوکات لەپەیوەندی تەلەفۆنیدا وچاوپیکەوتنی شەخسیاتی سیاسی وکۆمەلایەتی لەبەریتانیا ئیدانەی ئەوکارانەی ی.ن.ك یانکرد.

### سوید

رۆژی ٢٠٠٠\٧\١٥ سەعات ٤ پاش نیوەرو کومیتەی سویدی هەردوو حزب هەستا بەریکخسنی ئاکسیونیکی نارەزایەتی لەبەردەم مقری ی.ن.ك کەتیدا زیاتر لە ٦٠ کەس بەشداربوو . هاوریانی ئیمە چوونە حەوشەی مقەرەکەیانەوە شعاراتیان لە دژی یەکیتی لەسەر دەرگاکان نووسی .
لەدوایدا هاوری فارس محمود ئەندامی احتیاتی م.س حزب قسەوباسیکی بە زمانی عەرەبی پیشکش بە ئامادەبووان کرد ،پاشان هەلالە رافع ئەندامی کومیتەی سوید قسەوباسیکی بە زمانی کوردی پیشکەش کرد، لە کوتایدا هاوری اسد نودنیان ئەندامی کومیتەی کوردوستانی حزبی کومونیستی کریکاری ایران سخرانیەکی بە زمانی فارسی کرد.
سەرلەبەیانی ئەورۆژەش لەشاری یوتوبوری لە بازاریکدا کە مرکزی کوردو عەرەب و ایرانیە، هاوریانی کومیتەی یوتوبوری ژمارەیەکیزۆر لە بەیانیەو راگەیاندنەکانی حزبیان بەزمانی عەربی و کوردی بلاوکردوە ،هەروەها لەگەل زوریك لەخەلك قسەوباسیان کرد سەبارەت بەتاوانەکانی ی.ن.ك لە بەرانبەر حزبدا.
هەروەها لەپەیوەندی تەلەفونی دازوریك لەخەلکی ادیب و نووسەر ئاگادارکراوەتەوە کەنارەزایەتی خۆیان لەو تاوانانەی یەکیتی دەربریوە وبەیاننامەیان دەرکردوە.

## هۆلەندا

رۆژی ٢٠٠٠\٧\١٥ کۆمیتەی هۆلاند بە فەوری ئەم کارانەی ئەنجام دا,

١-پەیوەندی کردن بەزۆربەی ئەحزاب وریکخراوەکانی ناو هۆلاند وەناردنی فاکس و ئیمەیل بۆیان لە شاری ئەمستەردامەوە.

٢-پەیوەندی کردن لەگەل کەنالی ئەخباری تەلەفزیۆنی ١ی هۆلاندەوە ناردنی فاکسی کۆمیتە رابەری ونامەی هاوری ریبوار بەزمانی ئینگلیزی.

٣-ئاگادارکردنەوەی رادیۆدەنگی ئەمریکا هەروەها رادیۆی دەنگی لەندەن لەگەل گشت میدیاکانی ناو هۆلاند.

## فنلاند

راگەیاندنەکانی ریبوار احمد و کۆمیتەی دەرەوەی وولاتی حیزب بەزمانی ئینگلیزی بۆ حزب ولایەنەکانی فنلاند ناردوە .

هەروەها خۆپیشاندانێك ریکخرا لە مەرکەزی شاری هلسنکیدا لە سەعات ٤-٥ ی ئیوارە بەبەشداری هاورییان و لانگرانی هەردوو حیزبی کۆمۆنیستی کریکاری عیراقی و ئیرانی. لەم خۆپیشاندانەدا هاورییان شیعاریان هەلگرتبو کە بەزمانەکانی فنلاندی و کوردی نووسرابوو، هەروەها ژمارەیەکی بەرچاو لە هەردوو راگەیاندنەکان بلاوکرایەوە.

## ئوستراليا

دوابەدوای ئاگادارکردنەوەی حزب وریکخراوەکانی ئوستراليا لە تاوان ودەست دریژیەکانی ی.ن.ك بۆسەرحزبمان، رۆژی ٧\١٥حزبی سوسیال دیموکراتی ئوستراليا لەلایەن سکرتیرەکەیەوە(جون پیرسی) نامەیەکی نارەزایەتی توندی ئاراستەی ی.ن .ك کردوداوای ناسین وسزادانی مجرمانی ئەم تاوانانە دەکاو پشتیوانی لە ئازادی هەلسورانی سیاسی حزبیکومونیستیکریکاریعیراق دەکا.

هەروەها رۆژی ٧\١٥ دارا محمد سکرتیری کۆمیتەی ئوستراليا چاوپیکەوتنیکی لەگەل رادیۆی SBSیسەراسری ئوسالیا کرد .

هەمان رۆژ هاورییانی حزب بەشداری ئاکسیۆنیکیان کرد لەشاریسدنی کرد وتیایدا شەمال علی ئەندامی کۆمیتەی ئوستراليا سەبارەت بە تاوانەکانی ی.ن.ك دوا .

ئیمە لە باقی هەوالەکانی ترلە وولاتانی کنداو شوینەکانی تر لە زوترین کاتدا ئاگادارتان دەکەینەوە وئەم کەمپینانەی حزبی کومونیستی کریکاری عیراق لەدەرەوە دریژەی دەبیّ وداوا لەهەموو خەلکی ئازادیخواز ودژ بەسەرکوت وتاوانکاری ی.ن.ك دەکەین کەپشتیوانی خۆیان لەم حەرەکەتانە دەربرن تاکو دەنگی ئازادی لەکوردستاندا هەر بەرزرابگیریت .

# پاشكۆی ژماره ٤

Worker Communist Party of Iraq-Organization

**حیزبی كومونیستی كریكاری عیراق- ریكخراوی دەرەوەی وولات**

**راگەیاندنی روژنامەگەری** **٢٠٠٠/٨/٥**

**سەبارەت بە: بەردەوام بوونی یەكیتی نیشتمانی كوردستان لە سەر هیرشە ملهورەكانی وئاكامەكانی بوسەر ژنانی كوردستان.**

**بە دوای پەلامارە چەكداری یەكەی یەكیتی نیشتمانی كوردستان بو سەر" سەنتەری پاریزگاری ژنان لە كوردستان " لە روژی ٧/٢١ لە شاری سلیمانیو داخستنی ئەم ریكخراوەیە، روژ بە روژ ئاكامە ترسناك و خەتەرناكەكانی ئەم ملهوری وپیشیلكاری‌یانەی یەكیتی زیاتربە سەر جەماوەری نارازی و ژنانی كوردستاندا دەردەكەویت. دواین هەوالەكان لەپەیوەند بە تیرورو هەرشەی تیروركردنەوە دژ بە ژنان كە بەدوای داخستنی بنكەی سەنتەری پاریزگاری ژنانو ریكخراوی سەربەخۆی ئافرەتاندا روویان لە پەرەسەندن كردوە، بەم شیویەی لای خورەوەیە:**

١- عوسمانی مەلا صالح كە پێشووتر پەیوەندی خۆشەویستی لەگەل كچێكدا دەبیّ، دوای ئەوەی كچەكە داوای جیابوونەوەی لیّ ئەكات عوسمان چەند جار هەرەشەی كوشتنی لیّ دەكات و هەرەشەش لە باوكی كچەكە دەكات بەلام حیزب لەسەرەتاوە تەدەخولی كردوە و عوسمانی ناچار كردوە بە دانی تعهد كە دەست لەم كارە هەلگریّ. دوای داخستنی مقەرەكانی حیزب و سەنتەر ئەم كەسە لە روژی ٧/٢٢دا چوەتە شوێنی كاری كچەكە بەدەمانچە تەقەی لیّ دەكات و برینداری دەكات، ودەلیت سەنتەر و مقەرەكانی حزب نەماوە محاسەبەم بكەن. كچەكە سستەرە لە یەكێك لە خەستەخانە ئەهلێیەكانی سلێمانی.

٢- شەوی ٣٠/٣١-٧نسرین عزیز رشید بەدەستی براكەی لەگەرەكی زەرگەتەی شاری سلیمانی تیرور دەكریت. شایانی باسە ئەم ژنە لە دەمیكەوە هەرەشەی كوشتندایەو ماوەی شەش مانگ لە سەنتەر پاریزراوە.

٣- ئەو ژنانەی كە لەسەنتەر پاریزراوبون وژمارەیان ١٢ ژن و ٥ مندالّ بون لەلایەن یەكیتی‌یەوە براونو چارەنوسیان نادیارە، بە پیّی هەوال یەكیتی نیشتمانی كوردستان دەیەویّ لە ریگای صلحی عەشایریەوە تەسلیم بە كەس وكاری خۆیانی بكاتەوە، ئەمەش هەموویان دەخاتە بەردەم مەترسی كوشتنەوە.

٤- بەسوزعبداللە كە یەكیكە لەو ١٢ ژنە روژانە لەلایەن براكەیەوە داوادەكریتەوە، ولەحالەتی وەرگرتنەوەی دا راستەوخو لە بەردەم مەترسی تیروردا دەبیت.

یەكیتی یشتمانی كوردستان وشەخسی جلال تالەبانی لیپرسراوی یەكەمن لە بەرامبەر ئەم تاوانانەدا.

بەم بونەوە داوا لە هەموو ریكخراوەكانی ژنان و تەواوی ریكخراوە نیونەتەوەیی‌یەكانی لایەنگر لە مافی ئینسان و ئازادیخوازان دەكەین، كە دەنگی نارەزایەتی بەرامبەر ئەم تاوانانەی یەكیتی نیشتمانی كوردستان هەلبرنو خیرایی ئیقدام بكەن بۆ فریاكەوتنی گیانی ئەو ژنانەو رزگار كردنیان لە مەترسی مەرگ، هەروەها فشار بخریتە سەر یەكیتیو ناچار بكریت كە دەست لە ماهوری هەلگریّو ریگا بدات بە كردنەوە مقەرەكانیحزب و سەنتەری پاریزگاری لە ژنان كوردستان، بو ئەوەی ژنانی كوردستان حورمەت و كەرامەتی ئینسانیان پاریزراوبیت.

**سكرتاریەتی رێكخراوی دەرەوەی وولاتی حیزب**

# پاشکۆی ژمارە ٥

**Worker Communist Party of Iraq- Abroad Organization**
**حیزبی کومونیستی کریکاری عیراق- ریکخراوی دەرەوە**

**راگەیاندنی روژنامەگەری "٣"** ٢٠٠٠/٨/١٤

**سەبارەت بە: بەردەوامی نارەزایەتیەکان دژ بە یەکیتی نیشتمانی کوردستان!**

نارەزاتیەکان دژ بە یەکیتی نیشتمانی کوردستان لە کوردستانیعیراق و دەروەی وولات بە توندی دریژەی هەیە، بەتایبەت دوای بلاوبونەوەی تقدیرو سوپاسنامەی جمهوری ئیسلامی ئیران بو جلال تالەبانی کە لە رونامەی کیهان دا بلاوبوتەوە، و دەرکەوتنی ناوەروکی راستەقینەی سیاسەتەکانی جلال تالەبانی و داوردەستەکەی بو خەلکی کوردستان وئازادیخوازانی دنیا.
لە راگەیاندنی ژمارە "١"دا لیستی نارەزایەتی ٣٠ لایەن وشەخسیەتی ناسراومان بلاوکردەوە .

١- کەسایەتی‌یەکان :

ستان نویسن ئەندام پەرلەمانی بەریتانیاو ئەوروپای یەکگرتوو/ ئیمزاکردنە نامەی نارەزایەتی لەلایەن تونی‌بین ئەندام پەرلەمانی بەریتانیا/ نامەی نارەزایەتی هاوبەشی روشنبیرانی شاری سلیمانی " ریبین هەردی/ شوان محمد / ئاری بابان/ یاسین قادرسعید / غریب شریف مجید/ عەلا هاشم فتاح/ ئاکو کریم معروف/ تەها وەهاب محمد/ دلاوەر فەرەداغی/ عەبدوللا ئەحمەد/ فەریدون پینجیونی/ رەووف بیگەرد/ ئازاد بەرزنجی/ شاهو سەعید/ مجید فرج/ سالار مجید/ عبدالقادر سەرچناری / ئاوات حسن ئەمین/ محمد فتاح/ ئارام جمال صابر/ سالار حمە علی مستەفا/ هیوا قادر/ ئاوات محمد/ سیامند عومەر / هانا شوان/ کورال توفیق/ هاوژین مەنمی/ شازین هیرش/ رامیار محمود/ کمال رووف/ پولا ئەحمەد/ شوان ئەحمەد/ سەلام مارف/ ئارام حمە علی/ حسن محمد احمد/ ئاسوس هەردی/ کوژین ئەحمەد/ نەوزاد حارس/ ئارام سەعید/ نەوروز صدیق شاوەیس/ "، نامەی نارەزایەتی هاوبەشی نوسەران و شاعیران وهونەرمەندان لە سویسرا "ڤجمال کوشش سکرتیری پیشووی مەلبەندی ئەدەبو هونەری کریکاری/ جوتیار رانیەیی/ عیزەت هیرانی سکرتیری نوسینی روژنامەی ئەمرو / سالار رەشید/ ئالا ئەحمەد/ رزگارمحمودمحمد/ کازم جواد/ شوان علی/ سیروسی کسرائییان/ کاردو سەرباز/ مەزن عەتا/ ئاسوبابان/ شاسو علی/ هیوا ناصح/ عبداللە جندی/ روشید قادر/ جزا حمە علی/ گوران عوسمان/ کاروان عومەر/ سامدار کاکەیی/ ئارام داود/ ستاری پەیکەر تاش/ نەبەز سلیم/ ئازاد کریم/" ، پشکو نەجمەدین/ خالید دلیر/ د. کامەران ئازاد/ بە ختیار مستەفا/ ئەمجەد شاکەلی/ هومەر نوری/ ئیبراهیم کاکە حمە/ هەریم جاف/ دەشتی جمال/ زینب رحیم/ پیتەر پلیتز و ئولریکە لوناچك بەرپرسانی نیونەتەوەیی حزبی سەوز لە نەمسا/

- ئەحزاب ولایەن وروژنامەکان:

ناوەندی هاوبەشی ریکخراوەکانی ژنان(یەکیتی ئافرەتانی زەحمەتکیش، یەکیتی خانمانی سەربەخوی کوردستان، کومەلەی ئافرەتانی کوردستان، ریکخراوی سەربەخوی ئافرەتان، یەکیتی ژنانی کوردستان، یەکیتی ئافرەتانی سوشیالست)، حیزبی شیوعی کوردستان( لیژنەی بەریتانیا) /گوڤاری دالیان / گوڤاری ژیلەمو/ گوڤاری گاوریاغی/ بلاوکراوەی روانین / ریکخراوەی جیهانی دژی ئەشکەنجە/ یەکیتی فدائییانی کومونیست/ کومیتەی پاریزگاری لە بزوتنەوە/ یەکیتی نوسەران و تویژەرەوانی عیراقی لە سوید/ حزبی چەپی فنلندی/ ریکخراوی هاوپشتی ژنانی نەمساوی/

- چاوپیکەوتن لە گەل دەزگاکانی راگەیاندن دا:

نوری بشیر(رادیویی کوردی ئەمەریکا)/ اسو کمال (تلفزیونی مید تی ڤی)/ ریبوار احمد (رادیوی ئەنتەرناشیونالی سەراسەری، رادیۆی زریباری ستکهۆلم، رادیوۆی انترناسیونالی مالمۆ، رادیۆی هاوپشتی یتۆبوری)/ سوسن سلیم (رادیوی شەبەنگ)/ جمال محسن (تەلەفزیونی حزبی شیوعی کوردستان)/ ریبوار ئەحمەد (روژنامەی ئاربیتەنی سویدی)/ ریگا رووف (روژنامەی ئاربیتەنی سویدی) / کامیل ئەحمەد (روژنامەی گلاسا کامپنی نەرویجی)/ ئالا فرج ( رادیویی هاوپشتی)/ ریبورا عارف (روژنامەی ئامو لاهتی فنلندی)/ سامان کریم (رادیوی شەبەنگ)،/ سامان کریم (رادیویی هاوپشتی)/ ریبوار ئەحمەد (رادیویی زریبا)/ رحمان حسین زادە (رادیویی دەنگی ئیران)/ رحمان حسین زادە (ئەنتەرناشیونال)/عبداللە صالح (بلاوکراوەی پەیام)

_ سەردانی رابەرایەتی و کادرانیحیزب :

حزبی چەپی فنلندی/ حزبی سوشیال دیمکراتی فنلندی/ حزبی چەپی سویدی/ روژنامەی داگنیز نییتەری سویدی/ روژنامەی ئیکسبریسن/ روژنامەی ئاربیتەن/ میدیکال فاوندیشن لە بەریتانیا/ دیدار لە گەل جیرمی کوبن/ کومیسیونیاوروپا لە بروکسل/ حزبی کومونیستی تورکیا/ روژنامەی ئیڤرنسالی تورکیا/ سەندیکای دیف مەعدەن سەن/ حزبی زەحمەتکیشانیتورکیا/ کومیساری بالای کاروباری پەنابەری نەتەوە یەکگرتوەکان لە ئەنقەرە/
شایانی باسە تەواوی ئەم حزب و لایەنانە نارەزایەتی خویان نیشاندا بەرامبەر بەم تاوان وپیشیلکاریانەی یەکیتی نیشتمانی کوردستان.

– خوپیشاندانی ریکخراوی بەریتانیای حزبی کومونیستی کریکاری عیراق لە بەردەم کومیسیونی ئەوروپای یەکگرتوودا، نوینەرانیحیزب" اسو کمال ، نادیە محمود، دەشتی جمال " چاویان کەوت بە "ولیم سیلیت" نوینەری کومیسیون لە لندن.وبەلینی داکە داواو خواستەکانیان بگەیەنیت بە بروکسل وخوشی وتەیەکی بوئامادەبوان خویندەوە.

هەر لیرەوە داوا لە تەواوی ئینسانە پیشکەوتوخوازو ئازادیخوازو سکولارو، لایەن وئەحزابەکان دەکەین کە دەنگی خویان بخەنە پال لیستی نارەزایەتی ئەم کەسایەتیوحیزب و لایەنانە دژ بە تاوان وپیشلکارییەکانی یەکیتی نیشتمانی کوردستان، لە تیروکردن وزیندانی کردنی کومونیستەکان وداخستنی مقەرەکان وداخستنی سەنتەری پاریزگاری لەژنانی کوردستان و ریکخراوەی سەربەخوی ئافرەتان وسەرجەم ریکخراوە جەماوەرییەکان.
لیرەدا رایدەگەیەنین، کە روژی ٢٠٠٠/٨/١٨ لە وولاتانی ئەوروپاو استرالیا وکندا خوپیشاندانی سەراسەریمان دەبیت دژ بە یەکیتی نیشتمانی کورردستان لە بەردەم ئەحزابی سوشیال دیمکرات و مەکتەبەکانی کومیساری نەتەوەیەکگرتوەکان و....داوا لە هەموو لایەین وئینسانیکی ئازادیخواز دەکەین کە هاوبەشی بکات لەم خوپیشاندانەدا.

**سکرتاریەتی ریکخراوەی دەرەوە**

# پاشکۆی ژمارە ٦

## Worker Communist Party of Iraq-Organization Abroad
## حزبی کومونیستی کریکاری عیراق- ریکخراوی د ەرەوە

**راگەیاندنی روژنامەگەری "٤ "** ٢٠٠٠/٨/١٩

**سەبارەت بە/ بەردەوامی نارەزایەتی‌یەکان دژ بە یەکیتی نیشتمانی کوردستان!**

لە دریژەی هەلسورانی سیاسی حیزبی کومونیستی کریکاری عیراق لە دەرەوە، دژ بە ملهوری و سەرکوتی سیاسی یەکیتی نیشتمانی کوردستان بە داخستنی رادیوو مقەرەکانی حیزب و هەردوو مقەری ریکخراوەی سەربەخوی ئافرەتان وسەنتەری پاریزگاری لە ژنان و سەنتەری پاریزگاری لە مندالان و... نارەزایەتی ئەحزاب و لایەن و ریکخراوە نیونەتەوەیی یەکان وکەسایەتی‌یە سیاسی و روشنبیری‌یەکان و خەلکی ئازادیخواز لە دەرەوە روژ بە روژ لە پەرەسەندن دایە بەتایبەت دوای بلاوبونەوەی هەوالی پەیوەندی ئەم هیرشانەی یەکیتی، بەبریاری راستەوخوی کوماری ئیسلامی ئیران وە لە رورژنامەی " کیهان" ی روژی ١ /٨/٢٠٠٠دا کە لە تاران دەردەچی.

- <u>خوپیشاندانەکانی روژی ٨/١٨:</u> لە وولاتانی سویدو فنلنداو ئەلمانیاو استرالیا خوپیشاندانی ریکخراوەکانی حیزب و خەلکی ئازادیخواز بەدەوری ئەم داواکاری‌یانەدا ، ریك خرا: ١- زەخت کردنە سەر یەکیتی نیشتمانی بو کردنەوەی مقەرات وئیزگەی حزبی کومونیستی کریکاری عیراق، ٢- کردنەوەی مقەرەکانی ریکخراوی سەربەخوی ئافرەتان وسەنتەری ژنان، ٣- ئازاد کردنی زیندانی‌یە سیاسی‌یەکان، و بەدیاریکراویش ناوی ( صادق نکبین) ئاماژەی بوکرا.

١- وولاتی سوید: خوپیشاندانی هەردوو ریکخراوی سویدی حیزبی کومونیسی کریکاری عیراق وئیران لە بە رانبەر مقەری گشتی حزبی سوشیال دیموکراتی سویدی دا لە ستوکهولم، نوینەرانی حیزب بەلگە ونوسراوەکانی حیزب و نوسخەیەك لە وهەوالەی کە لە روژنامەی " کیهان " دا بلاوبوتەوە، دایە دەست لیپرسراوانی ئەو حیزبە، لەم خوپیشان دانەداجگە لە ئەندامان ولایەنگرانی حیزب ژمارەیەك لە کەسانی پیشکەوتوخواز وئینسان دوست بە شداریان تیداکرد.

٢- وولاتی فنلندا :خوپیشاندانی هەردوو ریکخراوی حیزبی کومونیستی کریکاری عیراق و ئیران لە بەرانبەر مقەری گشتی سوشیال دیمکراتەکانی فنلندا لە شاری هلسنکی. نوینەرانی حیزب ( جمال صالح، اسماعیل وەیسی، ریبوار عارف سکرتیری فیدراسیونی گشتی پەنابەرانی عیراق)، چاویان کەوت بە لیپرسراوی پەیوەندی نیونەتەوەیی حیزبی ناوبرا Tero Shemeikka، کە ویرای خستنە بەردەستی بەلگەو نوسینەکان و نوسخەیەك لە هەوالەکەی بلاوکراوەی کیهان ، باسیکی هەمەلایەنەیان کردبوو لە پەیوەند بە هیرش و ملهوری‌یەکانی یەکیتی نیشتمانی‌یەوەو، لیپرسراوی سوشیال دیمکراتەکان نیگەرانی حیزبی خوی دەربریبوو لەو هیرش وتاوانانە. شایانی باسە کە ریبوار احمد سکرتیری کومیتەی مەرکەزی حیزب لە ریزی پیشەوەی خوپیشان دەراندا بوو کە جگە لە ئەندامان و دوستانی حیزب ژمارەیەك لە خەلکی ئازادیخواز بەشداری ئەم خوپیشاندانەی کرد، کە لافتەو تراکتی جوراوجوریان لە پەیوەند بە پیشیلکاری‌یەکانی یەکیتی‌یەوە بەرز کردبووەوە.

٣- وولاتی ئەلمانیا: لەشاری کولن ئەندامان ودوستان و خەلکی ئازادیخواز بە شداری خوپیشاندانی دژی ملهوری‌یەکانی یەکیتی نیشتمانی کوردستانیان کرد لە بەرانبەر مقەری سوشیال دیمکراتی ئەم شارەدا، نوینەرانی حیزب (صالح سەرداری، ئاری ئەحمەد، صالح گەویلی) چاویان کەوت بە لیپرسراوی حیزبی ناوبراو. سەرەرای خستنە بەردەستی بەلگەو نوسینەکانی حیزب و وینەیەك لە هەوالی نیو روژنامەی کیهان درایە دەستیان. شایانی باسە، کە لیپرسراوی حزبی سوشیال دیمکرات رایگەیاند کە روژی دووشەممەی داهاتوو وەلامی رەسمی سەرکردایەتی حزبەکەیان بە داوای خوپیشاندەران دەداتەوە.

٤- وولاتی استرالیا: ریکخراوی حیزب لە شاری سدنی بە هاوبەشی کەسانی ئازادیخواز، خوپیشاندانیکیان ریکخست لەبەردەم پەرلەمانی استرالیادا، نوینەری حیزب (شمال علی) ونوینەری ریکخراوی سەربەخو (لیلی محمد) و لیپرسراوی فیدراسیون لە استرالیا (زینب رحیم) چاویان کەوت لە لیپرسراویکی پەرلەمان، سەرەرای خستنە بەردەستی نوسین وبەلگەکانی حیزب دژ بە یەکیتی نیشتمانی، یاداشتنامەیەکی نارەزایەتیان بە ئیمزای ١٨٠ کەس دایە دەست ئەو لیپرسراوە. خوپیشان دەران لافتەو تراکت و شیعاراتی جوراوجوریان بەرزکردبووەوە دژ بە پیشیلکاری وتاوانەکانی یەکیتی نیشتمانی.

- <u>**سەردان وچاوپیکەوتنەکان:**</u> ریبوار عارف روژنامەی فنلندی (Kotima و Suomimaa ) ریبورا عارف روژنامەی سویدی Hufvudstadsbladet،
- <u>نامەی نارەزایەتی ئەحزاب و لایەنەکان:</u> نامەی نارەزایەتی ئەم حیزب و لایەنانە ئاراستەی جلال تالەبانی کراوە.

ئاکمسیونی مەسیحی دژی تەعزیب لە سویسرا (ACAT)، حزبی کاری نوی‌ی سویسری (Neuepda)، ئەمنستی ئەنتەرناسیونال لەروژی ٨/١٦دا بەلگەیەکی نارەزایەتی دژ بەیەکتی بلاوکردەوە وئاراستەی حیزب و لایەنە نیو نەتەوەیی یەکانی جیهان کراوە، ودەست بەجی داوای ئازادگردنی صادق نیکبین دەکات کە ترسی تەسلیم کردنەوەی هەیە بە کوماری ئیسلامی ئیران لە لایەن یەکیتی نیشتمانی‌یەوە،.

- <u>سەردان ودیدارەکان:</u>

حزبی چەپی سویدی لەگەل سکرتیری نیونەتەوەیی حزبدا Hans Arvidson لە لایەن سامان کریم وشنە احمدەوە روژی ٨/١٦/، ئەمنستی ئەنتەرناشیونال لە هولندا لەگەل Scharel Schoenmaker لەلایەن ریناس عارف وە روژی ٨/١٨/، سوشیال دیمکراتی سوید لە یوتوبوری لەگەل Per Svensson لە لایەن ( بەکر ئەحمەد، رعد سلیم، ساردین) وە لەروژی ٨/١٧ دا/ کوری خسرو سایە ئەندامی مەکتەبی سیاسی حککع لە لندن لە پەیوەند بە هیرشەکانی یەکیتی‌یەوە./ سەردانی وفدیکی کۆنگرەی نەتەوەیی کوردستان بەسەرۆکایەتی رەمزی قرتال لە بریتانیا وەلەلایەن خسرو سایە و ئاسۆ کەمالەوە پیشوازیان لیّ کرا. ٨/١٤ سەردانی وەفدی حیزب کە پیکهاتبوون لە ئاسۆ کمال و دەشتی جمال سەردانی الاتحاد الدیمقراگیین العراقیین یان کرد کە لەلایەن سکرتیری الاتحاد فاروق رچاعە ئەندامی مەکتەبی سەرکردایەتی‌یەوە پیشوازی کران / سەردانی حسین عقراوە لە لندن لە ئەمنستی ئەنترناشنال و میدل ئست ویچ/ لە ٨/١٥دا وەفدی حیزب کە پیکهاتبوون لە خسرو سایە و ئاسۆ کەمال و دەشتی جمال سەردانی کۆنگرەی نیشتمانی کوردستانیان کرد و لەلایەن جواد ملا سکرتیری کۆنگرەکە پیشوازیان لیّ کرا./ لە ٨/١٥دا هەمان وەفد چاویان بە دکتۆر محمود عوسمان کەوت.

**سکرتاریەتی ریکخراوی دەرەوەی وولاتی حیزبی کۆمۆنیستی کریکاری عیراق**

# پاشکۆی ژمارە ٧

## Worker Communist Party of Iraq- Organization Abroad

## حیزبی کومونیستی کریکاری عیراق- ریکخراوی دەرەوە

**راگەیاندنی روژنامەگەری ( ٥ )** ٢٠٠٠/٩/٥

**سەبارەت بە : بەردەوامی نارەزایەتی‌یەکان دژ بە یەکیتی نیشتمانی کوردستان**

نارەزایەتی‌یەکان لە دژی یەکیتی نیشتمانی کوردستان، بەردەوامە، ئەحزابی سیاسی و ریکخراوەو دەزگا نیونەتەوەیی‌یەکان وریکخراوەکانی مافی مروڤ ن ورەنگدانەوەی لە میدیاکانی جیهانی دا ، وخوپیشاندان ونامە نارەزایەتی‌یەکان و... کە روژانە ریسوابونی زیاتری یەکیتی نیشتمانی نیشاندەدەن. دواین نارەزایەتی‌یەکان بەم شیوەیەی لای خوارەوەیە.

- نامە نارەزایەتی‌یەکان: نامەکان هەمووی ئاراستەی جلال تالەبانی کراون، بە ناونیشانەکانی لندن وواشنتون.

یەکیتی گشتی نقابە کریکاری‌یەکانی سویسرا SGB بە ئیمزای (Dr. Paul Rechsteiner) سەروکی گشتی یەکیتی‌یەکەو ئەندامی پەرلەمانی سویسرا بە بەرواری ٢٠٠٠/٨/٢٩/ ریکخراوی چەپی سویسری لەشاری بازل Infoladen Sowleso بە بەرواری ٢٠٠٠/٨/٢٧ / ریکخراوی ئیئتلافی چەپ لەشاری بازل بەبەرواری ٢٠٠٠/٨/٢٧ بەناوی Hirscheneek BelzenKollektive / ئەمنستی ئەنتەرناسیونال URGENT ACTION ژمارە ٤ی سەبارەت بەم هیرشانەی یەکیتی لەروژی ٢٠٠٠/٨/٣١دا بلاوکردەوە تایبەت بە زیندانی کردنی کادران وهەلسورانی حیزب/ ریکخراوی چەپی سویسری لەشاری لوزیرن لە روژی ٢٠٠٠/٨/٢٧دا بەناوی Infoladen Romp بە ئیمزای S.Plattner / کومەلەی خەلکی موهەدەدی سویسری لە بیرنSociety for threatened peoples بەبەرواری ٢٠٠٠/٨/٢٩ / ئیئتلافی روژی جیهانی ژنان لە استرالیا International Women’s Day Collective بەبەرواری ٢٠٠٠/٨/٢٢ بەئیمزاری Susan Price سکرتیری ریکخراوەکە لە سدنی/ پارتی سوشیال دیمکراتی استرالی لە روژی ٢٠٠٠/٨/٨ بە ئیمزای Lisa Macdonald . ئیمزای نارەزایەتی ئەم ریکخراوانەش رەوانەی مەکتەبی یەکیتی کراوە لەلندن لە روژی ٢٠٠٠/٨/٣١دا، و زوربەی ئەم ریکخراوانە لە لندن دا چالاکی دەکەن "( campaign aginst racism and fascism (Nana Odio) / / National Assembly against racism (Liza) / Worker International (Dot) / The committee of refugees from turkey (Llhen ) / South work day center (E.G) / Iournalist middle east (N. Asos)/CARF(Aurn) / Federation of Iraqi refugees-Conventry (H. Lokman)/ federation of Iranian refugees (B. Soroush)/IFIR-Britain (D. Jamal)/National civil rights movement (N. horum) / N.C.R.M (H. Mohamaed) / B.C.R.M (S.D) / S.D.C (Esegul.G. Sterhen)-----)

- سەردانی لیپرسراوانی حیزب وکەمپینی دیفاع لەمافەکانی ژنانی عیراق:

ریزان نادر ولیلی محمد سەردانی ( فیکی بورن ) یان کرد لە شاری سدنی لە روژی ٢٠٠٠/٨/٢٤ناوبراو ئەندامی پەرلەمان وحزبی دیمکراتی استرالیایە/ ریزان نادر و لیلی محمد سەردانی Petter سکرتیری حیزبی شیوعی استرالیان کرد لەروژی ٢٠٠٠/٨/٢٤ دا / حسین عقراوی سەردانی ریکخراوی ئەمنستی ئەنتەر ناسیونالی کرد مقەری رەئیسی لەشاری لندن لە بەریتانیا لە روژی ٢٠٠٠/٨/٣١ دا /

- سیمیناری لیپرسراوانی حیزب :

لیلی محمد ئەندامی کومیتەی استرالیا، لە زانکوی سدنی لە استرالیا لە روژی ٢٠٠٠/٨/٢٤دا بە کومەك ریکخستنی یەکیتی قوتابیانی زانکوی سدنی کوریکی بەست لە پەیوەند بە هیرشەکانی یەکیتی‌نیشتمانی بوسەر یکخراوی سەربەخوی ئافرەتان و سەنتەری پاریزگاری لەژنان وسەنتەری مندالان ..

- **رەنگدانەوەی نارەزایەتی یەکانی حیزب و پیشیلکاری‌یەکانی یەکیتی نیشتمانی لە ئیعلامـــدا:**

روژنامەی الشرق الأوسط/ روژنامەی ألاخبار العربیة الکندیة/ روژنامەی البیرق الأسترالیة/ روژنامەی السفیر اللبناني/ روژنامەی المستقبل / روژنامەی الزمان اللندنیة / ... شایانی باسە ئەم روژنامانە بە شیوەی جوراوجور هەواله کانیان بلاوکردوتەوە و شەبەکەی اخباری "یونایتد پریس" بە دەوری خوی هەوالەکانی بەشیوەیەکی فراوان بلاوکردوتەوە...

- خوپـــیـــشاندان:

روژی ٢٠٠٠/٨/٣٠ هەردوو ریکخراوی حیزبی کومونیستی کریکاری عیراق و ئیران لە وولاتی سوید خوپیشاندانیکی نارەزایەتی‌یان لەبەردەم مقەری UN دا لەشار ستوکهولم ریکخست لە دژی پەلامارەکانی ئەم دوایی‌یەی یەکیتی نیشتمانی بوسە رکادرو هەلسوراوانی حبزب لەشاری سلیمانی وناوچەکانی تردا، نوینەرانی حیزب (نوری گریم، هەلاّلە رافع، ئەسەدی نودینیان) چاویان بە لیپرسراوی UN کەوت وداواکاری‌یەکانیان خستە بەردەست، پا شان خوپیشاندەران بەرەو مەکتەبی ئەمنستی ئەنتەرناسیونال بەریکەوتن ولەویش چاویان بە نوینەری ئەمنستی کەوت و داواکاری‌یەکانی‌یان تسلیم کرد.

**سکرتاریەتی ریکخراوی دەرەوە**